
خەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5744) سێ شەممە 7ی ئایار2019 «16» لاپەڕە «500» دینار



نێچیرڤان بارزانی و کونسوڵی نوێی ئیمارات کۆدەبنەوە




سبەی پەرلەمان بۆ دەنگدان لەسەر یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم کۆدەبێتەوە

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، سبەی چوارشەمە پەرلەمان بۆ دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم کۆدەبێتەوە. ئەندامی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، زانا خالید رایگەیاند: بڕیارە دانیشتنی رۆژی چوارشەمەی پەرلەمانی کوردستان تایبەت بێت بە دەنگدان لەسەر پرۆژە یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم.

ئومێد خۆشناو بۆ رۆژنامەی خەبات:

هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی هەرێم لەناو پەرلەمان دەکرێت



خەبات: تریفە نازاد

ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: دوای ئەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم کارا دەکرێتەوە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستپێدەکات و ئێمەش وەک فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاوێ کاندیدی خۆمان پێشکەش دەکەین، هەروەها ئومێد خۆشناو.



ئەمەریکا بە کەشتی فڕۆکەهەڵگر ئێران چاوترسێن دەکات



زانیمان یەلەگ زەردەکان کێن، بەڵام چی دەربارەی دەمامکدارە رەشپۆشەکان؟



ڕێبوار هادی بە سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق هەڵبژێردرا

چوار شاندی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکەن



ئەمشەو.. لیقەرپوول بەرابەرایەتی کلۆپ دەیەوێ ریمۆنتادایەکی تر لەسەر یاریگاکەیان تۆماربکەن

15

سوودەکانی گوێز



14

ڕێگە بۆ کابینەی نۆیەم تەخت کرا

سەلام عەبدوڵلا

ئەو دوو لایەنە سەرەکییەی کە بەبێ بوونی ئەوان لە حکوومەتدا، لاسەنگییەک لە دۆخی سیاسیدا لە هەرێم دەهاتە گۆڕێ کە کەس سوودمەند نەدەبوو لێی.

خۆشبەختانە ئەو دوو لایەنەش پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە پێکەوە خاوەنی(66) کورسی پەرلەمانین رێکەوتننامەیەکیان لەڕۆژی 2019/5/5 واژوو کرد بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەت بەمەش کۆتایی بەو دڵەڕاوکێیە هات کە ماوەیەکی زۆر دانیشتوانی هەرێمی گرتۆتەوە.

بزووتنەوەی گۆڕانیش کە خاوەن(12)کورسیە پێشتر لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان رێکەوتننامەی واژوو کردبوو، بۆیە پێکەوە ئەو (3) لایەنە دەبنە خاوەن(78)کورسی لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دا کە دەتوانن بەئاسانی هەموو بڕیار و یاسایەک لە بەرژەوەندی خەڵک، بێ گرفت، تێپەڕێنن، بەتایبەتی بۆ ئەو یاسایانەی کە ماوەی (27) ساڵە نەتوانراوە چوارچێوەیەکی بۆ دیاری بکرێ و بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە ئەویش یاسای بەنیشتمانیکردنی دامەزراوەکانی و سڕینەوەی سیفەتی حزبی لێیان وەکو یەکەی حەفتا و هەشتا کە دوو دامەزراوەی زۆر گرنگن کە بێ یەکبوونەوەی نەدەتوانرێ حکوومەتێکی بەهێز پێکبهێنرێت و نە هێزێکی تۆکمەی سەربازی کە بڕیار و فەرمان تەنیا لە وەزارەتی پێشمەرگەوە وەربگرێ. دامەزراوەیەکی دیکەی گرنگ یەکگرتنەوەی دەستگاکانی ئاسایشی هەردوو لایە کە ئێستا وەکو دوو دامەزراوەی سەربەخۆ و دوور لەیەک کار دەکەن بەمەش حکوومەتێکی لاواز و بێ توانا نمایش دەکات، چونکە ئەمانە هەریەکەیان لە ناوچەی خۆیان بالآدەستن و کاریان دەڕوات کە ئەمەش نیشانەی یەکنەگرتنەوە و دوو حکوومەت و دوو دەسەلات نیشان دەدات کە ئەمڕۆ بەزەقی بە حکوومەتی هەرێمەوە دیارە و مایەی شانازی نییە. کابینەی نوێ دوای ئەو دوو ئەرکە سەرەکییەی پێویستە هەوڵ و کاری ڕۆژانەو گورج بۆ خۆشگوزەرانی و باشبوونی باری ئابووری خەڵک و بەردەو پێشەوەچوونی دۆخی هەرێم بکات و ئەرکی چارەسەری ناوچە کێشە لەسەرەکان و ماددەی (140) لەگەڵ دەسەلاتدارانی بەغدا بخاتە ئەستۆ و ئەولەویەتی کارەکانی لە داهاتوویەکی نزیکدا.

لێرەدا جێی خۆیەتی سوپاسی ئەم گەلە خۆڕاگر و قوربانیدەرە بکەین کە لەم ماوە زۆرەدا سەبر و ئارامی نیشاندا و مۆڵەتی بە حزبەکاندا کە لە دانوستاندن بەردەوام بن و بتوانن حکوومەتێکی بەهێز و سەرکەوتوو و کابینەیەک بۆ خزمەتی خەڵک فەراهەم بکات و پەرلەمانیش هێز و کاریگەریی خۆی نیشان بدات.

بۆ ئەوەی لە ڕۆژانی ڕەمەزان هەست بە تێنوێتی نەکرێت

هەستکردن بە تێنوێتی لە مانگی ڕەمەزاندا زیاد دەکات بە تایبەت لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و درێژبوونەوەی کاتژمێرەکانی بەرۆژوو بوون، لەو بارەیەوە شارەزایانی خۆراک و تەندروستیی ژمارەیەک لە ئامۆژگاری و ڕێنمایی پێشکەشدەکەن بۆ کەمکردنەوەی هەستکردن بە تێنوێتی لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا، یەکێ لەو ڕێنمایانە خواردنی میوە و سەوزەیە لە کاتی پاشیودا بەو پێیەی ئەو خۆراکانە بڕێکی گرنگ لە ریشاڵ و ئاویان تێدایە کە ماوەیەکی زیاتر لە ریخۆڵەکاندا دەمێنەوە.

(زیاتر لە ل 14 بخوێنەوە)



مەحما خەلیل: ڕەوشی شنگال بەجۆرێک خراپبووە کەس دۆست و دوژمنی خۆی ناناسێت



گوندێک لەباکووری کوردستان

نێچیرڤان بارزانی و کونسوڵی نوێی ئیمارات کۆدەبنەوە



بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ بەڕێز ئەحمەد ئیبراهیم سەعید ئەلزاهری کونسوڵی گشتیی نوێی ئیمارات لە هەرێمی کوردستان، پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی لێ کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست، پشتگیریی دەزگاکانی حکوومەتیشی بۆ کار و چالاکییەکانی نیشان دا، هەروەها پوختەیەکی دەربارەی شەڕی داعش و هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەنابەران، پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا و دوا هەوڵەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم پێشکەش کرد.

بەڕێزیان دووپاتی کردەوە کە هەرێمی کوردستان خوازیاری پەرەپێدانی پەیوەندییەکانییەتی لەگەڵ ئیمارات لە هەموو ڕوویەکەوە بەتایبەتی کە دەرفەتی کار بۆ خاوەنکار و بزنسمان و کۆمپانیا بیانییەکان لە هەرێم هەیە و سوپاسی هاوکارییە مرۆییەکانی ئیماراتی کرد بۆ ئاوارە و پەنابەران.

لە کۆبوونەوەکەدا کە پێشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەمە 2019/5/6 بەڕێوە چوو، بەڕێز ئەلزاهری سلاو و ڕێزی سەرکردایەتیی وڵاتەکەی گەیاندە بەڕێز سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و باسی لە کار و چالاکییەکانی، بەهێزکردنی زیاتری پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئیمارات لە هەموو بوارەکاندا، پشتگیریی دامەزراوەکانی حکوومەتی هەرێم لە کار و چالاکییەکانی و هاوکارییە مرۆییەکانی وڵاتەکەی بۆ ئاوارە پەنابەران لە هەرێمی کوردستان کرد.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا جەخت لە کولتووری پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان کرایەوە هەروەک چۆن لە ئیماراتیش گرنگییەکی زۆر بەو پرەنسیپە دەدرێت.

بەبۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزان
سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان پیرۆزبایی لە موسڵمانان دەکات

بەبۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە، سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی موسڵمانانی کوردستان و عێراق و جیهان دەکات، ئەمە دەقەکەیەتی:

بسم الله الرحمن الرحيم

"شهر رمضان الذی انزل فيه القران هدى للناس وبينات من الهدى والفرقان"

بەبۆنەی هاتنەوەی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان، پیرۆزبایی گەرم ئاڕاستەی سەرجەم موسڵمانانی کوردستان و عێراق و جیهان دەکەین، لەخوای گەورە داواکارین بەهاتنی ئەو مانگە پیرۆزە خێرو خۆشی بااڵ بکێشێ بەسەر هەموو موسڵمانانی کوردستان و بیێتە مایەی ئاشتی و تەبایی نێوان گشت لایەک بۆ بەرقەرارببونی ئارامی و سەقامگیریی وڵاتەکەمان، خوای گەورە نوێژ و ڕۆژووی هەموولایەک قبوڵ بکات.

سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان
2019/5/5

سبەی پەرلەمان بۆ دەنگدان لەسەر یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم کۆدەبێتەوە

زانا مەلا خالید: کۆی هەنگاوەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم 10 بۆ 12 ڕۆژی دەوێت



پەسەندکردنی دەستوور و تەنها ئەم بڕگەیە لە بەرنامەی کاری دانیشتنەکە دەبێت و هەمان ڕۆژ پەسەند دەکرێت. زانا خالید گوتیشی: هەنگاوی پاش ئەوە دەرگای خۆپاڵاوتن بۆ کاندیدانی سەرۆکی هەرێم دەکرێتەوە و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام دەبێت، پاشان بۆ دوو ڕۆژ دواتر ناوی کاندیدان ڕادەگەیەندرێت، کۆی هەنگاوەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم 10 بۆ 12 ڕۆژی دەوێت.

دوای وەستانی کارەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم جارێکی دیکە دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ئەکتیڤ دەکرێتەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان کە خاوەنی 47 کورسییە، نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆکی پارتی و سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستانی کاندیدکردووە بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، سبەی چوارشەمە پەرلەمان بۆ دەنگدان لەسەر پڕۆژە یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم کۆدەبێتەوە.

ئەندامی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، زانا خالید ڕایگەیاند: بڕیارە دانیشتنی ڕۆژی چوارشەمەی پەرلەمانی کوردستان تایبەت بێت بە دەنگدان لەسەر پڕۆژەی یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم و شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم تا کۆتایی مانگ.

ڕێبوار هادی بە سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق هەڵبژێردرا



خەبات/ تریفە ئازاد: لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی بەست و تێیدا هەڵبژاردنی بۆ سەرۆکی لیژنە و جێگری لیژنەی یاسایی ئەنجامدا و ڕێبوار هادی، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو بە سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق، کە لە کۆی 16 دەنگ، ڕێبوار هادی توانی بە 10 ناوی لیژنەکە سەرکەوێت و ببێتە سەرۆکی لیژنەکە.

لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات، ڕێبوار هادی، سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی عێراق، گوتی: دوای چەندین کۆبوونەوە تەشکیلکردنی لیژنەی یاسایی و بڕیار درا هەڵبژارد ئەنجام بدرێت، ئێمەش وەک پارتی دیموکراتی کوردستان خۆمان پاڵاوت و توانیمان دەنگی یەکەم بەدەست بێنین، ئەوەش یەکێکە لە لیژنە سیادییەکانی نێو پەرلەمانی عێراق. هەرچەندە بەپێی ئیستحقاقاتی هەڵبژاردن بوایە، دەبوو ئەو پۆستە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بێت، بەاڵم خۆشبەختانە بە هەڵبژاردنیش توانیمان ئەو پۆستە وەربگرین.

مەحما خەلیل: ڕەوشی شنگال بەجۆرێک خراپبووە کەس دۆست و دوژمنی خۆی ناناسێت



قایمقامی قەزای شنگال، مەحما خەلیل داوا لە حکوومەتی فیدراڵ دەکات ئاسایش و سەقامگیری بۆ ناوچەکانی سەربە قەزاکە فەراهەم بکات. مەحما خەلیل ڕاگەیەندراوێکی لەبارەی ڕەوشی قەزاکە باڵاوکردەوە کە تێیدا هاتووە "لەسەر حکوومەتی فیدرال پێویستە، ئاسایش و سەقامگیری بۆ ناوچەکانی سەربە قەزای شنگال دەستەبەر بکات، هەروەها گرنگیش بەو ئاوارە ئێزدییانە بدات کە ڕووبەڕووی گەورەترین جینۆساید بوونەتەوە کە تا ئێستا لە مێژوویی مرۆڤایەتییدا ڕووی نەداوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەش هاتووە "لە میانی ئەو کارە نامرۆڤانەی کە چەکدارانی پەکەکە ئەنجامی دەدەن، ڕەوشی شنگال بەجۆرێک خراپبووە کەس دۆست و دوژمنی خۆی ناناسێت، هەر بە هۆی کردە و هەڵسوکەوتەکانی پەکەکە، تا ئێستا ئاوارەکان ناتوانن بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان لە قەزای شنگال".

ئێران... لەمەودوا بە (کارتی سووتەمەنی) بەنزین دەفرۆشرێت و نرخی لیترێکیش هەزار تمەنە

گوتەبێژی سەرۆکایەتی پەرلەمانی ئێران، بەهەروز نیمەتی ڕایگەیاند کە لەمەودوا بە "کارتی سووتەمەنی" بەنزین دەفرۆشرێت کە نرخی لیترێکی هەزار تمەنە. دوێنێ دووشەمە لە لێدوانێکیدا بۆ تەلەڤیزیۆنی فەرمی ئێران، نیمەتی ڕایگەیاندووە "لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی پەرلەماندا بڕیاردرا بە زیادنەکردنی نرخی بەنزین، بەاڵم بۆ ئەوەی بەر بە قاچاخبردنی بگیرێت "کارتی سووتەمەنی" جێبەجێ بکرێت". گوتەبێژی سەرۆکایەتی پەرلەمانی ئێران ئاماژەی بەوە کرد کە لە ڕۆژانی داهاتوودا لە الیەن حکوومەتەوە ڕوونکردنەوەیەک باڵاودەکرێتەوە لەبارەی ئەو جێبەجێکردنەوە. جێی باسە هەفتەی ڕابردوو هەندێک لە ئاژانسەکانی هەواڵ لە ئێران باسیان لەوە کرد کە لە فرۆشتنی بەنزیندا کار بە "کارتی سووتەمەنی" دەکرێت و بەو شێوەیەش لە مانگێکدا بڕی 60 لیتر بەنزین بە کەسێک دەفرۆشرێت بۆ هەر لیترێکیش هەزار تمەن وەردەگیرێت، ئەوانەی دەیانەوێت لەو بڕە زیاتر بکڕن دەبێت بۆ هەر لیترێک بڕی دوو هەزار و 600 تمەن بدەن، بە هۆی ئەو پەیڕەوە نوێیەوە ڕیزی دوور و درێژ لەبەردەم بەنزینخانەکان دروستبووە.

ئەمەریکا بە کەشتیی فڕۆکەهەڵگر ئێران چاوترسێن دەکات

ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا:

تەواو ئامادەین بۆ وەاڵمدانەوەی هەر هێرشێک



ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا، جۆن بۆڵتن وەک پەیامێک بۆ ئێران ڕایگەیاند کە گرووپی هێرشبەری کەشتی فڕۆکەهەڵگری ئەبراهام لینکۆڵن و هێزی ئەرکی بۆردومان ڕەوانەی خۆرهەاڵتی ناوەڕاست دەکەن. جۆن بۆڵتن لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕایگەیاندووە "بە مەبەستی پێدانی پەیامێکی ڕوون و ئاشکرا بە ڕژێمی ئێران کە هەر هێرشێک بۆسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی بە هێزێکی توند وەاڵم دەدرێتەوە، ئەمەریکا گرووپی هێرشبەری کەشتی فڕۆکەهەڵگری ئەبراهام لینکۆڵن و هێزی ئەرکی بۆردومان ڕەوانەی ناوچەی فەرماندەیی هێزەکانی ناوەند دەکات. بە گوتەی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی کۆشکی سپی: ئەم هەوڵانەی ئەمەریکا کاردانەوەن بە کۆمەڵێک هۆشدار و هەڕەشەی گرفتخولقێنی ئێران کە لە ناوچەکە خەریکن ڕوودەدەن. ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا، جۆن بۆڵتن ئاماژەی بەوەش کردووە کە ئەمەریکا بەدوای پێکداداندا ناگەڕێت لەگەڵ ئێراندا، بەاڵم تەواو ئامادەین بۆ وەاڵمدانەوەی هەر هێرشێک.



ئومێد خۆشناو بۆ ڕۆژنامەی خەبات :

هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی هەرێم لەناو پەرلەمان دەکرێت

ئومێد دەخوازین پێش جەژنی ڕەمەزان کابینەی نۆیەم پێکبهێندرێت



خەبات: تریفە ئازاد

ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: دوای ئەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم کارا دەکرێتەوە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستپێدەکات و ئێمەش وەک فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ناوی کاندیدی خۆمان پێشکەش دەکەین، هەروەها ئومێد خۆشناو لە گفتوگۆیەکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتیشی: ئێمە وەک پارتی، بەرنامەیەکی هەڵبژاردنی فراوانمان هەبووە وەکو گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان هاوواڵاتیبان و دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پارتی بووە و ئێستاش پارتی زۆرینەی پەرلەمانی کوردستانە و فراکسیۆنی پارتی بە هاوبەشی لەگەڵ ئۆرگانەکانی دیکە، پێداچوونەوەیەک دەکرێ و ئامادەکاری دەکەین لە چوارچێوەی پەرلەمان و پرۆژەکان ئامادە دەکەین و پێشکەشیان دەکەین.

لە ماوەی 30 ڕۆژدا سەرۆکی ڕاسپێردراو بۆ حکومەت کابینەکەی پێشکەش دەکات

دوای کاراکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم کاندید پێشکەش دەکەین:

ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: دوای ئەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتیی هەرێم کارا دەکرێتەوە پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەستپێدەکات و ئێمەش وەک فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان ناوی کاندیدی خۆمان پێشکەش دەکەین کە پێ دەگوترێت پرۆسەی ناوزەندکردنی سەرۆکوەزیران بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت، لەم وەرزەی یاساداناندا ئەوەویەتی کاری ئێمە دەبێت وەکو فراکسیۆنی پارتی، واتە کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێم و هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و پێکهێنانی کابینەی نوێ، دوای ئەوەش بەپێی ئەو بەرنامەیەی هەیە، ئێمە بەرنامەیەکی هەڵبژاردنی فراوانمان هەبووە کە بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و وەکو گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیش لە نێوان هاوواڵاتیان و دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پارتیدا بووە کە ئێستا پارتی زۆرینەی پەرلەمانی کوردستانە، فراکسیۆنی پارتی بە هاوبەشی لەگەڵ سەرجەم ئۆرگانەکانی تری پارتی پێداچوونەوە دەکرێت و ئامادەکاری دەکەین لە چوارچێوەی بەرنامەی هەڵبژاردن لە پەرلەمان پارتی دیموکراتی کوردستان پرۆژەکان ئامادە دەکەین و پێشکەشیان دەکەین، بەڵام ئەوەویەتی کارەکان لە پێش ئێمە یاسای چاکسازیە کە لە خولی ڕابردوو کۆمەڵێک کۆسپ و تەگەرە هاتە پێش، ئێستا لە چوارچێوەی ئەو ڕێککەوتنانەی کە لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بۆ پێکهێنانی حکومەت کردوومانە یاسای چاکسازی لە پێشینەی کارەکان دەبێت و لەوانەشە یاسای تر بێتە پێشەوە، بەڵام یەکێک لە یاسا لە پێشنەکان کە بە جدیی کاری لەسەر دەکرێت و لە چوار چێوەی ڕێککەوتنی ئێمەش لەگەڵ لایەنەکان دیکە بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەوەش بەشێکە لە پاکێجی حکومەت و ڕێککەوتنەکە ئەمجارە دەستبەردارى ئەم پرۆژە یاسایە نابین، پێمان وایە خزمەتێکی زۆر بە دادپەروەری ناو کۆمەڵگا دەکات.

لیژنەکان هەموویان تەواو بوونە:

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان لەبارەی دانانی لیژنەکان و کاروباری لیژنەکان گوتی: دانانی لیژنەکان هەموویان داندراون و هەڵبژێردراون، ئەوەی ماوە شتێکی ئەوتۆ نەماوە لە سەرۆکایەتیی لیژنەنکان تەنیا ئالۆگۆڕی ئەندامانی لیژنەکان ئەوەش خاڵەتێکی ئاساییە، لەوەی لە هەموو کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان دەتواندرێت داخلی بەرنامەی کار بکرێت.

پێویستە هەندێ یاسای تازە دەربکرێن:

ئومێد خۆشناو لەبارەی دەرکردنی یاسای نوێ لە پەرلەمانی، بۆ خەبات گوتی: یاسای تازەمان پێویستە لە هەندێک بواردا و بۆیە دەبێت هەندێ یاسای تازە دەربکرێن، هەندێک یاساش پێویستیان بە هەموارکردنەوە هەیە کە ماوەی چەند ساڵێکدا بووە پێویستیان بە گۆڕانکاری برگەیی هەیە.

پۆستی سەرۆکی پەرلەمان:

ئومێد خۆشناو لەبارەی متمانەدان بەو کاندیدەی کە بڕیارە لەم نزیکانە بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان دیاری بکرێت، گوتی: ئێمە وەک فراکسیۆنی پارتی پابەندی هەموو ئەو ڕێککەوتنانەین کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکان ئەنجامی داوە، هەم بۆ شێوازی حوکمڕانی هەمیش بۆ دابەشکاری پۆستەکانی پەرلەمان و حکوومەت، هەر کاتێک فراکسیۆنی یەکێتی کاندیدی خۆیان دیاری کرد و پێشکەشیان کرد، بە دڵنیاییەوە ئێمە وەک فراکسیۆنی پارتی متمانەی پێ دەدەین، چونکە سەرۆکی پەرلەمان ئێستا لەلایەن ئێمەوە سەرۆکایەتی دەکرێت، ئەو سەرۆکی پەرلەمانەی ئێمە دەستلەکار بکێشێتەوە کاندیدەکەی یەکێتی دەنگی پێ دەدرێت لە لای ئێمەش کاندید بۆ یەکێتی دیاری ناکەین چاوەروانی کاندیدی ئەوانین، کەس لەلایەن ئێمەوە لەلایەن یەکێتی کە باس دەکرێت کەسیان هێنڵی سووری لەسەر نییە، ئەوەی لە لای ئێمە گرنگە کاندید کاندیدی فراکسیۆنی یەکێتی بێت و ئێمەش وەک فراکسیۆنی پارتی دەنگی پێدەدەین، فراکسیۆنەکانی تریش بۆ خۆیان خاوەن بڕیاری خۆیانن، بەڵام ئێمە پابەندین بەم ڕێککەوتنەی لە نێوانمان هەیە.

پارتییەکان گلەیی لە سەرکردایەتی دەکەن

ئومێد خوشناو سەبارەت بە گلەیی کادیرانی پارتی لەمەڕ پێدانی پۆستی زیاتر بە حزبەکان، گوتی: ئەگەر لە دیدی کادیرێکی ناوەند و ئەندامێک و دەنگدەرێکی پارتی تەماشای ئەو بابەتە بکەین، هەمیشە پارتییەکان ئەو گلەییان لە سەرکردایەتیی خۆیان هەیە کە ئێستیحقاقاتی خۆی دەبەخشێت، لە دیوێکی تریشەوە سەیر بکەین کە نیشتمانیانە و بەرپرسیارانەی هێزی گەورەی خاوەن ڕوئیای گەورە و بەرنامەی گەورە و خاوەن سەرۆکێکی گەورەی وەک پارتی دیقەت دەدەیت، ئەوە بایەتێکە کە پێویستی بەوە هەیە پارتی ئەو سەخاوەت و مرونەتەی هەیێت ئەو وڵاتە بۆ ڕەگڕێژکرنی جوانترکردنی ئەو وڵاتە بۆ جوانترکردنی پرۆسەی دیموکراسی پێویست بەوە دەکات بەشداری هەموو لایەنێکی تێدا بێت، واتە لە دیوە ناوەخۆکە و ئەندام و دەنگدەری پارتی قوربانی بوونە کە جێگای گلەییە، لە دیوە نیشتمانی و پرۆسە گەورەکە و بابەتە گەورەکەی نیشتمانی، بابەتێکی گرنگە پارتی دەیکات و پارتیش بەوە ناسراوە.

هەنگاوی پێکهێنانی کابینە لە ڕووی کردەییەوە دەستپێکردووە:

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، ئومێد خۆشناو، سەبارەت بە ڕێککەوتنی لایەنەکان و واژەی دەنگدان لەسەر هەموارى یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم، گوتی: ڕێککەوتنی کۆتایی لەنێوان هێزە سەرەکییەکان، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی گۆڕان بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم ئیمزاکراوە و هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەکە لەڕووی کردەییەوە دەستپێکردووە و لە پەرلەمانی کوردستان دەستبەکارەکان کراوە و یەکەم شت ئەوەیە کە ڕۆژی چوارشەمە کۆبوونەوەی پەرلەمان ئەنجامدەدرێت.

ناوەڕۆکی کۆبوونەوە چاوەڕوانکراوەکەی پەرلەمان:

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان، ئومێد خۆشناو سەبارەت بە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەی چوارشەمەی پەرلەمانی کوردستانیش گوتی: کۆبوونەوەکە تایبەت دەبێت بە خوێندنەوەی سێیەمی تایبەت بە پڕۆژە یاسای کاراکردنەوەی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان تا بە خاوەن بوونی دەستوور، پێشتر هەموو گفتوگۆکانی پێویستی ماددە بە ماددەی پڕۆژەکە کراوە و تەنها دەنگدان دەمێنێتەوە، دواتریش لەلایەن سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستانەوە واژۆ لەسەر یاساکە دەکرێت و پاشان دەرگای خۆپالاوتن بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی هەرێم دەکرێت بۆ ئەوانەی سی قی پێشکەش دەکەن و پاشان ناوەکانی پالێوراو بۆ ئەو پۆستە ڕادەگەیەنرێت و دواتر دەرگای تانەلێدان بۆ ئەو کەسانەی لادەبرێن دەکرێتەوە و پاشان دووبارە جارێکی دیکە ناوەکان ڕادەگەیەنرێت و دواتر هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی هەرێم لەناو پەرلەمانی کوردستانەوە دەکرێت و متمانەی پێ دەدرێت. پاشان ئێمە ناوەزەندی سەرۆکوەزیران دەکەین و ناوەکەی پێشکەش دەکەین و پاشان لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە مەرسوم دەردەچێت بۆ ڕاسپاردنی و پێکهێنانی حکوومەت و پاشان ماوەی کەمتر لە ٣٠ ڕۆژ پێویستە سەرۆکی ڕاسپێردراو بۆ حکوومەت کابینەکەی پێشکەش بکات و متمانە وەربگرێت.

ئومێدەوارین پێش جەژنی ڕەمەزان کابینەی نوێ ڕابگەیەندرێت:

ئومێد خۆشناو سەبارەت بە ڕێککارەکی پێکهێنانی حکومەت و وادەکەی، گوتی: ئومێد دەخوازین پێش جەژنی ڕەمەزان سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرابێت و کابینەی نۆیەم پێکهاتبێت، هەروەها ئەوەشی گوت ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی کاردانەوە و ڕەنگدانەوەی لەسەر هەردوو فراکسیۆنی یەکێتی و پارتی لەناو پەرلەمان دەبێت، سەبارەت بە پۆستی جێگرانی سەرۆکی هەرێمیشەوە گوتی: پاش هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم بەپێی یاسا جێگرەکانی هەڵدەبژێرێت و دیارییان دەکات.

نیعمەت عەبدوڵڵا: پێویستە حزبەکان هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکوومەت دەستپێبکەن

مانگێک ناخایەنێت و حکوومەتی نوێ دەستبەکار دەبێت

سەرۆکی بۆردی چارەنووس و سەرۆکی پێشووی یەکێتیی پەرلەمانتاران گوتی، دوای ڕێککەوتنەکەی ڕۆژی یەکشەمەی پارتی و یەکێتی، پێویستە حزبەکان هەنگاوەکانی پێکهێنانی حکوومەت دەستپێبکەن و بەرنامەیەک دابنێن، کە لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندا بێت. نیعمەت عەبدوڵڵا، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: ئەو ڕێککەوتنەی یەکشەمە کرا، زۆر گرنگ بوو و پێویستە لەمەودوا بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ حکومەت دابنرێت، بۆ ئەوەی بتوانن بە هاوبەشی جێبەجێی بکەن و لەگەڵ هەلومەرجی ئێستادا بگونجێت، چونکە بەشێک لە دواکەوتنی حکومەت لە دەرەوەی ئیدارەدایە و باسوخواسی ناوچەکە گەرمە و بە کۆمەڵێک کێشەدا تێپەڕ دەبێت، بۆیە هەرێمی کوردستان پێویستە پلانێکی ستراتیژی هەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەموو کێشەکان و لایەنەکانیش بە دڵسۆزییەوە کار بکەن و بەرنامەیەک لە بەرژەوەندیی خەڵک دابڕێژن و پەرلەمان کارا بێت و دەست بە یاسادانان و دەرکردنی بڕیار بکات.

نیعمەت عەبدوڵڵا گوتیشی: پێویستە پەلە لە کاراکردنەوەی سەرۆکایەتیی هەرێم بکرێت و سەرۆکی هەرێم هەڵبژێرن و سەرۆکی حکوومەت ڕاسپێردرێت و لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا حکوومەت دروست بکرێت، چونکە هەموو شتێک یەکلاکراوەتەوە و لە کەمتر لە مانگێکدا حکوومەت پێکدێت، لەبەر ئەوەی تەنها کەسەکان ماون بۆ پۆستەکان دیاری بکرێن و پۆستەکانیش بەسەر لایەنەکاندا دابەش کراون. ناوبراو باسی لەوەش کردووە: هەرکاتێک سەرۆکی حکوومەت ڕاسپێردرا، مانگێکی لە بەردەست دایە بۆ ئەوەی کابینەکە ئامادە بکات و ڕادەستی پەرلەمانی بکات تا متمانەی پێببەخن، بەڵام بە ڕای من مانگێک ناخایەنێت و حکوومەتی نوێ دەستبەکار دەبێت.

چوار شاندی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکەن

سەرجەمیان پەیوەستن بە پرسی ئابووری و بازرگانی و نەوتەوە



سبەی چوارشەمە شاندێکی هەرێمی کوردستان دەچێتە بەغدا و بڕیارە دوای ئەو شاندەش، سێ شاندی دیکەی جیاواز سەردانی بەغدا بکەن، کە سەرجەمیان پەیوەستن بە پرسی ئابووری و بازرگانی و نەوتەوە. بڕیارە لەم مانگەدا چوار شاندی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا بکەن، ئەوانیش شاندی بازرگانی و ئابووری و شاندی وەبەرهێنان و باج و ئەنجوومەنی باڵای نەوت و گازن. عەبدولڕەزاق ناوەندەیی، بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێم، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتوویەتی: سبەی چوارشەمە، شاندێکی باڵای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێم دەچێتە بەغدا، کە ئامانجی چوونی شاندەکەش بۆ پرسی بازرگانیی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و پرسی ڕێگری و پێشکەوتنی ئەو بوارە و پلان و بەرنامەی داهاتوو دەبێت، بە تایبەت کە لە ئێستادا پەیوەندییەکی باش لە نێوان هەرێم و عێراقدا دروست بووە. عەبدولڕەزاق ناوەندەیی ئەوەشی خستەڕوو، سەردانی شاندەکە بۆ چاوەسەرکردنی ئەو کێشانەیە، کە سەبارەت بە ڕێگەپێدان و هاوردەکردن لە نێوان هەرێم و بەغدادا هەن.

بەپێی زانیارییەکانیش، بڕیارە دوو هەفتە دوای ئەوە، شاندێکی وەبەرهێنەرانی هەرێم بە هەمان شێوە سەردانی بەغدا بکەن. لەم بارەیەوە، ئەحمەد ڕێکانی، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنەرانی کوردستان ڕایگەیاندووە: نووسراوێکمان بۆ بەغدا ناردووە سەبارەت بە چوونی شاندێکی ئێمە بۆ بەغدا و چاوەڕوانی وەڵامین، بۆ ئەوەی ئەو شاندە بچێتە بەغدا و لەوێش پرسی وەبەرهێنەران لە نێوان هەردوولادا باس بکرێت. بڕیارە لە ماوەی مانگێکدا شاندێکی دیکەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی باج سەردانی بەغدا بکات، لەو بارەیەشەوە، عەبدولقادر عەبدوڵڵا، جێگری بەڕێوەبەری گشتیی گومرگ، گوتی: بەرنامەیەک هەیە کە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی باج ئەم مانگە سەردانی بەغدا بکەن، بەڵام هێشتا ناوەڕۆکی سەردانەکە دیار نییە. هاوکات شاندی چوارەمیش کە بڕیارە لەم مانگەدا بڕوات، شاندی باڵای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانە، کە بڕیار وایە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەغدا گفتوگۆ بکەن. هەروەها کاروان سورچی، گوتەبێژی ژووری کانی بازرگانی و پیشەسازیی هەرێمی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: هەبوونی پەیوەندیی باش لە نێوان هەولێر و بەغدادا، وادەکات ئابووریی کوردستان گەشەی زیاتر بکات، لە ماوەی ڕابردوودا دووڕکەوتنەوەی هەولێر و بەغدا بۆشاییەکی ئابووری لە کوردستان دروست کرد، بۆیە نزیکبوونەوەی هەردوولا وادەکات ڕەوشی ئابووری باشتر دەبێت و کاریگەریی باشیشی دەبێت، لەبەر ئەوە چوونی ئەو چوار شانە زۆر گرنگە، تا بازرگانی و ئابووری کوردستان گەشەی زیاتر بە خۆیەوە ببینێت و داهاتی خەڵکی کوردستان بەرز ببێتەوە.

ئەمەریکا داوای چەکەکانی لە حەشدی شەعبی دەکاتەوە



K24: سەرلەنوێ قسەوباس لەبارەی چەکەکانی ئەمەریکا لای گرووپەکانی حەشدی شەعبی دەستپێکردووەتەوە کە لەنێوان ساڵانی 2015 تا 2017 لەکاتی شەڕی داعشدا کەوتووەتە دەستیان. هاوکات لەگەڵ زیادبوونی گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران و گرووپە نزیکەکانی تاران، بەڕپرسانی عێراقی بۆ ڕۆژنامەی "العربی الجدید" تەئکیدیان کردووەتەوە کە "بەرپرسانی ئەمەریکا لە چەند هەفتەی رابردوودا داوایان لە حکوومەتی عێراق کردووە، پابەندی بەندەکانی ڕێککەوتننامەی پڕچەککردنی نێوان هەر دوو وڵات بێت. لەو ڕێککەوتنەشدا گەرێنتی ئەوەکراوە جگە لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پارێزگاریکردنی لە ئەمنییەت و ئاشتی کۆمەڵایەتی، ئەو چەکانە بەکارنەهێنرێن و تەنها لە دەست هێزە فەرمییەکانی دەوڵەتی عێراقدابن. بەڵام ئەو مەرجە لەلایەن بەغداوە جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و پشت بە یاسای دەستەی حەشدی شەعبی دەبەستێت و بە بەشێک لە هێزە فەرمییەکانی وڵاتەکە دەیانناسێنێ".

لە رابردوودا واشنتن کاروانی گەورەی چەک و تەقەمەنی و کەرەستەی سەربازی مامناوەندی و سووکی ناردووە بۆ عێراق، بەتایبەتی ساڵی 2016 پێش دەستپێکردنی شەڕی فەلوجە و موسڵ لە دژی داعش، جگە لەوە وڵاتانی دیکەی وەک بریتانیا و ئوسترالیا و ئەڵمانیا و فەرەنسا چەک و کەرەستەی سەربازیان بۆ عێراق ناردووە.

بەرپرسێکی عێراقی بە ڕۆژنامە عەرەبییەکەی گوتووە: "ئەمەریکییەکان سەرلەنوێ بە دەسەڵاتدارانی عێراقیان گوتووە، نابێت چەکەکانی ئەمەریکا بگاتە دەستی چەند گرووپێکی حەشدی شەعبی، ئەگەر جارێکی دیکە پێشێلکاریی لەو بوارەدا ڕووبدات هەرشە دەکەوێتە سەر بەرنامەی پرچەککردنی عێراق. بەتایبەتی یەکە سەربازییە تایبەتەکانی عێراق کە چڕچەککردنیان 100% لەلایەن ئەمەریکییەکانەوە دەبێت، وەک دەزگای دژە تیرۆر و یەکەکانی بەرپەرچدانەوەی خێرا و یەکە تایبەتەکانی کۆماندۆس کە سەر بە دەزگای هەواڵگریی عێراقن".

ئەو بەرپرسە عێراقییە کە نەیویستووە ڕۆژنامەکە ناوی بهێنێت دەڵێت: "ئێستا ئەمەریکا چەکی سووک و مامناوەند بۆ عێراق نانێرێ، بەڵام زۆر نیگەرانن لەوەی چەکەکانیان کەوتوونەتە دەست چەند گرووپێکی حەشدی شەعبی کە لەسەر ئێران هەژمار دەکرێن و ئەو چەکانە بەکاردەهێنن کە لە بنەڕەتدا بۆ سوپای عێراق نێردراون وەک (M4 و M16) و تانکشکێنی جۆری "AT4".

لە بەرامبەردا پەرلەمانتارانی عێراق دەڵێن، بەغدا ڕێککەوتنی پرچەککردنی پێشێل نەکردووە بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە ئەمەریکییەکان، چونکە حەشدی شەعبی ئیتر بەشێکن لە هێزەکانی عێراق و شەڕی دژی تیرۆریان کردووە.

عەبدولئەمیر مەیاحی، ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق گوتوویەتی: "سکالا و ڕەخنەکانی ئەمەریکا پاساوهەڵناگرن، چونکە ئیتر حەشدی شەعبی بەشێکن لە سیستەمە ئەمنی و هێزە فەرمییەکانی عێراق".

مەیاحی دەڵێت: "پێشتر پەرلەمانی عێراق چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ حەشدی شەعبی دۆزیوەتەوە و مافی دەوڵەتی عێراق خۆیەتی ئەو چەکانەی لە ئەمەریکاوە دەیانهێنێ چۆن دابەشی بکات وەک چۆن هەر دەوڵەتێکی دیکە ئەو مافەی هەیە چەک بەسەر دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکانی دابەش بکات، پێویست ناکات حکوومەتی عێراق لەو ڕووەوە ڕوونکردەوە بۆ کەس بدات و ئەوە بەشێکە لە سازدان و ئامادەکردن و پرچەککردنی هێزە ئەمنی و سەربازییەکانی وڵاتەکە و حەشدی شەعبیش بەشێکە لەو هێزانە و مافی خۆیەتی دەستی بەو چەکانە ڕابگات کە دەوڵەتەکەی لەگەڵ هەر وڵاتێکی دیکەدا گرێبەستیان لەبارەوە دەکات".

لەلایەکی دیکەوە ئەحمەد کینانی، پەرلەمانتاری کوتلەی سادیقوون کە باسکی سیاسی میلیشیای عەسائیبی ئەهلولحەقە و بە دیارترین گرووپی حەشد دادەنرێن کە لە ئێرانەوە نزیکن دەڵێت: "حەشدی شەعبی بەشێکن لە سیستمی ئەمنی و بەرگریی و سەر بە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراقن، هاوشانی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ کۆتاییهێنان بە داعش تێکۆشاون، نیگەرانییەکانی ئەمەریکا لەبارەی چەکەکانی کە کەوتوونەتە دەست هێزەکانی حەشدی شەعبی لە جێگەی خۆیدا نییە و عەبدولئەبی پیوایە ئەمەریکا کەوتووەتە هەڵوێستێکی سەختەوە، چونکە بزووتنەوەیەکی وەک نوجەبای ناو حەشدی شەعبی و ژمارەیەک سەرکردەی دیکەی حەشدی خستووەتە لیستی تیرۆرەوە، کاتێکیش چەکی ئەمەریکی دەگاتە دەست ئەو هێز و کەسانە نیگەرانییەکانی ئەمەریکا زۆرتر دەبن".

شرۆڤەکارێکی سیاسی بەناوی محەمەد سەلیم بە ڕۆژنامە عەرەبییەکەی گوتووە: "کاتێک چەکی ئەمەریکی دەگاتە دەست گرووپەکانی حەشدی شەعبی، هەوڵەکانی بەغدا بۆ پرچەککردنی هێزە ئەمنی و سەربازییەکانی بە چەکی پێشکەوتوو ڕووبەڕووی کێشە و لەمپەری زیاتر دەبنەوە، هەر چەندە سەرکردەکانی حەشدی شەعبی فشاری زۆریان خستووەتە سەر حکوومەتی عێراق بۆ ئەوەی ئەو چەکانەیان پێبدرێت".

ئەو شرۆڤەکارە عێراقییە پێیوایە پێویستە چەکە قورسەکانی ئەمەریکا لە حەشدی شەعبی وەربگیرێتەوە و دەسەڵاتدارانی بەغدا ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی چەک بگرن و نەکەوێتە دەست هەموو کەس و گرووپێک، بۆ ئەوەی کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی عێراق دروست نەکات و زیان لە پرچەککردنی هێزە ئەمنی و سەربازییەکانی دیکەی وڵاتەکەش نەدات".

جێگای بیرهێنانەوەیە، هێزەکانی حەشدی شەعبی لە کاتی هێنانەوەیان بۆ کەرکووک و پەلامارەدانی چەند ناوچەیەکی دیکەی کوردستان، بەو چەکانەی ئەمەریکا بۆ شەڕی داعش دابوویە حکوومەتی عێراق دژی پێشمەرگە بەکاریانهێنا و لە شەڕی پردێ دا ساڵی 2017 هێزەکانی پێشمەرگە توانیان بەر بە هێرشی حەشد و هێزەکانی دیکەی عێراق بگرن و تانکی ئەبرامسی ئەمەریکی لەو شەڕانەدا تێکبشکێنن.

غەززە... ئیسرائیل و گرووپە فەڵەستینییەکان لە ڕاگەیاندنی ئاگربەست نزیکبوونەتەوە

تەمپ بۆ خەڵکی غەززە: ئەم چالاکییە تیرۆریستییانە جگە لە مااڵوێرانی هیچتان بۆ ناهێنێت



کەناڵی ئاسمانی ئەقسا سەربە بزووتنەوەی حەماس بڵاویکردەوە کە بەردبەیانی دوێنێ دووشەمە، گرووپە فەڵەستینییەکان و ئیسرائیل گەیشتوون بە ڕێککەوتنی ئاگربەست لە کەرتی غەززە. کەناڵەکە لە سەرچاوەیەک کە ناوی ئاشکرا نەکردووە بڵاویکردووەتەوە کە ئاگربەستەکە لە کاتژمێر 4و نیو بە کاتی خۆجێی چووەتە واری جێبەجێکردنەوە. لای خۆشیەوە گوتەبێژ بەناوی لیژنەی بەرگری میللی لە غەززە، ئەبو موجاهد بریم پشتڕاستیکردەوە، هەوڵەکانی میسر و نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرکەتووبوون بۆ گەیشتن بە ئاگربەست کە بەیانی ئەمڕۆ دووشەمە چووەتە واری جێبەجێکردنەوە.

هاوکات دەستەی فەرمی پەخشی ئیسرائیل بڵاویکردەوە کە پێشڤەچوون لەو دانوستانانە بەدیهاتووە کە لە قاهیرە بە سەرپەرشتی میسر و نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئامانجی گەیشتن بە ئاگربەست لە غەززە بەڕێوەدەچێت. میدیاکانیش ڕایانگەیاندووە کە لەئێستادا ڕەوشی کەرتی غەززە ئارامە و دەنگی هیچ تەقە و تەقینەوەیەک نابیسترێت.

ئەمەش دوای ئەوە دێت سێ ڕۆژ لەمەوبەر دوای ئەوەی لەلایەن چەکدارە تۆندڕەوەکانی حەماسەوە ئاگربەست ڕاگەیەنرا، ئیسرائیل دەکەوێتە بەرگری لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق گوتوویەتی: "سکالا و ڕەخنەکانی ئەمەریکا پاساوهەڵناگرن، چونکە ئیتر حەشدی شەعبی بەشێکن لە سیستمە ئەمنی و هێزە فەرمییەکانی عێراق".

مەیاحی دەڵێت: "پێشتر پەرلەمانی عێراق چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ حەشدی شەعبی دۆزیوەتەوە و مافی دەوڵەتی عێراق خۆیەتی ئەو چەکانەی لە ئەمەریکاوە دەیانهێنێ چۆن دابەشی بکات وەک چۆن هەر دەوڵەتێکی دیکە ئەو مافەی هەیە چەک بەسەر دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکانی دابەش بکات، پێویست ناکات حکوومەتی عێراق لەو ڕووەوە ڕوونکردەوە بۆ کەس بدات و ئەوە بەشێکە لە سازدان و ئامادەکردن و پرچەککردنی هێزە ئەمنی و سەربازییەکانی وڵاتەکە و حەشدی شەعبیش بەشێکە لەو هێزانە و مافی خۆیەتی دەستی بەو چەکانە ڕابگات کە دەوڵەتەکەی لەگەڵ هەر وڵاتێکی دیکەدا گرێبەستیان لەبارەوە دەکات".

لەلایەکی دیکەوە ئەحمەد کینانی، پەرلەمانتاری کوتلەی سادیقوون کە باسکی سیاسی میلیشیای عەسائیبی ئەهلولحەقە و بە دیارترین گرووپی حەشد دادەنرێن کە لە ئێرانەوە نزیکن دەڵێت: "حەشدی شەعبی بەشێکن لە سیستمی ئەمنی و بەرگریی و سەر بە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراقن، هاوشانی هێزەکانی ئەمەریکا بۆ کۆتاییهێنان بە داعش تێکۆشاون، نیگەرانییەکانی ئەمەریکا لەبارەی چەکەکانی کە کەوتوونەتە دەست هێزەکانی حەشدی شەعبی لە جێگەی خۆیدا نییە و عەبدولئەبی پیوایە ئەمەریکا کەوتووەتە هەڵوێستێکی سەختەوە، چونکە بزووتنەوەیەکی وەک نوجەبای ناو حەشدی شەعبی و ژمارەیەک سەرکردەی دیکەی حەشدی خستووەتە لیستی تیرۆرەوە، کاتێکیش چەکی ئەمەریکی دەگاتە دەست ئەو هێز و کەسانە نیگەرانییەکانی ئەمەریکا زۆرتر دەبن".

شرۆڤەکارێکی سیاسی بەناوی محەمەد سەلیم بە ڕۆژنامە عەرەبییەکەی گوتووە: "کاتێک چەکی ئەمەریکی دەگاتە دەست گرووپەکانی حەشدی شەعبی، هەوڵەکانی بەغدا بۆ پرچەککردنی هێزە ئەمنی و سەربازییەکانی بە چەکی پێشکەوتوو ڕووبەڕووی کێشە و لەمپەری زیاتر دەبنەوە، هەر چەندە سەرکردەکانی حەشدی شەعبی فشاری زۆریان خستووەتە سەر حکوومەتی عێراق بۆ ئەوەی ئەو چەکانەیان پێبدرێت".

ئەو شرۆڤەکارە عێراقییە پێیوایە پێویستە چەکە قورسەکانی ئەمەریکا لە حەشدی شەعبی وەربگیرێتەوە و دەسەڵاتدارانی بەغدا ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی چەک بگرن و نەکەوێتە دەست هەموو کەس و گرووپێک، بۆ ئەوەی کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی عێراق دروست نەکات و زیان لە پرچەککردنی هێزە ئەمنی و سەربازییەکانی دیکەی وڵاتەکەش نەدات".

جێگای بیرهێنانەوەیە، هێزەکانی حەشدی شەعبی لە کاتی هێنانەوەیان بۆ کەرکووک و پەلامارەدانی چەند ناوچەیەکی دیکەی کوردستان، بەو چەکانەی ئەمەریکا بۆ شەڕی داعش دابوویە حکوومەتی عێراق دژی پێشمەرگە بەکاریانهێنا و لە شەڕی پردێ دا ساڵی 2017 هێزەکانی پێشمەرگە توانیان بەر بە هێرشی حەشد و هێزەکانی دیکەی عێراق بگرن و تانکی ئەبرامسی ئەمەریکی لەو شەڕانەدا تێکبشکێنن.

دەیان موشەک لە غەززەوە ئاراستەی ناو خاکی ئیسرائیل کراو لە ئاکامی هێرشەکانیشدا سێ کەسی سڤیلی ئیسرائیل کوژران و دەیانی دیکەش بریندارببوون. لەکاردانەوەی ئەو کردانەشدا فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل پەلاماری کەرتی غەززەیان داو زیانی زۆریان بە گرووپە چەکدارەکان گەیاند. بەپێی نوێترین ئامارەکان ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە میانی دوو ڕۆژی ڕابردوودا لە ئاکامی پەلامارەکانی سوپای ئیسرائیل بۆسەر کەرتی غەززە ژمارەی کوژراوان بەرزبوویەوە بۆ 27 کەس و ژمارەی بریندارەکانیش گەیشتووەتە 177 کەس.

ئەم هەواڵەنەش لە کاتێک دایە کە سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد تەرمپ ڕایگەیاندووە، پشتگیریی تەواوی هێرشەکانی ئیسرائیل دەکات بۆسەر غەززە کە بە هۆی هێرشە ڕۆکێتییەکان لە کەرتەکەوە بۆسەر ئیسرائیل ئەنجامدراوە. تەرمپ لە هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەرەوە ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە و تیایدا هاتووە "جارێکی دیکە ئیسرائیل کەوتەوە بەر هێرشی کوشندەی ڕۆکێتەکانی حەماس و ڕێکخراوە تیرۆریستییە جیهادییە ئیسلامییەکان. سەدا 100 پشتگیریی ئیسرائیل دەکەین لە پاراستنی هاووڵاتییانیدا. تەرمپ ڕووی قسەکانی لە خەڵکی غەززەیە و نووسیویەتی "بۆ خەڵکی غەززە: ئەم چالاکییە تیرۆریستییانە جگە لە مااڵوێرانی هیچتان بۆ ناهێنێت. کۆتایی بە تۆندوتیژی بهێنن و کار بۆ ئاشتی بکەن. ڕەنگە ئەمە ببێت. هەروەها وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ لەبارەی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆسەر کەرتی غەززە ڕایگەیاند، "ئیسرائیل هەموو مافێکی بەرگریکردنی لەخۆی هەیە".

قەنزوێلا ئامادەیە بەرەنگاری ئەمەریکا ببێتەوە

جۆرج ئاریازا: ئەگەر ئەمەریکا بژاردەی سەربازی دژبە قەنزوێلا هەڵبژێرێت، بەرپەرچی دەدەینەوە



وەزیری دەرەوەی قەنزوێلا، جۆرج ئاریازا ڕایگەیاند، ئەگەر ئەمەریکا بژاردەی سەربازی دژبە قەنزوێلا هەڵبژێرێت، بەرپەرچی دەدەنەوە. جۆرج ئاریازا لە مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، دژبە هەڵوێستی ئەمەریکا لە ئاست قەنزوێلادا لێدوانی دا و ڕایگەیاند کە بەرپەرچی هەر جۆرە پەلاماریکی چەکداری دەدەنەوە لە لایەن ئەمەریکاوە بکرێتە سەریان و گوتی: ئێمە ئامادەی هەر جۆرە سیناریۆیەکین، بەڵام بەرلە هەموو شتێک متمانەمان بە دیپلۆماسییەتە.

وەزیری دەرەوەی قەنزوێلا جەختیکردەوە کە وڵاتەکەی لایەنگری ئاشتییە و دەیانەوێت لەگەڵ هەمووان باس لە ئاشتی بکەن و گوتی: ئەگەر ئەمەریکا بژاردەی سەربازی هەڵبژێرێت، ئێمەش هێزی چەکدارمان هەیە، گەلی میلیشیامان هەیە، گەلمان هەیە. ئێمە تەنها ئامادەی بەرگری و خۆڕاگری نین، بەڵکو ئامادەی سەرکەوتنین و ئامادەین سەربکەوین بەسەر هەر هێزێکدا هەرچەندیش بەهێزبێت. جۆرج ئاریازا باسی لەوەش کرد ڕەنگە ژمارەی پسپۆڕە سەربازیی ڕووسییەکان لە قەنزوێلا زیاتر بکرێن و گوتی: لەئێستادا لە قەنزوێلا کۆمیسیۆنی پسپۆڕەکان هەیە. بێگومان دەکرێت ئەم کۆمیسیۆنە فراوانتر بکرێت. وەزیری دەرەوەی قەنزوێلا، جۆرج ئاریازا ڕاشیگەیاند، هیوادارن بتوانن بەپشتیوانیی ڕووسیا و چین چارەسەر بۆ کێشەی گواستنەوەی پارە بدۆزنەوە بۆ تێپەڕاندنی گەمارۆکانی ئەمەریکا.

بۆ ئەو کەسەی دەبێتە پارێزگاری مووسڵ پارتی چەند مەرجێکی هەیە

بەرپرسی لقی 14ی پارتی لە مووسڵ مەرجەکانی حزبەکەی ئاشکرا دەکات

تاوەکو ئێستا نزیکەی 50 کەس خۆی بۆ پۆستەکە پاڵاوتووە و هێشتا یەکلا نەبووەتەوە



خەبات- بڕیار کۆیی

بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاشکرای دەکات، کە پارتی بۆ ئەو کەسەی کە دەبێتە پارێزگای تازەی مووسڵ چەند مەرجێکی هەیە ، ڕاشیدەگەیەنێت کە یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی پارتی ئەوەیە کە ئەو کەسە هاندەرێکی بەهێزی جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری هەمیشەیی عیراق بێت.



ڕووداوی نقوومبوونی بەلەمە گەشتیارییەکەی شاری مووسڵ، تەنها کارەساتێکی مرۆیی نەبوو، بەڵکو دەستەکارکێشانەوەی پارێزگار و لێپرسینەوە لەچەند بەرپرسێکی ئیداری ئەو شارەیشی بەدوای خیدا هێنا، لەو کاتەوەیش تا ئێستا پارێزگای موسڵ بێ پارێزگار ماوەتەوەو بۆ دەستنیشانکردنی پارێزگارێکی تازە مشتومڕێکی زۆر لەنێو کوتلە و تیرە و عەشیرەتە عەرەبەکان دروست بووە، بەڵام کوردیش وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی ئەم شارە بۆچوون و ڕای تایبەت بەخۆی هەیە.

عەلی خەلیل بەرپرسی لقی (14)ی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مووسڵ لەلێدوانێکی تایبەتدا سەبارەت بە مەرجەکانی پارتی بۆ پارێزگاری مووسڵ دەڵێت: پارتی کۆمەڵێک مەرجمان هەیە، پێویستە ئەو کەسە لەبارەی ئەو کەسەی کە بۆ پۆستی پارێزگاری مووسڵ هەڵدەبژێردرێت گوتی: وەکو کەسێکی دەستپاک بێت لە ڕووی دارایی وە خاوەنی ڕابردوویەکی خراپ و نەبێت و یاری بە مۆڵک و پارەی دەوڵەت نەکات، هەورەها کەسێک بێت کە بێ تەواوی پارێزگای مووسڵ بکات بە سەرجەم شارۆچکە و شارەدێکانییەوە بێ جیاوازی هەروەها کەسێک بێت کە بێ جیاوازی مامەڵە لەگەڵ هەموو پێکهاتە و پەیڕەوانی ئایینەکانی پارێزگاکە بکات و نەبێتە بەشێک لە ململانێ و نەتەوەیی و حزبی و لە ڕێککەوتنێکی باش، باش بەو مانایە کە تای تەراوزووی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا قورسایی بکات.

پاراستنی هاوپەیمانەکان

ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕایگەیاند، بە مەبەستی هۆشداریدان بە ئێران وڵاتەکەی ژمارەیەک فڕۆکە و موشەکی دورهاوێژ ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات.

جۆن بۆڵتن، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوێنێ یەکشەمە ڕایگەیاندوە، بە مەبەستی گەیاندنی پەیامێکی ڕون و ئاشکرا بە ئێران کە هەر هێرشێک بۆ سەر بەرژەوەندی و هاوپەیمانەکانی بە تونڈترین شێوە وەڵامی دەدرێتەوە، ژمارەیەک فڕۆکە و موشەکی دورهاوێژ ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەین. ئاماژەی بەوەشکرد، ئەو بڕیارەی وڵاتەکەی دوای چەند ئاماژە و هۆشدارییەک دێت کە لەماوەی ڕابردودا نیگەرانی و دڵەڕاوکێی دروست کردوە.

لە ئێستادا پەیوەندییەکانی نێوان واشنتن و تاران لە خراپترین ئاستدایە، ئەوەش دوای کشانەوەی تاکلایەنەی ئەمریکا لە ڕێکەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران، هاوکات لە دوی ئەم مانگەشەوە بڕیاری بەخشینی هەشت وڵاتی بۆ کڕینی نەوت لە ئێران ڕاگرتوە.

جۆن بۆڵتن وتیشی، ویلایەتە یەکگرتووەکان نایەوێت جەنگ لەگەڵ ئێران بەڕپا بکات، بەڵام بە شێوەیەکی تەواو ئامادەی وەڵامدانەوەی هەر هێرشێکین، کە لە لایەن هەر یەک لە سوپای پاسداران و هێزە چەکدارەکانی ئێرانەوە ئەنجامبدرێت.

چواری ئەم مانگە، حەسەن ڕۆحانی، سەرۆکی کۆماری ئێران ڕایگەیاند، وڵاتەکەی پێویستە بەهەمو جۆرێک ڕووبەڕووی سزاکانی ئەمریکا ببێتەوە و لەو چوارچێوەیەشدا پێویستە گرنگی بەکەرتەکانی دیکەی ئابووری بدەن جگە لە نەوت. بەوتەی ڕۆحانی ئەمریکا شکاندنی بەهای دراوی وڵاتەکەی و داڕماندنی ئابووری ئێرانی کردوتە ئامانج، بەڵام وەک ئەوو ئەو ڕووبەڕووی سزاکانی ئەمریکا دەبێنەوە.

هەرزانفرۆشکردنی نەوت

ئەمیر حسێنی زەمانی نیا، جێگری وەزیری نەوتی ئێران دووپاتیکردەوە، وڵاتەکەی هەموو میکانیزمێک بەکاردەهێنین، بۆ ئەوەی نەوت لە ڕێگەی نائاسایی و بە بازاڕی خۆڵەمێشی بفرۆشین.

بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی نەوتەکەی لە ڕێگەی نائاسایی ناسراو بە بازاڕی خۆڵەمێشی بفرۆشێت، ئەمەش وەک خۆی ئاماژەی پێدا، بۆ تێپەڕاندنی ئەو سزا نایاساییانەی ئەمەریکا بەسەریدا سەپاندوون.

لە وەڵامی پرسیارێکیشدا لەمبارەیەوە، زەمانی نیا لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی هەواڵدەری ئێرنای ئێرانی گوتی: سەرجەم داهاتەکانی وڵاتمان کۆکردووەتەوە و نەوتەکەمان لە بازاڕی خۆڵەمێشی دەفرۆشین. ئاماژەی بەوەشدا، ئەمە بە قاچاغبردن نییە، بەڵکو ئەمە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو سزایانەیە کە ئێمە بە نایاسایی دەزانین.

ئەمەش لەکاتێکدایە، ئەمەریکا داوای لە سەرجەم وڵاتانی کڕیاری نەوت کردووە، چیتر نەوتی ئێران نەکڕن و هەرڕشەی ئەوەیکردووە، هەر وڵاتێک نەوتی ئێران بکڕێت، سزای بەسەردا دەسەپێنێت.

بازاڕی خۆڵەمێشی ڕەهەندێکی یاسایی هەیە و ساختە نییە، بەڵام بازرگانیکردن لەو بازاڕە دەکەوێتە دەرەوەی کەنالەکانی دابەشکردنی سرووشتی، لەلایەن هەندێ لایەنەوە مامەڵەی پێوە دەکرێت، کە هیچ پەیوەندییان بە لایەنی بەرهەمهێنەری کالاکانەوە نییە. ئەم جۆرە بازرگانییە، لەو کاتانە ڕوودەدات، کە نرخی کالاکان لەو بازاڕەدا زۆر هەرزانترە وەک لەو بازرگانیکردنەی لە ڕێگەی کەنالە سرووشتییەکانەوە یەکێک لە خاڵەکانی پارتی ئەوەیە کە نابێت ئەو کەسەی دەبێتە پارێزگاری مووسڵ ڕێگەخۆشکەر بێ بۆ هێزە بیانییەکان(میلیشیاکان) بۆ ئەوەی لە پارێزگاکە جێگیر بن و دواتریش ببێتە هۆی گۆڕینی دیمۆگرافی پارێزگاکە.

عەلی خەلیل گوتیشی: "تاوەکو ئێستا نزیکەی 50 پاڵێوراو هەن بۆ پۆستی پارێزگاری مووسڵ، بەڵام هێشتا کوتلە عەرەبییەکان یەکلا نەبوونەتەوە سەبارەت بە دەستنیشانکردنی یەکێک لەو پاڵێوراوانە".

ئەمەریکا فڕۆکە و مووشەکی دوورهاوێژ ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات

حەسەن ڕۆحانی: ڕووبەڕووی سزاکانی ئەمەریکا دەبینەوە



ئەمیر حوسەینی زەمانی:
هەموو میکانیزمێک بەکاردەهێنین، بۆ ئەوەی نەوت لە ڕێگەی نائاسایی و بە بازاڕی خۆڵەمێشی بفرۆشین.



جۆن بۆڵتن:
ئەمەریکا نایەوێت جەنگ لەگەڵ ئێران بەڕپا بکات، بەڵام ئامادەی وەڵامدانەوەی هەر هێرشێکین.

خەبات: زانکۆ محەمەد

دوای ئەوەی کە سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند، مۆڵەتی دیاریکراوی پێشوو(شەش مانگ) بە وڵاتان بۆ مامەڵە لە گەڵ ئێران و کڕینی نەوتی ئەم وڵاتە دەرێژناکاتەوە. هەر وڵاتێک سەرپێچی لەم بڕیارە بکات بە تونڈی سزا دەدرێت. گۆڕەپانی سیاسی ئێران شڵەژا. بەرپرسانی ئێران، وەک یەکەم کاردانەوەکان بەرانبەر بەم بڕیارە ڕایانگەیاند، کە تاران بێ وەڵام نابێت و بە زووترین کات هەڵوێست و کاردانەوەی دەبێت. لەلای خۆیەوە ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕایگەیاند، بەمەبەستی هۆشداریدان بە ئێران وڵاتەکەی ژمارەیەک فڕۆکە و موشەکی دورهاوێژ ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات.

چەند سیناریۆیەک

دوای ئەوەی کە سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند، مۆڵەتی دیاریکراوی پێشوو(شەش مانگە) بە وڵاتان بۆ مامەڵە لەگەڵ ئێران و کڕینی نەوتی ئەم وڵاتە دەرێژناکاتەوە. هەر وڵاتێک سەرپێچی لەم بڕیارە بکات بە تونڈی سزا دەدرێت. گۆڕەپانی سیاسی ئێران شڵەژا.

بەرپرسانی ئێران، وەک یەکەم کاردانەوەکان بەرامبەر بەم بڕیارە ڕایانگەیاند، کە تاران بێ وەڵام نابێت و بە زووترین کات هەڵوێست و کاردانەوەی دەبێت.

پرسیارەکە لێرەدایە، کاردانەوە و جۆری دژەکردەوەی ئێرانیەکان دەتوانێ چی بێت؟ ئەوەی بە فەرمی لە سەر زاری بەرپرسانی ئێرانی و فەرماندەکانی سوپای پاسداران هاتۆتە دەر، ئەم بژاردانە لە خۆ دەگرێت: داخستنی گەوڕووی هورمز، بەربەستکردنی ڕێگای هاتوچۆی کانتینێرەکانی نەوت، دروست کردنی ڕێگر لە ڕێڕەوی باب المندب لە دەریای سوور، کردنەوەی ئامانجی هێزە سەربازیەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە تایبەت لە سوریا و عێراق، یان کردنەوە ئامانجی هاوپەیمانانی ئەمریکا وەک سعودیە، ئیسرائیل و ئیمارات و بەرژەوەندییەکانیان.

ئەگەری پێکدادان

بەرانبەر بەم هەڕەشانە، ئەمریکا بنکە سەربازییەکانی خۆی لە کەندا و، عێراق، دەریای مەدیتەرانە و دەریای سور بەهێزتر کردۆتەوە. ئەمەش مانای وایە کە ئەمریکا بەراوردی هێرشی چاوەڕوانەکراوی ئێرانیەکانی کردووە، یان تەنانەت پێدەچێ بە ڕێگەی گروپە میلیشیاییەکانی ژێر هەژمونی خۆی بیهەوێ ئامانجەکانی ئەمریکا پەلامار بدات و بەم پێیە شەڕێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستپێبکات.

لەگەڵ ئەوەی کە کۆدەنگی و هاوڕایەکی نێودەوڵەتی سەبارەت بە گەمارۆکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران بوونی نییە، بەڵام گومان لە کاریگەری و شوێندانەربوونی ئەم گەمارۆیانەدا نییە. بەم لە ئێران بکەن و لە دژی بوەستنەوە. دووەم، بەریەککەوتنی ڕاستەخۆی سەربازی.

ئەم سیناریۆیە کاتێک بەهێزترە کە ئێران بیهەوێ گەڕووی هورمز داببخات و قەیرانێکی نەوتی لە جیهان دروست ببێت، یان ئەوەی کە ڕاستەوخۆ پەلاماری ئامانجە سەربازیەکانی ئەمریکا لە کەندا و عێراق وسوریا بدات. سێیەم، دانوستان و دواتر ڕێککەوتن. پێدەچێ بە هۆی گوشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران، وەک ئەوەی سەبارەت بە کۆڕیای باکور ڕوویدا، ئێران چیدیکە نەتوانێ بەرگە بگرێت و لە ئەنجامدا ڕەوتێکی دانوستان و دواتر ڕێککەوتن دەستپێبکەن. ئەوەی بە لای تەرەمپەوە گرنگە ژمارەیەک فڕۆکە و موشەکی دورهاوێژ ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەین. ئاماژەی بەوەشکرد، ئەو بڕیارەی وڵاتەکەی دوای چەند ئاماژە و هۆشدارییەک دێت کە لەماوەی ڕابردودا نیگەرانی و دڵەڕاوکێی دروست کردوە.



ڕەوشی سیاسی و بارودۆخی ڕۆژئاوای کوردستان و دواپێشهاتەکان تاوتوێکرا



دوێنێ دووشەمە، عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی بەئامادەبوونی بەرپرسی دیسکی پارچەکانی تری کوردستان و ئەندامانی مەکتەب، پێشوازی لە شاندی پارتی چەپی کوردستان لە سوریا کرد، کە پێکهاتبوو لە محمود مەلا سکرتێری پارت و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و بەرپرسی پەیوەندییەکان لە هەرێمی کوردستان. لە دیدارێکدا شاندی میوان ڕەوشی سیاسی و بارودۆخی ڕۆژئاوای کوردستان و دواپێشهات و ڕووداو گرفتە سیاسیەکانی نێوخۆی و کێشەو گرفتەکانی بەردەم خەلکی ڕۆژئاوای کوردستان و ناوچەکەی بۆ بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی خستەڕوو، هاوکات تەئکیدی کردەوە باوەڕی گەورەمان بە پاڵپشتی و هەنگاو و بڕیارەکانی سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتی گەلی کوردستان هەیە لە پاڵپشتیان بۆ میللەتی ئێمە لە ڕۆژئاوا، پاشان عەلی حوسێن بەرپرسی پەیوەندییەکانی کوردستانی، خۆشحاڵی بەم سەردانەی ئەوان بۆ کوردستان و ئەو دیدارە دەربڕی و تەئکیدی کردەوە، پارتی بە بایەخەوە لە پەیوەندییەکان و هاوپەیمانی سیاسی نێوان هەر دوولا دەڕوانێت، هاوکات باسی لە گرنگی پەیوەندی گەلی کورد لە گشت پارچەکان و تایبەتمەندی سیاسی واقیعی هەر پارچەیەکی کوردستان و هەماهەنگی و پاراستنی بەرژەوەندی گشتی گەلی کوردستان بەپێویست دانا، هەروەها بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی تەئکیدی کردەوە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان ئێش و ئازاری زۆریان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو بەدەست ئەم واقیعە تاڵەی بەسەر ناوچەکە داهات چێشتوە و داوای لێکردن بتوانن بە یەکگرتویی، هەموو لایەنە سیاسییەکان و مافەکانی گەلی کوردستان بەشێوەیەکی ئاشتی لەم پارچەیەدا بەهەولی نێوخۆ نێودەوڵەتی دابین بکرێت ببێتە جێگای ڕەزامەندی بۆ هەموو خەلک و لایەنە سیاسییەکان، هەرلە دیدارەکەدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی و سکرتێری پارتی چەپی کوردستان ڕەوشی سیاسی و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە بەگشتی و پێشهات و دەرئەنجامەکانی دوایی پرۆسەی هەڵبژاردن لە عێراق و هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی کابینەی نوێ حکومەت تاوتوێ کرد.

دوێنێ ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی ئاریان سەلاحەدین و هیوا جەوهەر کارگێڕانی لق، پێشوازی لە شاندێکی لیستی هاوپەیمانی نیشتیمانی دەڤەری هەولێر کرد کە پێکهاتبوون لە د. ئاشتی شێخانی بەرپرسی دەڤەری هەولێر و عومەر سورچی، عوسمان سورچی، هیجران عەباس.

لەو دیدارەدا هەردوولا باسیان لە بارودۆخی سیاسی ناوچەکە و هەرێمی کوردستان کرد کە ڕووە و گۆڕانکاری گەورە هەنگاو دەنێت، ناوبراو دووپاتی کردەوە کە لەو قۆناغە هەستیاردا، گەلی کوردستان و هێز و لایەنە سیاسییەکان پێویستی زیاتریان بە یەکڕیزی و تەبایی هەیە، پارتی دیموکراتی کوردستانیش بۆ ڕێکخستنەوەی نێو ماڵی کورد و پەرتەوازە نەبوونی، هەمیشە لە زۆرێک لە دوێنێ لە پەرلەمانی کوردستان، د. ڕێبوار بابکەیی سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوندی کوردستانی، پێشوازی لە شاندێکی کۆمەڵەی پەیوەندییە گشتییەکانی کوردستان کرد.

لە دیدارەکەدا ڕەسول سالح خۆشناو سەرۆکی کۆمەڵە سوپاسی سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی بۆ ئەم دیدارە کرد و ئامانجی دامەزراندنی کۆمەڵەی خستەڕوو و گوتی: ئێمە دەمانەوێ بە پێشخستنی پەیوەندییە گشتییەکان و چالاککردنی لە فەرمانگە حکومییەکان، بابکەیی سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی بۆ ئەم دیدارە بە هەنگاوی گرنگ دانا بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکان و ڕەوندی کوردستانی، باسی لە گرنگی پێشخستنی پەیوەندییەکان لە هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕازیبوونی هاوواڵتیان لە حکومەت کرد و ئامادەیی لیژنەی بۆ هەر هاوکارییەکی یاسایی بۆ پێشخستنی پەیوەندییە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان خستەڕوو.

لە کۆبوونەوەکەدا کە نزیکەی کاتژمێرێکی خایاند چۆنیەتی هاوکاری و هەماهەنگی هەردوولا و پێشخستنی پەیوەندییە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان خرایە بەر باس و گفتوگۆ. هەر لە دیدارەکەدا، باس پێشخستنی کۆمەڵەکە کرا و شاندی میوان داوایکرد کۆمەڵەکە ببێتە سەندیکا و لەلایەن خۆشیەوە، سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکان ڕایگەیاند، ئەم بابەتە پێویستی بە تاوتوێی زیاتر هەیە.



بارودۆخەکە پێویستی بە یەکڕیزی و تەبایی زیاترە

بەرپرسی لقی دوو بۆ شاندێکی لیستی هاوپەیمانی:

چۆنیەتی پێشخستنی پەیوەندییە گشتییەکان لە هەرێم تاوتوێ کرا



پەیوەندییەکان و ڕەوندی کوردستانی، باسی لە گرنگی پێشخستنی پەیوەندییەکان لە هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕازیبوونی هاوواڵتیان لە حکومەت کرد و ئامادەیی لیژنەی بۆ هەر هاوکارییەکی یاسایی بۆ پێشخستنی پەیوەندییە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان خستەڕوو.

لە کۆبوونەوەکەدا کە نزیکەی کاتژمێرێکی خایاند چۆنیەتی هاوکاری و هەماهەنگی هەردوولا و پێشخستنی پەیوەندییە گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان خرایە بەر باس و گفتوگۆ. هەر لە دیدارەکەدا، باس پێشخستنی کۆمەڵەکە کرا و شاندی میوان داوایکرد کۆمەڵەکە ببێتە سەندیکا و لەلایەن خۆشیەوە، سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکان ڕایگەیاند، ئەم بابەتە پێویستی بە تاوتوێی زیاتر هەیە.

وەزارەتی تەندروستی لەسەر قەدەغەکردنی نەشتەرگەری منداڵبوون ڕوونکردنەوەی دەدات

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

دکتۆر خاڵس ئەحمەد گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ڕونیکردەوە، دەنگۆی بڕیاری ڕێگری کردن و قەدەغەکردنی نەشتەرگەری بۆ ئافرەتانی دووگیان و ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ ئەو ئافرەتانەی کە دووگیان لە نەخۆشخانەی تایبەت و ئەهلی بڕیاری قەدەغەکردنی نەدراوە، ئەمەش بابەتێکی کەسیە نەوەک کارگێڕی لەبەر ئەوەی ئەو کەسە خۆی بڕیار دەدات و دەچێتە لای کامە پزیشک نەشتەرگەری منداڵبوون ئەنجام دەدات و لەئێستاشدا هیچ بڕیارێک بۆ قەدەغەکردنی نەشتەرگەرە منداڵبوون لە نەخۆشخانە تایبەت و ئەهلییەکان نییە و بۆ نەخۆشخانەی حکومیش ئەوا بە گوێرەی پێویستی کەسەکە بڕیاری ئەنجامدانی نەشتەرگەری منداڵبوون دەدرێت.

کەلار... لە ڕووداوێکی هاتووچۆدا منداڵێک گیان لەدەست دەدات

سەرلە بەیانی دوێنێ دووشەمە لە گوندی گێژەکان سەر بە قەزای کەلار ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگر کە بەمەبەستی فرۆشتنی غاز ڕووی لەو گونده کردبوو، منداڵێکی پێنج ساڵان بەناوی تەها قەیس یاسین، دەشێلێت پاش گەیاندنی بە نەخوشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لەکەلار گیانی لەدەست دەدات. ئێستا بۆ ئەنجامدانی توێکاری پزیشکی، تەرمی منداڵەکە ڕەوانەی پزیشکی داوەریی کەلار کراوە و شۆفێری ئۆتۆمبێلەکەش بەپێی مادەی 24ی هاتوچۆ بەند کراوە.

لە مانگی ڕەمەزانی ئەمساڵ هیچ بەرزبوونەوەیەکی نرخ لەبازاڕ ڕوونادات

قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر:

لە مانگی ڕەمەزان لیژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕ کارەکانیان لەشەوانیش ئەنجام دەدەن



بازرگانێک: ئێمە نرخەکان بەرز ناکەینەوە بەڵکو دوکانداران نرخەکان بەرز دەکەنەوە

ڕاپۆرت ـ فاتیح بەرزنجی:

هەموو ساڵێک لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز نرخەکان گران دەبن و هاووڵاتیان داوا لە لیژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕ لە قایمقامیەتی هەولێر دەکەن، کە کارەکانیان چڕتر بکەنەوەو ڕۆژانە سەردانی بازاڕو کۆگاکانی خۆراک بکەن بۆ ئەوەی لەنزیکەوە لەنرخەکان بکۆڵنەوە تالەو مانگە پیرۆزەدا خاوەنی دوکان و مۆڵەکان پابەندی ڕێنماییەکان بن.

بەپێی قسەی هاووڵاتیان هەندێ لە بازرگان و دوکاندار و خاوەنی سوپەرمارکێتەکان گوێ بەڕێنماییەکان نادەن. بۆ ئەوەی چیتر هاووڵاتیان گلەیی و گازندە لەگرانی نرخەکان نەکەن هەموو ساڵێک لیژنەی پشکنین وچاودێری بازاڕ چەندین ڕێنمایی گرنگ دەردەکەن ولیژنەکان کارەکانیان فراوانترو چڕتر دەکەنەوە

هەموو ساڵێک لەو مانگە پیرۆزەدا گلەیی وگازندەکان زۆردەبن لەسەرگرانی نرخی کالاو خۆراک و لیژنەکانی قایمقامیەتیش بەردەوام بەدواداچوون بۆ کوالیتی خۆراک و بەرزبوونەوەی نرخەکان دەکەن بۆبەدواداچوونی ئەو بابەتە سەردانی بازاڕی هەولێرمان کردو ڕاوسەرنجی ژمارەیەک لە هاووڵاتیان و دوکاندار ولیژنەی قایمقامیەتمان وەرگرت

دیار زاهی ڕلەبازاڕی شێخەڵا خەریکی کڕینی خۆراک بوو گووتی: هاتووم تا بۆ بۆچەند ڕۆژێک خۆراک بکڕم، هەندێ لە دوکانداران لەو مانگەدا نرخەکان گران دەکەن و ویژدانی خۆیان ئاسوودە ناکەن و ڕەچاوی باروگوزەران و باخەڵی خەڵکی ناکەن.

کامەران خالید فەرمانبەر گوتی: داواکارم لەلیژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕ لەو مانگەدا لە دوکاندارانی نرخەکان گران نەکەن و ویژدانی خۆیان ئاسوودە ناکەن و ڕەچاوی باروگوزەران و باخەڵی خەڵکی ناکەن.

شاخەوان ئیسماعیل گوتی: چەندین سوپەرمارکێت و مۆڵی خۆراک ڕێکلام بۆ هەرزانی نرخەکان دەکەن هەر کە سەردانی شوێنەکە دەکەیت هەڵنەقۆزنەوەو نرخەکان گران نەکەن.

وانییەو داشکاندن بۆ کالاّ سادەکان دەکەن و داشکان بۆ خۆراک ناکەن، بەداخەوە ئەو شوێنانە لەپێناو قازانج ڕیکلام دەکەن لەپێناو یارمەتیدانی خەڵکی ئەو کارە ناکەن هەقوایە لیژنەکان

مزگەوت لانەی شۆڕش و بەرخودان و تێکۆشانی میللەتەکەمان بووە



لەشاری شەقلاوە و بە ئامادەبوونی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی بەوەکالەت و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر، ئەحمەد کانی بەرپرسی لقی دوو و مامۆستایانی ئایینی بەرێز و بەرپرسانی حکومی و حزبی و میوانان و جەماوەرێکی بەرچاوی خەڵکی سنورەکە، مزگەوتی حاجی قادر حەمەدەمین خۆشناو لە شارۆچکەی شەقلاوە کرایەوە. سەرەتای مەراسیمەکە بە خوێندنەوەی چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز دەستی پێکرد و دواتر وتەی بەخێرهاتن لەلایەن شوان زاهیر بەرێوەبەری ئەوقافی شەقلاوە پێشکەش کرا، دواتر د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی وتەیەکی بۆ ئامادەبووان پێشکەش کرد و تیایدا پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی جەماوەری خۆشەویست و نوێژخوێنان کرد بەبۆنەی کردنەوەی مزگەوتەکەیان، هەروەها دەستخۆشی لە بەرێز حاجی قادر خۆشناو کرد کە توانیویەتی بەشێوەیەکی زۆر مۆدێرن و سەرنجڕاکێش مزگەوتەکەیان تەواو بکەن و هیواشی خواست کە کردنەوەی ئەم مزگەوتە ببێتە هۆکاری قوڵکردنەوەی گیانی خۆشەویتی پێکەوەیی.

وەزیری ئەوقاف بۆ میوانانی ئامادەبوو دووپاتی کردەوە کە لە رابردوودا مزگەوت، قوتابخانە و فێرگەی مرۆڤایەتی بووە، مزگەوت لانەی شۆرش و بەرخودان و تێکۆشانی میللەتەکەمان بووە، بۆیە قورسایی گەورەی مزگەوت لەلای میللەتی کورد بە هیچ پێوەرێک پێناسە ناکرێت. مزگەوت قوتابخانەی ژیان و کۆکەرەوەی هەموومانە.

هەر لە درێژەی قسەکانیدا بەرێز وەزیری ئەوقاف پشتیوانی دروستکردنی مزگەوت دەکات لە شوێنە پێویستەکان و داواشی لە خێرخوازان و خواپێداوان کرد هاوکار و هەماهەنگ بن لە دروستکردنی هەر پڕۆژە و کارێک کە خێری گشتی تێدا بێت و ببێتە هۆی خزمەتگەیاندن بە خەڵک، هەروەها دەقەری شەقلاوە و خۆشناوەتی بە قەڵای بەرەنگاری شۆرش و تێکۆشانی میللەتەکەمان پێناسە کرد و ئاماژەیدا کە سەفینی سەرکەش سەری بڵندە لەئاست خەباتی بێوچانی تێکۆشەران، کردنەوەی ئەم مزگەوتەش ئەوە دووپات دەکاتەوە کەخەڵکی شەقلاوەی تێکۆشەر و ماندوونەناس ئەوپەڕی خۆشەویستیان بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام و پەیامی ئایندارى هەیە.

وەزارەتی پەروەردە چەند ڕێنماییەک بۆ قوتابیان دەردەکات



دوێنێ دووشەممە وەزارەتی پەروەردە، لە ڕاگەیەندراوێکدا، چەند زانیارییەکی بۆ قوتابیانی پۆلی 12ی ئامادەیی بڵاو کردەوە، کە تێیدا ئاماژە بەوە دەکەن، قوتابیی پۆلی 12ی ئامادەیی بە 3 وانە کەوتوو، دەتوانێت بەشداریی تاقیکردنەوەکانی وزارى بکات و ئەگەر لە 4 وانە زیاتر کەوتبێت، بە کەوتوو هەژمار دەکرێت و دەمێنێتەوە بۆ ساڵی ئایندە. لە خاڵێکی دیکەدا، وەزارەتی پەروەردە ڕایدەگەیەنن، هەر قوتابییەک یەک بابەت یان دوو ساڵ لەسەر یەک لە تاقیکردنەوەی وزارى دەرنەچێت، پێویستە مامەڵەی یەک بابەتی و دوو بابەتی لە پەروەردەکەی خۆی کردبێت، ئەگەرنا ناتوانێت بەشداری تاقیکردنەوەی وزارى بکات و بۆ ساڵی ئایندە دەبێ لە سەرجەم وانەکان تاقیکردنەوە بکاتەوە. ئاماژەشیان بەوە کردووە، ئەگەر هەر قوتابییەک دوو ساڵ لەسەر یەک لە تاقیکردنەوەی وزارى دەرنەچێت، بۆ ساڵی سێیەم سەرپشک دەبێت لەوەی بچێتە قوتابخانەی ئێواران یان بە شێوەی دەرەکی تاقیکردنەوەی وزارى ئەنجام بدات.

هەولێر... قوتابییان لە جیاتی کرێکاران کاریان کرد

خەبات ـ تریفە ئازاد: بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی کرێکاران و هەڵمەتی پاکڕاگرتنی ژینگەی کوردستان کە لە لەلایەن ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیندرابوو، وەک ئەرکێکی نیشتمانی و مرۆڤایەتی، مامۆستا و قوتابیانی قۆناغی دووەمی بەشی فەلسەی کۆلێژی ئاداب، ڕۆژێک لە بری کرێکارەکانی نێو پارکی سامی عەبدولڕەحمان، هەڵسان بە پاککردنەوەی نێو پارکەکە و کارەکانی کرێکارەکانیان لە ئەستۆ گرت و پەیامیان لەم کارە ئەوەبوو، کە بەڵێ دەبێت هەر تاکێک لە ئێمە لە هەر تەمەنێک بێت و دەبێت ژینگەکەی پاک ڕابگرێت و هەست بە پاکبوونی ژینگەکەی وڵاتەکەی بکات و نەهێڵێت ژینگە پیس بێت، چونکە سەر ئەنجام پیسبوونی ژینگە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و ناشیرینکردنی سیمای وڵات. بۆیە دەبێت نەوەکانی خۆمان ڕابێنن لەسەر پاک ڕاگرتنی ژینگە و خۆشەویستی خاک چونکە خاکێکی پاک و ژینگەیەکی پاک تاکێکی بەسوود و تەندروست دەهێڵێتەوە بۆ خزمەت دووپاتکردەوە و بەڵێنیان دا هەردەم لە خزمەتی خەڵک و نەتەوەی کورد دابن.

سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین تاقیگەی نانۆ گلاسی کردەوە



بەئامادەبوونی پ.د.ئەحمەد ئەنوەر دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین، ڕاگری کۆلێژی پەروەردە و ژمارەییەک لە مامۆستایان و قوتابیان تاقیگەی نانۆ گلاس- تاقیگەی شوشە دروستکردن، لە بەشی فیزیای کۆلێژی پەروەردە کرایەوە، کردنەوەی ئەم تاقیگەیەش دەسکەوتێکی گرنگە بۆ پسپۆڕانی بواری بەشی فیزیای کۆلێژی پەروەردە، هاوکات سەرۆکی زانکۆ لەوتەیەکدا باسی لەگرنگی ئەو تاقیگەیە کردەوە و جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێ بۆ ئەوەی ئەم تاقیگەیەوە ڕێنیشاندەر بێ بۆ ئەو کارگانەی شووشە دروست دەکەن، هاوکات ڕاهێنان و خول بۆ کارمەندانی کارگەکانی شووشە بکرێتەوە، ئەم تاقیگەیە بتوانێ لەمبارەیەوە ڕۆڵی بەرچاوی هەبێ. لەلایەکی دیکەوە د.سامان قادر مەولوود بەرپرسی تاقیگەی نانۆ گلاس - تاقیگەی شوشە دروستکردن، سەبارەت بەتاقیگەکە خۆشحاڵی دەبڕی لەوەی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین بەتەنگ داواکارییەکانی ئەم تاقیگەیەوە دێ، باسیشی لەوە کرد کە دەتواندرێ سوودێکی زۆر لەو تاقیگەیە وەر بگیرێ لە بواری شوشە و بکرێتە ویستگەیەک تا قوتابیانی ماستەر و دکتۆرا سوودی لێ وەربگرن لەبواری توێژینەوەدا.

شاندێکی پارێزگای هەولێر سەردانی مەزاری نەمران دەکات



خەبات ـ سەید فەخرەدین: دوێنێ دووشەممە نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر بە یاوەری عەبدلموهەیمن بارزانی ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و نیهاد لەتیف قۆجە قایمقامی ناوەندی هەولێر و قایمقامی میرگەسۆر، سەردانی مەزاری نەمرانی کرد و لەلایەن شێخ خەلات بارزانی نوێنەری تایبەتی سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی کران.

شاندی پارێزگای هەولێر بەڵێن و وەفاداری خۆیان بۆ ڕێبازی هەرگیز لەیاد نەکراوی بارزانی نەمر و کاک ئیدریسی هەمیشە زیندوو کە ڕێبازیان ڕێبازی خزمەت و ئاوەدانی زیاترە دووپاتکردەوە و بەڵێنیان دا هەردەم لە خزمەتی خەڵک و نەتەوەی کورد دابن.

پرسە و سەرەخۆشی

بۆ بنەماڵەی خاتوو ئەیسەم فازل تاهیر

نیگەرانین بە کۆچی دوایی خاتوو ئەیسەم فازل تاهیر هاوژینی (عومەر ئۆغس مزوری)، یاوەری بارزانی نەمر بۆ سۆڤیەت، هەروەها مامۆژینی(عیماد تەها) ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکان لە خودای گەورە داواکارین بەبەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات و سەبووری کەسوکاری بدات.

إنا لله و إنا إليه راجعون

مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی

هەولێر... بەنزینخانەیەکی تایبەت بە ئەمبۆڵانس دروست دەکرێت



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی: فاخیر کرمانجی گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی هەولێر بۆ خەبات ڕایگەیاند: لەپێناو خێرا بەڕێوەچوونی کارەکانی فریاکەوتنی نەخۆش، وێستگەیەکی تایبەت بە ئەمبۆڵانس لە شاری هەولێر دەکرێتەوە. ئەو بیرۆکەیەش دوای کۆبوونەوەی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێر لەگەڵ بەشی کردە پزیشکییەکان و ئەندازە و خزمەتگوزاری و تیمی ئەندازیاری هات و لە کۆبوونەوەکەدا باس لە چۆنیەتی کارکردن لەسەر ئەو پڕۆژەیە کرا و دواتریش ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ڕەزامەندی خۆی پیشاندا بۆ دروستکردنی ئەو وێستگەیە.



لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو شوێنانە بکەن. خاوەنی کۆمپانیایەکی خۆراک گوتی: ئێمە هەمیشە هەوڵماندا وە داشکاندن بۆ کاڵاکان بکەین وڕەچاوی بارى گوزەرانی خەڵکی بکەین وخۆراکێکی زۆر ڕەوانی بازاڕ دەکەین بەتایبەتی لەوماڵەی 3 وانە کەوتوو، دەتوانێت بەشداریی تاقیکردنەوەکانی وزارى بکات و ئەگەر لە 4 وانە گرانی نرخەکان لەلای ئێمە ڕوونادات وهەمیشە لەخزمەتی گشت هاوڵاتیانداینەو لەکۆگاکانی خۆراک بابەتە خۆراکیەکان زۆرترن

قایمقامی هەولێر: بەبۆنەی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز لیژنەکان لە شەوانیش کارەکانیان ئەنجام دەدەن

لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێربۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕوونیکردەوە: پیرۆزبایی لەهەموو موسڵمانان دەکەین بەبۆنەی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزولەومانگەپیرۆزەدا داوالە هاوڵاتیان دەکەم کەبۆمانگی ڕەمەزان کەل وپەلی زیاتر نەکڕن بۆئەوەی خواستی زۆر نەکەوێتە سەر خۆراک ونرخی خۆراکیش بەرز نەبێتەوە لەوحاڵەتەدا نرخەکان بەرز نابێتەوە لێرەوە هاوڵاتیان دڵنیا دەکەمەوە کە لیژنەکان لەو مانگەپیرۆزەدا کارەکانیان فراوانتر دەکەن و لەشەوانیش کارەکانیان ئەنجام دەدەن وپشکنینبۆ کەل و پەلەکان دەکەن و لە شەوانی ئەو مانگە پیرۆزەدا هاوڵاتیان ڕوولە مینی مارکێت و سوپەرمارکێتەکان دەکەن بۆکڕینی پێداویستی ڕۆژانە بۆ ئەو مانگە پیرۆزە بەردەوام لیژنەکان بەهاوکاری وهەماهەنگی لەگەڵ لیژنەکانی تەندروستی وچاودێری بازرگانی وقێتەرنەری وپۆلیسی ڕێککاری و پۆلیسی شارەوانی لەو مانگەدا لەگرانی نرخەکان و کاڵای کوالیتی خراپ و نێکسپایەر دەکۆڵنەوەو هەرکەسێک سەرپێچی بکات ئەوا ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵدا دەکرێت ودڵنیایی دەدەینە هاوواڵتیانی شاری هەولێر، کە بەهیچ شێوەیەک بازاڕ بەرزبوونەوەی نرخ بەخۆیەوە نابینێت و لیژنەکان بەدرێژایی ئەو مانگە پیرۆزە کارو چالاکیەکان زیاتر دەکەن نرخەکان لەبازاڕدا بەرز نەبنەوە، چونکە دەزانین لەو مانگە پیرۆزەدا خواست لەسەر شتومەک و خۆراک زیاد دەبێت و داواش لە هاوواڵتیان دەکەین کە هاوکارمان بن و لەکاتی بینینی هەر نرخ بەرز کردنەوەو سەرپێچیەک دەتوانن لیژنەکە ئاگادار بکەنەوە تا بەدواداچوون بکەن هەرلەومانگە پیرۆزەدا هەوڵ دەدەین سەردانی کۆگاکانی خۆراک بکەین تا لەنزیکەوە لەکوالیتی خۆراک و چۆنیەتی هەڵگرتنی خۆراک ئاشنابین.

لەگەڵدا ناکەین.

جوتیار لەکۆمپانیای نەورەس گوتی: ئێمە وەکو کۆمپانیای نەورەس بەهیچ شێوەیەک ڕێگە بەو کەسانە نادەین بەتایبەتی ئەوانەی کە خۆراک لەلای ئێمە دەبەن ناهێڵین نرخەکان بەرز بکەنەوەلەو مانگە پیرۆزەدا لێرەوە داواش لە هاوواڵتیان دەکەین کە هەوڵ نەدەن کەل و پەلی زیاتر بکڕن لەو مانگە پیرۆزە تا خواستی زیاتر نەکەوێتە سەر بابەتە خۆراکیەکان و هەگیز گوتی: ئێمە هەمیشە بیر لەقازانجی زۆر ناکەینەوەو لەومانگە پیرۆزەش خۆراکێکی زیاتر دەخەینە بازاڕەکان داواش لە هاوواڵتیان دەکەین کە خۆراکی زۆر نەکڕن وهەڵیگرن چونکە ژمارەی کۆمپانیاکانی خۆراک زۆرەو خۆراک لە بازاڕدا کەم ناکات تا نرخەکەی زیاد لە پێویست گران بێت هەریەکێک لەو کەسانەی کەخۆراکی ئێمە دەفرۆشێت بەگران بە خەڵکی بفرۆشێت ئەوا ئێمە چیتر مامەڵەی

دوو سەرکردەی گەنج
کوردستانێکی بەهێز فەراهەم دەکەن





ڕێبوار حەمەلاو شوانی

ڕووداو و پێشهاتەکانی رابردوو، سەلیتەنەری ئەو ڕاستییەن کە چ هێز و لایەنێک بەرپرسیاریەتی گەورەی بەرامبەر بە گەل و نیشتمان بە ئەستۆگرت و ڕووبەرووی هەمو ئەو کێشە و ئاستەنگانە بووەوە کە ڕووبەرووی خەڵکی کوردستان بوونەوە، نەهێشتنی پاشەکەوت و کۆتاییهاتنی شەڕی داعش، کە هەڕەشەکانی هێشتا هەر ماون، هەروەها چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکانی ناوخۆ دەرفەتێکە بۆ بووژانەوەی بازاری هەرێمی کوردستان.

ئێستاش بەپێی هەندێ ڕاپۆرت و ئامار دەبینین کە ساڵی رابردوو بەتایبەتی پاش ئەوەی کە لە مانگی ئاداری 2018 ڕێژەیەک لە پاشەکەوتی موچە دەستکاری کرا و لە مانگی ئاداری 2019 بە تەواوەتی پاشەکەوت هەڵگیرا، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر بازار و جوڵەیەک لە ڕووی بیناسازی، موڵک وماڵ، هاتنەوەی هەندێ لەو کۆمپانیایانە کە کوردستانیان بەجێهێشتبوو دروستبووە. هەروەها هاتنی شانەی بازرگانییەگان لەوانە شانەی بازرگانییەکانی ئەمەریکا، ئێران و تورکیا و هاتنی وەزیری دەرەوەی ئێران و تورکیا لەگەڵ شاندەکەیان، هەمووی ئەوانە ئاماژن کە هەرێمی کوردستان قەیرانەکانی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە. ڕاستە لە سەداسەد چارەسەر نەبووە و کۆمەڵێک گرفتی دیکە ماون، بەڵام دەتوانی سنووردارى بکات لە شوێنێکی دیاری کراو بە شێوازێک لە شێوازەکان کۆمەڵگای لێ بپارێزی و خزمەت بەخودی شێتەکەش بکرێ لەبەر ئەوەی وەک ڤایرۆسێک نیە بڵاو ببێتەوە بەڵام پێچەوانەکەی لە کەسانی تری ناتەندروست لە هەمو لایەنێک جیاوازن هەروەک گوتمان (دز و گەندەڵ و خائین و خۆفرۆش و دووڕو و منافق) پەتاییکە و کوشندەیە لە یەکێکەوە دیارە. کۆمەڵێک خەڵک و کۆمپانیا پەیوەندییان کردووە و هاتوونە و دەشبینین لەو سێ و چوار مانگەی رابردوودا چەندین پێشانگای نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان سازکراون). هەوڵ و کۆششەکان بۆ ئەوەیە کە کوردستان دووبارە بۆ ئەو پێشوەچوونە ئابووریەی 2005 تا 2013 بگەڕێتەوە و داهاتوویەکی گەش بۆ کوردستان دەبینین. گرنگ ئەوەیە کە هێزە سیاسییەکان لە کوردستان یەکڕیزی خۆیان بپارێزن و نیگەرانی خەڵک بەوە دەڕەوێتەوە کە ئەمن و ئاسایش بەرقەرار بێت و سەقامگیری سیاسیش هەبێت. ئەو کاتەیە کە سەرماگوزارانی خومالی و بیانی لە کوردستان سەرمایەگوزاری دەکەن. بە دڵنیاییەوە پیلانێکی زۆر مەترسیدار لەسەر هەرێمی کوردستان بۆ تێکشکاندنی قەوارە سیاسییەکەی هەبوو. بەداخەوە ئەو پیلانە تا ڕادەیەک لە هەندێ شوێن سەری گرت. لە کەرکووک و هەندێ ناوچەی دیکە پێشمەرگە ناچار بوو پاشەکشە بکات. پیلان هەبوو کە شۆڕشەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانیش بگیڕێن و قەوارەی یاسایی و دەستووری هەرێمی کوردستان لاواز بکرێت. هەر دوو پێشمەرگە... هەردوو قوتابیانی قوتابخانە و ڕێبازی بارزانیی لە ماوەی ڕابردوو بە چەندین قۆناغی سەخت و تاقیکردنەوەی قورسدا گوزەریان کردووە لە ڕووی ئەزموونی پێشمەرگایەتی، ئیداری، دیپلۆماسی، ئەمنی و سیاسی، چوارساڵی ڕابردوو، قۆناغ و ئەزموونێکی باشی حوکمرانی بوو بۆ هەر دوو سەرکردەی تێکۆشەر ڕێزداران نێچیرڤان بارزانی و مەسرووڕ بارزانیی بوو. ئاشکرایە ڕۆڵی سەرکردە لە بەرەو پێشبردن و سەرکردایەتیکردنی وڵات لە قۆناغە جیاواز و هەوراز و نشێوەکانی وڵات پێدا تێدەپەڕیت ، ئەرکی بەرپوەبەر زۆر ئاسانترەو لەسەر ئەو بەرنامە وکارە دەڕوات کە بۆی دانراوە بە پێچەوانەی سەرکردە کە ئەرکی دانانی پلانی ستراتیژیەتی پێشڤەچوونی جومگەکانی وڵات و بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری و خۆشگوزەرانی هاونشتیمانیان و بەرەوپێشبردنی پەیوەندیەکانی نێوخۆیی و دەرەکییە. هەموو ئەمانە و چەندین کاری دیکە ئەرکی سەرکردەی سەرکەوتوو لەبەر ئەوەی دیدگا و ئامانجی ئەو زۆر گەورترە ، چونکە ئەو ڕابەرایەتی تێمکی کارکردنی فراوان دەکات بۆ ئەنجام دان و جێبەجێکردنی ستراتیژی بەڕێوەبردنی وڵات .

لە ماوەی رابردوو و لە قۆناغی جیاجیای کوردستان سەرکردایەتی تیمێکی جیاواز لە بیرکردنەوە و ئایدۆلۆژیا جیاواز و ڕکابەری سەرسەختی حزبایەتی کردووە و توانیوێتی بە لێهاتووی و ئەزموونی خۆی لە کارکردن و ئیدارە دانێکی سەرکەوتووانە بۆ تیمی کارکردنەکەی بکاتوو لە چواردەوری یەک ئامانج کۆبان بکاتەوە ئەویش باشتر کردنی گوزەرانی کوردستانیان و بوژانەوەو پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری و هەروەها دەستەبەرکردنی سەقامگیری وڵات جگە لە یەکسانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا و داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت و پەرەدان بە تواناکانی لاوان و قوتابیان و دروستکردنی متمانە لای تاکی کوردی و گەنج بە تایبەتی و لێک نزیکردنەوەی بۆچوونە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردستان ، هەموو ئەمانە وەهەزاران کاری بێ ژمارەی کە لە ئاستی نێوخۆیی ئەنجامی داوە ، لەگەڵ دروستکردنی متمانە بۆ بۆ وڵاتانی زلێهێزی دوونیا بۆ وەگەر خستنی سەرمایەیی خۆیان لە کوردستان و ڕاکێشانی دەیان کۆمپانیای زەبەلاحی جیهانی بۆ کوردستان و ئەنجامدانی سەرمایە گوزاری و هەموو ئەوانەی سەرەوە وایکرد کوردستان بە جۆرێک گەشە بکات و ئارامی و ئاسایشی تێدا بەر قەرار بێت ، ئەمەش وایکرد دەیان کومپایانیی ناوداری جیهانی، نوێنەرایەتی و کۆنسۆڵگەری زیاتر چەندین وڵاتی جیهان لە کوردستان بکرێتەوە .پێگە ومتمانەی دۆزی کورد و ئەزموونەکەی پر بایەختر و بەهێزتر بکات..ئەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە ڕۆڵی سەرکردە لەو خاڵانەی کە لەسەرەوە ئاماژمان پێکرد بەدەر دەکەوێت و ئەزموونی ئەم دووسەرکردە گەنجەی کوردستان (نێچیرڤان بارزانی و مەسرووربارزانی) لێردەدا بە ڕوونی دیار دەبێت، چونکە ئەم دووبەرێزە لە بارودۆخ و قەیرانی ناخۆش و جیاواز ئەسپی حوکمڕانی خۆیان تاوداوە و لەگەڵ وڵات و سیستەم و دەورووبەر و پێکهاتەی جیاواز و پڕ لە ملمانێ حوکمڕانیان کردووە و لەم ڕووەوە ئەزموون و ئاست و توانی باش و لێهاتوویان هەیە لە حکومڕانی وڵاتدا، نەک بە پێچەوانەوە کە ئەوەی لە دونیای دەرەوە هەیە و دەبینرێت کەسێک ئەو پۆست وەردەگرێت و دێتە سەر سفرەی حازر و یەک دەست و بێ کێشە وململانی ناوخۆیی و دەرەکی ، کە وابێت بە تێروانینمان بۆ هەموو ئەوانەی سەرەوە و هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی دەستکەوتەکانی حکومەتی کوردستان لەگەڵ ئەو هەموو کێشە و لەمپەرەی بۆی دروستکراوە، دەتوانین بڵێین ڕێزداران نێچیرڤان بارزانی و مەسرووڕ بارزانی ئەو دوو گەنجە کە توانیویانە بە شێوەیەکی دروست و بە دیدگایەکی ڕوون بەرە و پێشکەوتن و گەشەسەندن لە گشت بوارەکان و ئەم دووسەرکردەی گەنجە کوردستانێکی بەهێز فەراهەم دەکەن و بەرەوە ئاسۆیێکی گەش و گوزەرانێکی باش ئاراستەی دەکەن. هەروەها خەڵکی کوردستانیش بە بایەخەوە دەڕوانێتە کاریزما و توانا و شێوازی کارکردن و ئەزموونی ئەم دوو سەرکردە گەنجە.

هەزار جار شێت نەک جارێک گەندەڵ





فارس قادر فەقێ عەبدوڵا*

شێت وشەیێکە بە زۆر شێواز بە کاردێت، جار هەیە وەک گالتەجاری و جار هەیە بۆ خۆشەویستی بە یەکێک دەگوترێ شێتە یان شێتۆکەیە و جارهەیە لە ئەنجامی کردارێکی ناڕێک و نەگونجاو جاریش هەیە لە حاڵەتێکی تووڕەیی دەگوترێ، بەڵام ئەوەی گرنگە ووشەکە بۆ کەسانێک بەکاردێت کە ناچنە ناو خانەی حقد و کین و خیانەت و دزیەوە هەرچەندە لە بنەڕەتەوە ئەم وشەیە بە کەسانێک گوتراوە کە باری دەروونیان تەواو نەبێ، جا ئەم گووتنە هەر لە حاڵەتێکی سادە و ساکاری دەروونی تا ئەوپەری قورسی و ئاڵۆزی باری دەروونی لە کۆمەڵگا پێی دەگوترێ شێتە یان شێت بووە یان دەڵێی شێتە.

بەهەرحاڵ ئەمە دەستەواژەیەکە بەکارهاتووە و بەکاردێت بەڵام ئەوەی جێگای خۆشبەختیە شێت زۆربەی زۆریان خۆشەویستن, ئەوەی مەبەستمە لەو نووسینەم ئاماژەی پێبکەم شێتایەتی شەرمەزاری نیە ڕووڕەشی نییە خیانەت نیە دزیش نییە بەڵام حاڵەتێکی دەروونییە و دەکرێ کۆمەڵگا چارەسەری بکات یان چاودێری بکات و یارمەتی کەسەکە بدات تا ئەو ڕادەیەی گەر چارەسەریشی بۆ نەدۆزیەوە، بەڵام دەتوانی سنووردارى بکات لە شوێنێکی دیاری کراو بە شێوازێک لە شێوازەکان کۆمەڵگای لێ بپارێزی و خزمەت بەخودی شێتەکەش بکرێ لەبەر ئەوەی وەک ڤایرۆسێک نیە بڵاو ببێتەوە بەڵام پێچەوانەکەی لە کەسانی تری ناتەندروست لە هەمو لایەنێک جیاوازن هەروەک گوتمان (دز و گەندەڵ و خائین و خۆفرۆش و دووڕو و منافق) پەتاییکە و کوشندەیە لە یەکێکەوە زۆر نزیکە و هەڕەشەیە لە سەر هەموان. ئەگەر بڵێین هەموو کەسانی ناتەندروست شێتن ئەوا هەڵەیەکی گەورە دەکەین و ئەو کەسانە ڕەنجدەر دەبن کە ئەو نەخۆشیەیان هەیە و ئەو کەسانەش کە ئەو نەخۆشیەیان نیە بەهۆی ئەو وشەیەوە ڕەنجدەر دەبن و ئازار دەچێژن.

کاریگەری دەبێت بۆ سەر هەزار و لە هەزارەوە دەبێت بۆ ملیون لەبەر ئەوەی کارەکانیان لە ژێر پەردەیە و بە نهێنی و بە بەرنامەیە و خودی کۆمەڵگا سەرتاسەر و سەرتاپا ناشرین و ژەهراوی و گلاو دەکات تەڕ و وشک بە یەکەوە دەسوتێنی بە کورتی ڤایرووسێکە لە جەستەیێک دەچێتە هەزاران و دەیان هەزار جەستە و تێکەڵی ئاو خاک و خۆل دەبێت و سەرتاپای کۆمەڵگا ئازار دەدات، کەچی شێت ڤایروساوی نیە و لە جەستەیێک ناچێتە ناو جەستەیەکی تر و هەرگیز مەرج نیە (نەوە و بەچکەی) شێت شێت دەرچن، زۆرجار نەوە و بەچکەی شێت شێخ و مرۆڤی گەورەی لێ دەردەچن، مرۆڤی گەورە و جوان دەبن، بەڵام نەوەی دز زۆربەیان دزە و نەوەی خۆفرۆشانیش خۆفرۆش دەبن.

ئەوەی مەبەستمە لەو گفتوگۆیەم لە ماوەی کارکردنم لە نێوان ئەو 28 ساڵە زۆرجار دەبینم بە خۆی نەبێ نەزانە و شێتە!! بەڵێ لە نەزەر خائینەکان ئەوەی خائین نەبێ شێت و نەزانە و لە بەرژەوەندیی خۆی نازانێ بەڵێ وایە ئەم وشەیە بە دڵسۆزان دەگووترێ و لەو سەردەمە لیستی شێتایەتی دڵسۆز و خاوێن و ڕاستگۆ و حەق بێژەکانی گرتووتەوە کاتێک دزێک کە بە گەندەڵی و مالی میللەت لاف لە سەر خەڵک لێدەدات وەدڵسۆزە کە خاوەن خەبات و خاوێنە کە باسی گوزەران و نەبوونی خۆی دەکات، دزەکە دەڵێت گوناحی خۆیەتی و شێتە و نازانێ بخواو لە ئێمەشی تێکداوە و زۆرجار ئەم جۆرە خاوەن بیرورا خاوێنانە بە ناوی قسە ڕەق و نەزان و بێ تەحەمولی لەسەر کورسی بەرپرسیاریەتی لادەدرێن و پێیان دەگووترێ لەبەر بەرژەوەندیی گشتی لادراوە چونکە بەربەستە بۆ کاری هاووڵاتیان، لە حەقیقەتیش وانیە بەڵکو ڕاستییەکە ئەوەیە کە بەربەستە بۆ دزەکان و بۆ خاوەن بەرژەوەندییە تایبەتەکان نەک بۆ میللەت، بەڵێ ترسنۆک، لەرزۆک خۆفرۆشان زۆرکات براوەن و سەرکەوتوون، بۆ نمونە لە زەمانی رژێم ترسنۆک و بەرژەوەندچییەکان بوون بە جاش و هیچ ئازاریان نەچێشت تەنها کەسانێک نەبێ کە شۆڕش لێیان بە ئاگابوو ئەمەیان ئاسایی کەچی و دوایی ئەوانی تریش زۆربەیان هاتنەوە سەر گۆڕەپانی سیاسەت لەبەر منافەسەی حزبایەتی جارێکی تر بوون بە هەمان پیاوی زەمانی پێشوو بگرە زیاتریش، نمونەیەکی تر ئەوەی لە سەردەمی رژێم بوو بە بەعسی توانی خوێندنی بالا ماستەر و دکتۆرا تەواو بکا و لە ناو عێراق و بەشێکیشیان عێراق زەمالەی دەرەوەی وڵاتی پێ دان ئێستا لاف لە سەر خەلک لێدەدەن و زۆریش مجامەلە کراون لە سەر حسابی دڵسۆزان، کەچی ئەوەی نەبوو بە بەعسی نەیتوانی سودمەندبێ ئەو سەردەم هەروەک خۆی ماوە و ئێستاش ئەو خاوەن شەهادانەی زەمانی رژێم حوکم لە سەر چارەنوسی ئەوانی تری دڵسۆز دەدەن گوایە ئەوان علمین، خاوەن شەهادەن وەزۆر لە دزەکانی زەمانی پێشوو چ وەک موستەشار یان پیاوی رژێم ئێستاش خاوەن کۆمەڵێک کۆمپانیا و پڕۆژەن، چونکە لێزانن و دەستیان بەسەر هەندێک جومگەی ئیداری و زانستی گرتووە.

بۆیە دەڵێین بەڵێ ئەم شێتانە گەر شێت بن شێتی دەستی دز و جەردە و خیانەتکارانن، شێتی دەستی غەدری زەمانن، چونکە ناتوانن بگونجێن لەگەڵ گەندەڵکاران و بەرژەوەندچییان، بەڵێ ڕەنگە وابێ و وا دیاربن، گەر واشبوون دەڵێین بۆیە عەقل لە دەست دەدەن چونکە ناگونجێن لەگەڵ دزان، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەخلاق لە دەست نادەن لە ناخەوە دەکولێن لەگەڵ خۆیان دەدوێن تووشی خەمۆکی و نەخۆشی دەرونی دەبن لە بەر ئەوە ئومێدێک و خۆزگەیێکیان هەبووە و ڕێگایان پێ نەدراوە کاری تێدابکەن کە ئەویش بەرژەوەندیی گشتی و عەدالەت و یەکسانیە و دژ بە ڕەفتار و کرداری دز و جەردە و خۆفرۆشان هەروەک ئەو عاشقە خاوێن و ڕاستگۆیانەی کە نەگەیشتن بە مەرامیان و لە ئەنجام تەنیایی و دێوانەیان هەڵبژارد بۆ نمونە ئەو عەشقەی کە شێخی سەنعان لە ناخی کوڵا بوو کە ئەویش دەورێشی و ئایینەکەی بوون ئەگەرچی کچە گاورێک لە تەمەنی 14 ساڵی توانی شێخ لە خشتە ببات و وای لێ بکات لە ژیانی واقعی خۆی لابدات، بەڵام کە دەورێشەکانی شێخ هاتنەوە بەرامبەری و چوونە ناو خەڵوەت عشقی حەقیقی خودای مەزن و دڵۆڤان شێخی تەمەن هەشتا ساڵ گەڕاوە سەر عەشقە گەورەکەی و کیژۆڵەی 14 ساڵی بە جێ هێشت چونکە عەشق و شەیدا و شێتی خودای خۆی بوو بۆیە لە ناو گاورەکان و لەگەڵ کیژۆڵەیەکی 14 ساڵان نەیتوانی ژیان بەسەر ببات کەواتە خۆشی و سەروەت و سامان و چێژی ژیانی نا تەندروستی لە ژێر پێنا کە ئەویش (دەف خەلوەت خواناسی عەشقە گەورەکەی شێخ بوون) بۆیە لە کۆتاییدا لە ناو ئەواندا دۆزییەوە گەر شێتیش بوو چاک بووەوە بەڵێ وایە هەروابووە ڕاستی و عەدالەت و حەق گووتن دۆزمنی زۆرە، ئەم وتەیەش ڕاستە کە گووتراوە (ڕاستی کەسی پێ نەهێشتم) بەڵێ ئێمەش گەر شێت بین شانازی دەکەین کە لەنێو ئێمەماناندا دز و جەردە و گەندەل و خۆفرۆشی تێدا نیە و گەر لە عشقەوە شێت بین لە تایفەی شێخی (صنعان) بین و عەشقەکەمان خودایی بێت نەک لە سەر مساومە کردن بە ئاین بێت. زۆر بە داخەوە کە دز و جەردە و گەندەڵ پێناسەی ئەهلی عشق و شێتی ڕاستگۆیی دەروێشی خانەقا و ڕێگای حەقیقەت و عەدالەت بکات بەڵێ گەر ڕاستگۆیی شێتەتییە شێتین شێتی حەقیقەتین، شێتی ڕاستین، شێتی خاک و وڵاتین، شێتی دەستی گەندەڵکار و خیانەتکارانین دەروێشی ڕێبازی ڕاستەقینەی بارزانین هەر ئەوەمان زانیوە و هەر ئەوەش دەزانین شێت و عاشق بە کورد و کوردستانین! یەک جار دەژین و دەمرین بۆیە خاوەن ئیرادەی خۆمانین.

*** ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتزگای هەولێر (پ.د.ک).**



سەرەڕای دواکەوتنی... دواجار ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی کوردستان کرا

خەبات: تریفە ئازاد

لە **30**ی ئەیلولی **2019** هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجامدرا، بەڵام بە هۆی ناکۆکی هەندێک لە حزبەکان پێکهاتنی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی کوردستان لە کاتی خویدا دواکەووت. ئینجا دوابەدوای چەندین کۆبونەوە و ڕێککەوتن دواجار لە ڕۆژی **5**ی ئایاری **2019** شاندێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی ڕێزدار نێچرڤان بارزانی سەردانی شاری سلێمانی کردو لەگەڵ بزووتنەوەی گۆران و کۆبوونەوەو ڕێکەوتنی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی کوردستان نێوانیان ئیمزا کرا. هەروەها ئێوارەی هەمان ڕۆژ، هەمان شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش کۆبوونەوە و ڕێککەوتنی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی کوردستان لەگەڵ ئەوانیش ئیمزا کرا، لێرەدا هەوڵدەدەین ڕاو بۆچوونی نووسەر و شارەزایان دەربارەی ئەم ڕێکەوتنە بخەینەڕوو:



محەمەد فەرحان

هەموو هەوڵێکی پارتی بۆ پاراستنی یەکریزی بووە دەربارەی ڕێککەوتنەکەی نێوان هەرسێ حزبی سەرەکی کوردستان (پارتی و یەکێتی و گۆڕان) سەرەتا محەمەد فەرحان بەڕێرسی لێتی دەروبەری یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات دا گوتی:

لە دوایی ٢١٨ ڕۆژ لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ڕۆژی ٥ی ئایار ڕێککەوتنی کۆتایی بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی کوردستان لەنێوان هەردەک لە پارتی و یەکێتی و گۆران واژووکرا، دوای چاوەڕوانیەکی زۆری خەڵک بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان چاوەڕوانیەکە کۆتایی هات و خەڵکی کوردستان بەتامەزرۆییەوە لەو ڕێککەوتنەی نێوان لایەنە سیاسیەکانی دەڕوانی، مللمانێی نێوان لایەنە سیاسیەکان بەتایبەت یەکێتی و گۆران لەسەر بەدەستهێنانن و وەرگرتنی زۆرترین پۆست لەکابینەی نوێ، بووە هۆی دواکەوتنی پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان وەک براوەی هەڵبژاردنەکان و حزبی یەکەم بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێ بەشێک لەو پشکانەی کەبەری دەکەوت لە حکوومەت و پەرلەمان بەخشی بەولایەنانەی کە ناکۆک بوون لەسەر وەرگرتنی پۆست و هاتنە نێو حکوومەتی نوێ، بێگومان بەخشینی ئەو پۆستانەی کەبەر پارتی دەکەوێت بەلایەنەکانی تر لەپێناو یەک ڕیزی گەلی کوردستان و لایەنە سیاسیەکانە، بۆ ئەوەی حکوومەتێکی زۆرینە و بەهێز پێک بهێنرێت وە ئیدی ئەوەشمان بۆ دەردەخات و وەک مانگە شەو دیارە کە ئەوان مللمانێی بەدەستخستنی پۆستیان دەکرد و هەموو هەوڵەکانی پارتیش بۆ پاراستنی یەکریزی کوردستان بوو بەڕەو کوردستانێکی بەهێز کە ئامانجێکی پیرۆزی پارتییە. دواکەوتنی حکوومەت بێگومان کاریگەری نێگەتیڤی بەسەر بارودۆخ و گوزەرانی خەڵکەوە هەیە و و کاردەکاتە سەر کایەکانی ڕۆژانە و خودی ژیانی تاکەوە، کابینەی نوێی ئەم جارە جیاوازترە لە تەواوی کابینەکانی تری ڕابردوو، دوای ئەو نەهامەتی و شەڕ و قەیرانە دارایینەی بەسەر کوردستاندا هات ئەرکەکەی قورسترە دەبێت بۆ هێنانەوە سەر پێگە و سکەی خۆی بەڵام مەسرور بارزانی کە کاندیدی پارتی دیموکراتی کوردستانە بۆ بوونی بەسەرۆکی کابینەی نۆیەم بە لێهاتووی خۆیی و توانا و ئەزموونی ڕابردوویی، دەتوانێت سەرکەوتووانە ئیدارەی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان بکات.

ڕێککەوتنی نێوان پارتی یەکێتی داهاتی تاکی کوردستان زیاد دەکات

ڕۆندک فارس شارەزای ئابووری لە بواری کاریگەریە ئابووریەکانی ڕێککەوتنی نێوان پارتی و یەکێتی و گۆران، لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

لەهەرێمی کوردستان دا، بوژانەوی کەرتی ئابووری و بژێوی خەڵک بەستراوەتەوە بە بوونی حکوومەتێکی بەهێز، لە ئێستادا ڕێککەوتنی نێوان پارتی ویەکێتی و گۆڕان و پێکهێنانی کابینەیی نۆیەمی حکوومەت کاریگەرییەکەی زۆری لەسەر بازاڕی هەرێمی کوردستان دەبێت و هۆکارێکە بۆ سەقامگیریی وگەشەی ئابووری زیاتر لە کوردستان، ئەمە لەکاتێک دایە دوای ئەو ڕووداوانەی بەسەر کوردستان و ناوچەکدا هاتوون، نزیکەی دوو مانگە هەرێمی کوردستان قەیرانی ئابووری تێپەڕاندووەو بارو گوزەرانی خەڵک باشتر بووە، ڕێژەی وەبەرهێنیانی ناوخۆیی و بیانی لە کوردستان لە هەڵکشانی بەردەوامە، ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر بژێوی هەر تاکێکی کوردستان، چونکە بەرقەرارببونی ئەم دوو سێکتەرە، هۆکارێکە بۆ گەشەی سێکتەرەکانی تری کار لە بازاری ناوخۆییدا، بەتایبەت زیادبوونی هەلی کارو نزمبوونەوەی ڕێژەی هەژاری و بێکاری، ئەمە لەلایەک لەلایکی ترەوە ئەم ڕێککەوتنە کاریگەری لەسەر ڕێککەوتنی نێوان حکوومەتی فیدراڵ وهەرێمی کوردستانیش دەبێت، چونکە دوای ئەنجامدانی ڕێفراندۆم، کوردستان بەرەو سەربەخۆی هەنگاو دەنێت بەتایبەت لەڕووی سیاسەتی بەرهەم هێنانی نەوت و هەناردەکردنی، ئاساییبونەوەی پەیوەندییەکانی ئەم دوو حکوومەتە لەم دوایانەدا هەوێنێکن بۆ باشبوونی گوزەرانی خەڵک، بۆیە دەستبەکاربوونی کابینەی نوێ ی حکوومەت دەبێتە هۆی گۆڕینی هاوکێشە سیاسییەکانی هەرێم لەگەڵ بەغداوە، چونکە یەکڕیزی کورد لەبەغداد



ڕۆندک فارس

فشارێکی نێودەوڵەتی دروست دەکات، کابینەی حکوومەتێکی نوێی کوردستان ، دەرفەتێکی تر بۆ حکوومەتی کوردستان، بەتایبەت کە ناوچەکە لەبەردەم گۆڕانکاری نوێدان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە ئاراداون. بۆ کوردستان هەلێکی گرنگە بۆ پێشخستنی پەیوەندییە ئابووریەکانی لە بواری بازاڕی وزە و نەوت بەتایبەت دوای گەمارۆییەکانی ئەمریکا بۆ ئێران.

بەنەفەسێکی درێژو فراوانەوە پارتی سەرکەووبوو لە دانوستانەکەدا

صانع شەریف شێرۆانی، ماموستا لە فاکەلتی یاساو پارتی بەڵام ئەگەر شیکردنەوەیکی وورد ئەم سیاسەتە پارتی بکەین ئەوا زۆر لەم بەرکەوتانە گەورەترە کە بەیەکێتی بەخشیووە چونکە، یەکەم پارتی بەم هۆیەوە پارتی نەیهێشت دوو ئیدارەیی لە هەرێم ڕووبدات کە زۆرێک لە نەیارانی کورد چ لە عێراق و چ لە ناوخۆی هەرێم حەزیان دەکرد، دووەمیان نەیهێشت ئەجندای دەرەکی جێبەجێ بێت بەسەر حکوومەت و هەرێمی کوردستان تاوەکو هاوشێوەی ولاتانی یەمەن و لوبنان بەسەرنەبێت کە بەڕاستی پارتی زۆر سەرکەوتووبوو لە سیاسەتەکەی بەنەفەسێکی درێژو فراوانەوە. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئەو کارەکتەرانە کێ بوون کە هەمیشە و بەردەوام هەرێم لە هەر حالەتێکی نەخوازراو مەترسیدار دەپارێزن بێگومان قولترواین وخوێندنەوەی سەرۆک بارزانی هۆکارێکی سەرەکییە ،و دیبلوماسیەتی سەرۆکی داهاتووی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی هەرێم و لەڕووی نێودەوڵەتییەوەش هۆکارێکی تری بەهێزی پێگەی هەرێمە ، لە دیوێکی ترەوەش ڕۆلی بەرێز سەرۆکی داهاتووی حکوومەتی



صانع شەریف شێرۆانی

هەرێم مەسرور بارزانی لە ئاسایشی هەرێم ئەمەش هۆکارێکی ترە کە لە ئەنجام کوردستانێکی بەهێز دێتەکایەوە.

بەیوندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی سۆران و قوتابی دکتۆرا لە یاسای نێودەوڵەتی گشتی لە بارەی ڕێککەوتنی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەلایەک و پارتی و بزوتنەوەی گۆران لەلایەکی دیکەوە، لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

ڕێککەوتنی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزوتنەوەی گۆران بەتایبەت پارتی و یەکێتی فاکتەرێکی گرنگن بۆ سەقامگیری ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە ڕێککەوتنەکە دەبێتە هۆی بووژاندنەوەی ئابووری هەرێمی کوردستان کە کارەکاتە سەر بەرەو باشبوونی دۆخ و بژێوی ژیانی هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان. گرنگتر لەمەش دەبێت هۆی بەرەوپێشچوونی زیاتری پەیوەندیە دیبلۆماسییەکانی هەرێم لەگەڵ ولاتانی جیهان کە زیاتر گرنگی بە هەرێمی کوردستان بدەن بێگومان ئەمەش دەبێتە پستگیریەکی نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان هەم لەڕووی ئابوورییەوە کە کۆمپانیاکانیان بێن لە هەرێمی کوردستان کاربکەن. جگە لەمەش لەڕووی سیاسیی و سەربازی و ئەمنیەوە پشتگیری لە هەرێمی کوردستان دەکەن بەمەش دەبێتە هۆی مسۆگەرکردنی ئاسایشی هەرێم دوور لە هەر هەڕەشەو مەترسییەکی تیرۆر هەروەکو چۆن هەرێم پشتگیری کرا لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە شەڕی دژی داعش. جا لەهەمووی گرنگتر ئەم ڕێککەوتنەی نێوان پارتی و یەکێتی و گۆڕان، دەبێتە هۆی زیاتر بەهێزکردنی پێگەی هەرێم بەتایبەتی دوای ڕێفراندۆم کە هەرێم بە قۆناغێکی سەختدا تێپەڕی، دواجار حکوومەت متمانەی بەدەستهێنایەوە. لە دیوێکی دیکەوە ڕەنگە زۆر بیر لەوە بکەنەوە کە یەکێتی زیاتر لە حەقی خۆی پێدراوە لە لایەن



بەدرخان زاوێتەیی

هەرێمی کوردستان ئەمساڵ لە هاوینێکی سیاسیی سارد دا دەژیێت

ڕوون و ئاشکرایە ئەوەی لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوو بەسەر خەڵکی هەرێمی کوردستان هاتووە بەسەر هەر دەوڵەتێکی دیکە بهاتبایە ئێستا دەبوونە کەمینەیەک، لەگەڵ ئەوەشدا، کە هەرێمی کوردستان ئەو هەموو نەهامەتیەی بەسەر هاتووە، وەک: شەڕی دژی تیرۆر، سزای ئابووری و سیاسیی بەغدا لەلایەک و دژایەتی دەوڵەتانی ئیقلیمی لەلایەکی تر، دووبەرەکی و پیلان و شوێنەواری ئەجیندای دەرەکی دژی هەرێم و ململانێی حزبی و قەیرانی بەردەوامی سیاسیی، کە کوردستان بەدەستییەوە دەنالێنێت بەهۆی وەلای هەندێک حزب بۆ ئەجیندای دەرەکی نەک بۆ کوردستان و ژمارەی زۆری ئاوارەکان بۆ ناو هەرێمی کوردستان، کە کاریگەری لە قەوەتی مایەکی کرد، بەڵام کوردستان زۆربەی مەینەتییەکانی تێپەڕاند و ئێستا زۆر لە پێشوو بەهێزترە و هێشتا هەرێمی کوردستانی فیدرالی هەناسە دەدات. لەگەڵ زەحمەتی و تەحەدییەکان و ئەمەش هەمووی بۆ ئەو بڕوا پتەوە دەگەڕێتەوە، کە گەلی کوردستان بە دۆزەکەی هەیەتی. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئەم هاوینە چی چاوەڕوانی هەرێمی کوردستان دەکات؟

ەی تێرۆانین و ئاماژەکان، کە پشت بە هەڵکەوت دەبەستێن جەخت لەوە دەکەنەوە، کە سەبارەت بە هەرێمی کوردستان ساڵی **2019**یەکلاکەرەوەو سارد دەبێت. سەبارەت بە بەغداش زۆر گەرم دەبێت لە هەموو لایەنێکی سیاسی و ئابووری و ئاسایش و هەتا کۆمەڵایەتیشەوە!! ئەمەش پاش ئەوە دێت، کە ئەمەریکا پێی ناوەتە جێبەجێکردنی ئیستراتیژییە نوێیەکەی لە دژی ئێران دا، کە لە **2019/5/2** جێبەجێ دەکرێت. زۆربەی وڵاتان بەتایبەتی تورکیا ناچار دەبن لە ئەلتەرناتیڤی نەوت و غازی ئێران بگەڕێن، ڕەنگە لە کاتی ئێستا دا کوردستان ئەلتەرناتیڤێکی ئموونەیی بێت بۆ تورکیا. ئەمەش وەزیری دەرەوەی تورکیا ناچار کرد بە سەردان بێتە بەغدا، جا هەولێر و لەگەڵ سەرکردەکانی هەرێم کۆببێتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە بەغدا لەبەردەم دوو ڕێوشوێن دایە ، نەک سێیەم، کە ئەویش ئەوەیە یان ئەوتا هەنگاو بنێت بەرەو چارەسەرکردنی گرفتەکان و جێبەجێکردنی دەستوور و هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکان و دەرچوون لە بن فشاری ئێران. ئەمەش لەژێر سایەی ئەوەی ئێستا لە عیراق ڕووەدات پێدەچێت ئەستەم بێت. یان خزانە ناو پشێوی و دابەشبوونی ناچاری و لەم بارەدا بەهۆی ریفراندۆمەکەوە کوردسان نامادەیە پێ لە قۆناغێکی تر بنێت. شتێکی سروشتییە پاش ئەو هەموو دووبەرەکی و پیلانانەی لە دژی هەرێمی کوردستان کران و پاش خیانەتەکەی **16**ی ئۆکتۆبەری ساڵی **2017** و بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی و بەشداریکردنی بە هێزەوە لە حکوومەتی عیراق. هەروەها ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو هەموو هەڕەشەو ئەستەمیانەی ڕووبەڕووی بوویەوە. پێدەچێت ئەنجامی گۆڕانکارییەکان نایاب بن و هاوینێکی سارد بەڕێبکات بەپێچەوانەی سالانی ڕابردوو قۆناغی داهاتوو زۆربەی ئەنجامەکانی لە بەرژەوەندی کوردستان دەبێت، واتە لە چاوەڕوانی ڕووداوەکانە نەک سەپاندنی تێرۆانین بەسەریدا. ڕوون و ئاشکرایە، کە ماوەیەکی ئەوەندە زۆر نییە بەغدا لە قەیرانگەلێک دا دەژیێت و لەماوەی کەمی دادێش ئەگەری ئەوە هەیە ڕووبەڕووی قەیرانی دیکەش بێتەوە، لە حاڵەتێکدا نەتوانێت پابەند بێت بە ئیستراتیژیەتی ئەمەریکا دژی ئێران و بەهۆی نقوومبوونی بە قەرزو گەندەڵی ناوخۆوە دەبێتە هۆی داڕمانی دەزگەکانی دەوڵەت و قەیرانی دیکەی ڕووبەڕوو دەبێتەوەو لە کۆتاییدا کۆدەتایەک دروست بێت و وا لە عیراق بکات ببێتە گۆڕەپانی نەک تەنها ئیقلیمی بەڵکو نێودەوڵەتیش بەپێچەوانەی هەرێمی کوردستان، کە زۆربەی قەیرانەکانی تێپەڕاندووەو بەهێز بۆتەوەو بۆ هەموو شتێک ئامادەیە و بۆیە هاوینەکەی سارد دەبێت.

هەموو ئەمانە ئەوەمان بۆ ڕوونەدەکاتەوە، کە بەهۆی سیاسەتی حکوومەتی هەرێم و توانا کانی لە پارێزگاریکردن لە هاوسەنگی پەیوەندییەکان بەتایبەتی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەنجامی نایابی چنگ کەوتووە سەرباری سەردانی پۆمپیۆ بۆ هەولێر و هەروەها سەردانی شاندێکی باڵای کۆنگرێس و پەیوەندییە تەلەفۆنیەکەی مایک پێنس سەرۆکی ئەمەریکا و ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لە **2019/4/25** جەخت لەوە دەکەنەوە، کە لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە، لەلایەکی تر بڕیاری سەرۆکی ئەمەریکا بە دانان بە قودس وەک پایتەختی ئیسرائیل و دواتر دانان بە سەروەری ئیسرائیل بۆ سەر بەرزاییەکانی جۆلان و بێدەنگبوونی کۆمەڵی نێودەوڵەتی بەرامبەر ئەمە و فەشەلهێنانی ئێران لە بەکارهێنانی گەلانی ناوچەکە و هاندانی دژی بڕیارەکانی ترەمپ و ڕوودانی خۆپیشاندانەکان و دەستێوەردانی لە کاروباری دەوڵەتان و دروستکردنی هەڵکەوتێکی پێچەوانە بۆئەوەی ئەمەریکا نەتوانێت ستراتیژییە نوێیەکەی لە ناوچەکە جێبەجێ بکات، کە لە بنەڕەتدا دژی ئێرانە. هەموو ئەو ڕووداوانە جەخت لەوە دەکەنەوە، کە ساڵی **2019** یەکلاکەرەوە دەبێت لە تەواوی ناوچەکەو دۆزی کورد بەتایبەتی و بەڕێوەچوونی ئیشوکارەکان بەم شێوەیە لە بەرژەوەندیی کوردستان دەبێت. بۆیە هەندێک لایەنی سیاسیی عیراقی و هەندێک لایەنی کورد و بە پاڵپشتی ڕاستەوخۆی هەندێک ئەجیندای ئیقلیمی و نێودەوڵەتی پشێوی و دووبەرەکی لە ناو کوردستان دروست دەکەن.

لە عەرەبییەوە: شوان سەرابی

وون بوون

ناسنامەی کۆلێژی پەروەردە بەشی زمانی کوردی بەناوی ناسکە نایف عثمان وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ڕەگەزنامەی عیراقی بەناوی حسین اوغز شمس الدین وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

فقدان الهوية

-فقدان الهوية الصادرة من الهيأة العامة لتشغيل مشاريع الري والبزل / ديالى،باءسم (صباح علي عزيز) ،الوظيفة / حرفي ،رقم الهوية ١٥١٩١ ، تاريخ الاصدار ٢٠ / ٥ / ٢٠١٣ ، تاريخ النفاذ : ١٩ / ٥ / ٢٠١٧

***

محكمة المواد الشخصية في القوش
العدد/ ٢٣/مواد/٢٠١٩
التاريخ/٢٠١٩/٥/٥

اعلان

الى المدعى عليه (زياد جبرائيل نوح) السكن تلكيف قرية باطنايا سابقا ومجهول محل الاقامة حاليا

اصدرت هذه المحكمة قرارها المرقم بالعدد ٢٣/ مواد/٢٠١٩ في ٢٠١٩/٤/٢٨ والمتضمن بابطال عقد الزواج المرقم ٢٠١٥/١٤٥ والصادر من محكمة المواد الشخصية في تلكيف بتاريخ ٢٠١٥/٨/٢٣ بينك وبين زوجتك المدعية (نغم نجيب مروكي) قرارا قابلا للاعتراض والتمييز وعند عدم اعتراضك ضمن المدة القانونية البالغة ثلاثين يوما سوف يكتسب الحكم الدرجة القطعية ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين وصدر الحكم بتاريخ ٢٠١٩/٤/٢٨
القاضي / حسام الدين احمد علي

***

محكمة المواد الشخصية في القوش
العدد/ ١١/مواد/٢٠١٩
التاريخ٢٠١٩/٥/٢/

اعلان

الى المدعى عليها (كوردستان بيبو سيتو) تسكن قضاء الشيخان مجمع مهد سابقا ومجهولة محل الاقامة حاليا

اصدرت هذه المحكمة حكما غيابيا بتاريخ ٢٠١٩/٤/٢٨ بتصديق الطلاق الخارجي الذي اوقعه المدعي (سرهات عيدو علي) عليك والواقع خارج المحكمة بتاريخ ٢٠١١/٩/١٠ واعتباره طلاقا بائنا بينونة صغرى ولا يحل احدكما للاخر الا بمهر وعقد جديدين ولا عدة عليك ويجوز لك التزوج من رجل اخر بعد اكتساب الحكم الدرجة القطعية حكما غيابيا بحقك قابلا للاعتراض والتمييز وعند عدم قيامك بالاعتراض او الطعن تمييزا ضمن المدة القانونية البالغة ثلاثون يوما سوف يكتسب الحكم الدرجة القطعية وصدر الحكم بتاريخ ٢٠١٩/٤/٢٨
القاضي / حسام الدين احمد علي

***

مديرية التسجيل العقاري العامة
دائرة التسجيل العقاري فى طق طق
العدد : ٣١٨
التاريخ : ٢٠١٩/٤/٢٩

اعلان

طلب تسجيل عقار مجددا

بناء على الطلب المقدم الى هذه الدائرة بتاريخ (٢٠١٩/٤/٢٩) لتسجيل تمام العقار تسلسل (٩٨ محله رزگاری) باسم (بهاءالدين حسين عبدالله) مجددا باعتباره حائزا له بصفة المالك للمدة القانونية , ولغرض تثبيت الملكية المذكورة تمهيدا التسجيلوفق احكام قانون التسجيل العقاري رقم (٤٣) لسنة ١٩٧١ قررنا اعلان هذا الطلب . فعلى كل من يدعى بوجود علاقة او حقوق معينة على هذا العقار تقديم ماليديه من بينات الى هذه الدائرة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالي لنشر هذا الاعلان وكذالك الحضور في موقع العقار في الساعة العاشرة صباحا من اليوم التالي لانتهاء مدة هذا الاعلان وذالك لاثبات حقوقه موقعيا في الكشف الذى سيجري في اليوم المذكور لهذا الغرض .
مدير / دائرة التسجيل العقارى فى طق طق
ياسين برايم صابر

***

رئاسة محكمة استئناف منطقة كركوك
محكمة الاحوال الشخصية في كلار
التاريخ: ٢٠١٩/٣/٢٧
العدد: ٣٠٧/ ش/ ٢٠١٩

اعلام

الي المدعي علية / عباس مولود نادر

اقامت المدعية (شنو جاسم نادر) الدعوي المرقمة (٣٠٧/ ش/ ٢٠١٩) و تطلب نفقة ماضية و مستمرة لها ولابنتها (زينة عباس مولود)، وبما ان محل اقامتك غير معلوم حسب اشعا مختار محلة شيروانة، لذا قررت هذة المحكمة تبليغك عن طريق صحفيتين يوميتين محليتين لحضورك امام هذة المحكمة بتاريخ (٢٠١٩/٤/٢٨) الساعة (٩) صباحا، يوجب الحضور بنفسك او بوكيل عنك و بعكسة تجري المرافعة بحقك غيابيا و علينا.

القاضي/ بروين علي احمد

***

وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری
ژمارە: ٢٤٧٤
بەروار: ٢٠١٩/٥/٥

پرۆژەی (دابین کردنی کەلوپەل (اثاث) و ئامێر و کەل و پەلی کارەبایی بۆ باڵەخانەی نوێی کۆمەڵگای دەروازی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران)
ژمارە کەمکردنەوە: ٢
ئاگاداری
کەمکردنەوەی نهێنی
وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری/ کەمکردنەوەی نهێنی رادەگەیەنێت بۆ پرۆژەی (دابین کردنی کەلوپەل (اثاث) و ئامێر و کەلوپەلی کارەبایی بۆ باڵەخانەی نوێی کۆمەڵگای دەروازی نێودەوڵەتی حاجی ئۆمەران) جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە لەماوەی ١٥ پانزە ڕۆژ لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٦ تا ٢٠١٩/٥/٢٠ بۆ سەردانی (بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری لە دیوانی وەزارەتی دارایی و ئابووری) بکەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی ناوبراو لەسەرەوە لەکاتی گەرانەوەی تەندەر دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو بێت و ناونیشانی بەڵێندەر یان کۆمپانیا لەسەر نووسراوبێت و لەناو صندوقی تەندەرەکان دابنرێت لە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانی وەزارەتی دارایی و ئابووری) و دواکاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢٠ دەبێت.
مەرج نییە وەزارەتمان بە کەمترین نرخی تەندەر رازی بێت وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەمکردنەوەی بۆ ڕادەسپێردرێت.
مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:
١- پێویستە بارمتەی یاسایی بەڕێژەی ٣٪ گۆڕەی پێشکەش کراو بەچەکی پەسندکراو دەدرێت بە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری دیوانی وەزارەتی دارایی و ئابووری بەپێی پسوولەی وەرگرتنی.
٢- پشتگیری ئەستۆپاکی باجی دەرامەت بۆ ساڵی/ ٢٠١٩
٣- پێویستە کۆمپانیا کاری هاوشێوەی (اعمال مماثلة)ی تایبەت بە ئاث ئەنجام دابێت.
٤- ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە ٤٥ ڕۆژە.
٥- نرخی فرۆشتنی تەندەر (١٠٠,٠٠٠)سەد هەزار دینار کە گەرانەوەی نییە.
٦- سزای دواکەوتنی ڕۆژانە (١,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دینار.
٧- لەسەر بەڵێندەر پێویستە پابەندبێت بەهەموو برگەکانی (مەرجە تایبەتیەکانی پرۆژەکە) کە لە ٢٦ برگە پێك هاتووە.
٨- فرۆشتنی ڕۆژانە لەکاتژمێر ٩ی بەیانی تاکو ١ی دوای نیوەڕۆ دەبێت.
٩- فرۆشتن رادەگیرێت (١)یەك ڕۆژ پێش داخستنی صندوقی تەندەر واتا لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/١٩ کاتژمێر (١) دوای نیوەڕۆ.
منصور سامی فاضل
بەڕێوەبەری گشتی دیوان بەوەکالەت

***

سەرۆکایەتی لێژنەی بریاری ٢٢٢
ساڵی ١٩٧٧
ژمارە: ١٥١
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٥
ئاگاداری
ئاگاداری خاوەن پارچە زەویەکانی ژمارە (١٩١) کەرتی ٨/باڵکیان هاوڵاتی (عیشە محمد حسین) دەکەینەوە کەوا لێژنەی بریاری (٢٢٢) ساڵی ١٩٧٧ هەڵدەستێت بە کۆزاندنەوەی پارچە زەوی ژمارە پێکراو بۆ بەڕژەوەندی سەرۆکایەتی شارەوانی سۆران جا بە خۆتان یان بریکاردارتان ئامادەبن لە ڕۆژی ٢٠١٩/٦/٢٠ بۆ کەشف بۆ سەر پارچە زەویەکە بە پێچەوانەوە لێژنەکە کاری یاسایی خۆی ئەنجام دەدات.
د.عبدالرحيم عمر مصطفى
سەرۆکی لێژنە

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە: ٢٦٩٦/ب/٢٠١٧/٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٩
جارِدان
بۆ/ داوالێکراو (احمد عبدالسلام علی)
ئامازە بە داوای بەرایی ژمارە (٢٦٩٦/ ب/٢٠١٧/٥) کە تۆمارکرابوو لەسەرتان لە لایەن داواکار (طالب عطية كريدى) ئەم دادگایە لە ڕۆژی (٢٠١٩/٤/١٤) بە پاشملە بڕیاری دا بە پابەند کردنت بە دانی بڕی پارە (٢,٢٧٠,٠٠٠,٠٠٠) دینار وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری مختاری (هەولێر/ کورانی عنکاوە) لە ٢٠١٧/١٠/١١ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی، وە ئێوە مافی تانەی (اعتراض) و تێهەڵچوونەوە و پێداچوونەوەتان هەیە لە بڕیاری پاشملەی دادگا لە ماوەی یاسای بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادەر/ محمد بهاءالدين عبدالله

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/١٠٣٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢
ئاگاداری
بۆ/ عبدالرحمن سعيد قادر
لەبەر نەزانین و نایاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (طاهر صالح حمدامين) کە بڕی (١٦,٠٠٠,٠٠٠) دینار + ١١٠٠٠ دۆلار) ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/١٠٣٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢
ئاگاداری
بۆ/ ڕێبین عبدالرحمن سعيد
لەبەر نەزانین و نایاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بۆیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆیی پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (طاهر صالح حمدامين) کە بڕی (١٦,٠٠٠,٠٠٠) دینار + ١١٠٠٠ دۆلار) ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

***

دادگای بەرایی هەولێر/٦
ژمارە: ١٤٧٩/ب/٢٠١٨/٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٩
پێڕاگەیاندن
بۆ/ داوالێکراو (حسن عبدالكريم مصطفى)
داواکار (کبری اکرام محمد) داوای ژمارە ١٤٧٩/ب/٢٠١٨/٧ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر داوالێکراو (حسن عبدالكريم مصطفى) ئەم دادگایە لەدادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/٤/٢٢ بڕیاری دا بەپابەندکردنت بەدانی بڕە پارەی ١١٢٠٠٠٠٠ یانزە ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار، وە خستنە ئەستۆی تێچووی داوا و ماندووبوونی پارێزەرایەتی، لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری مختاری (هەولێر/ ناحیەی کەسنەزان کۆمەڵگای لاوان) لە ٢٠١٩/٢/٢١ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بەپێڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بۆ مەبەستی پێ ڕاگەیاندنت وە مافی نارەزایی اعتراض وە تێهەڵچوونەوە و پێداچوونەوەتان هەیە لەماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە بڕیاری پاشملەی دادگا بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر و کۆتایی وەردەگرێت.
دادەر/ حسین علی محمد

***

دادگای باری کەسی هەولێر/١
ژمارە:٨٩٥/ش/٢٠١٨/١
ڕێکەوت:٢٠١٩/٤/١٠
جاردان
بۆ داوالێکراو (حسن عبدالكريم مصطفى)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
دادگا لە داوای ژمارە (٨٩٥/ش/٢٠١٨/١) وە لەبەرواری (٢٠١٩/٤/٣) بڕیاریدا لەسەر (بژێوی ڕابردوو بەردەوام) منداڵەکەی (یوسف) بۆ داواکار (کبری اکرام محمد) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر گەڕەکی (لاوان) بۆیە دادگا بڕیاری بە پێڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە، بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.
دادەری یەکەم/ دیار محمد علی

***

ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی ڕووبەری (١٦٠٠)م٢ لە پارچە زەوی ژمارە (٢/٦) ك (١٠) سوێرێ (کە دەکەوێتە پشت سەربڕخانەی هەولێر)، بەمەبەستی دروست کردنی کۆگا بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.
د. کمال طيب قادر

***

بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٣١١/ك/٢٠١٨/١
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٢/٣
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ بدرالدين محمد نذير حاجی
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٣١١/ك/٢٠١٨/١ لە ٢٠١٨/١٢/١٦ لەسەرت بەپێ بژاردنی بەبری (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار بەپێی ماددەی (٢١) لەیاسای (هاتووچۆ) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبت نادیارە بەپێی ئیشعاری مختاری (هەولێر/ ناحیەی کەسنەزان کۆمەڵگای لاوان) لە ٢٠١٩/٢/٢١ بۆیە ئەم دادگایە بریاریدا بەپێڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانەی ناوخۆیی بۆ مەبەستی پێ ڕاگەیاندنت وە مافی نارەزایی اعتراض وە تێهەڵچوونەوە و پێداچوونەوەتان هەیە لەماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە بڕیاری پاشملەی دادگا بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر و کۆتایی وەردەگرێت.
دادەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین

***

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٨٦٢/ك/٢٠١٨/١
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٢/٣
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ هەڵکەوت حسین عزیز
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٨٦٢/ك/٢٠١٨/١ لە ٢٠١٨/١٢/١٦ لەسەرت بە زیندانی کردنی (الحبس) بۆ ماوەی (١/یەك ساڵ) بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی/ شەهیدان بریاردرا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە پێت ڕابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بریارەکە بەڕێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایی (٣/ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین

***

دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٨٢٥/ك/٢٠١٨/١
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٢/٣
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو/ محمد شريف مشجل و قاسم خضر مهاوش
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٨٢٥/ك/٢٠١٨/١ لە ٢٠١٨/١٢/٢٤ لەسەرتان بە زیندانی کردنی (الحبس) بۆ ماوەی (٩/نۆ مانگ) بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبتان نادیارە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە پێت ڕابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانتان هەیە لە بڕیارەکە بەڕێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوەتان لە ماوەی یاسایی (٣/ مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە) بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین

***

دادگای کەتنی چەمچەماڵ
ژمارە: ٤٤٦/ك/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠١٩/٤/٢١
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی
بلاوکردنەوەی پسوولەی ئاگادارکردنەوە
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (چتو خضر رمضان) لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢٦٧) لەیاسای سزادان وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٨/١٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادەر / سەروەر علی جعفر

***

دادگای کەتنی پشدەر
ژمارە: ١٧/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت:٢٠١٩/٤/٢٨
ئاگاداری
سکاڵاکار/ محمد علی شێخە
تۆمەتبار/ ارسلان عبدالله ابراهيم
بۆ تۆمەتبار ارسلان عبدالله ابراهيم كه شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.
دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی یەوە ئامادەبوونت لەم دادگایە پێش نیوەڕۆی ٢٠١٩/٧/٢٨ لەکاتی دەوامی فەرمی دا بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت لەداوای ژمارە ٢٠١٩/ك/١٧ بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ بەبێ ئامادەبوونت و بەئاشکرا بەگوێرەی یاسا.
دادەر/ عمر ابراهيم محمود

***

Action Against Hunger
Mission Iraq

ADVERTISEMENT

TENDER SUPPLY OF HARDWARE TOOLS - IRAQ <IQ-CO-FD-022-00116>

تەندەر بۆ دابینکردن گەل وپەلەی عیراقی فیدرالی ژ: <IQ-CO-FD-022-00116>

Action Against Hunger or "ACF" is a registered charity, founded in 1979. ACF operates in 37 countries. The international network of ACF is represented in Paris, London, Madrid, New York and Montreal. Teams in the field combat hunger on four fronts: nutrition, food security, health, water and sanitation.

ڕێکخراوی کار لە دژی برسێتی (ACF) خێرخوزازە تۆمارکراوە و دامەزراوە لە ساڵی 1979 ، وە ڕێکخراوەکە لە37 وواڵات کاردەکات. تۆری نێودەوڵەتی ڕێکخراوەکە لە پاریس و لەندەن و مەدرید و نیویۆرک ، مۆنتریال نوێنەرایەتی دەکرێت . وە تیمەکانی کێڵگەی ڕووبەرووی برسێتی دەبن لە میانی چوار شێوە کارکردن ئەمانەش بریتین لە: خۆراک پێدان و دلنیاکردنی خۆراک و پاراستنی تەندروستی و ئاو.

Action Against Hunger-Iraq Mission intends to award a Framework Agreement for the following market:

ڕێکخراوی کار لە دژی برسێتی (ACF) لە عیراق بەتەمای بەخشینی پێکهاتەی ڕێکەوتنە بۆ دابینکردنی گەل وپەلی عیراقی فیدرالی ژ: IQ-CO-FD-022-00116 لەم جهی لە باریزگای مووسل(مووسل ،وانە ،تلکیف ، گیارە)

- **IQ-CO-FD-022-00116 (SUPPLY OF HARDWARE TOOLS) in the intervention Area of Ninawa Governorate (Mosul ,Wanna, Telafar & Qayyarah)**

Interested parties can obtain bidding documents from acftender@iq-actionagainsthunger.org with clearly mentioning above tender number in the subject.

لایەنە ئارەزوومەندەکان دەتوانن بەڵگەکانی داواکردن لەم ئیمێلە بەدەست بهێنن acftender@iq-actionagainsthunger.org وە ژمارەی داواکردنی سەرەوە بەڕوونی بنووسن.

Or at the below address to receive tender documents:
Erbil – Hediab District, Villa 240/1/664b, Plot232/3 Section 5, Ankawa, Erbil
Dohuk- Amad Street, Shoresh Quarter
Mosul – Contact email for Address : acftender@iq-actionagainsthunger.org
Between 8:30 am-4 pm (Iraq time).

یان لەم ناونیشانەی خوارەوە بۆ وەرگرتنی بەڵگەنامەکان:
هەولێر: گەرەکی حدیاب ، ژ. خانوو 664/1/240 ب / ژ. ژەوی 2/332 کەرتی 5 ، عەنکاوە ، هەولێر
دهۆک: جادەی ئامادە ، گەرەکی شۆرش
مووسل: لەم ئیمێلە بەدەست بهێنن acftender@iq-actionagainsthunger.org ،
لە کاتژمێر 8:30 ی بەیانی تا 4ی ئێوارە

Interested companies should submit their offer in one Seal Envelope, the Envelope should be a sealed non-identifiable envelope, with the words "not to be opened before the tender opening session" written in English. Submission of tender will be by either Hand or any mail service**. No Email submission will be accepted.**

کۆمپانیای ئارەزوومەندەکان دەتوانن عەرزەکەیان بە یەک زەرفی مۆرکراو پێشکەش بکەن. دەبێ زەرفی مۆرکراو نەناسراو بێت لەگەڵ ووشەی " نابێ بکرێتەوە پێش ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەکان" وە بەئینگلیزی نووسرابێت. . تەندەرەکە دەبێ یا بە دەستی پێشکەش بکرێت وەیا خود بە ناردنی پۆستەوە ، **هەر تەندەرێک بە بێئیمێلەوە بنێردرێت قەبوولڕ نیە**

Action Against Hunger does not bind itself to award the tender to the lowest tender or any bid and reserves the right to accept the whole or part of the tender.

ڕێکخراوی کار لە دژی برسێتی (ACF) خۆی نابەستێت بە بەخشینی تەندەر بە کەمترین تەندەر و پێشکەش کردن بەڵام مافی قەبوولڕ کردنی تەواو یا بەشێک لە تەندەرەکەی هەیە.

The deadline for submission of tenders is **June 2nd at 4pm (Iraq time)**.

دوا مۆڵەتی پێشکەش کردنی ئەم تەندەرە لە **2ی حزیران 2019 یە**، لە کاتژمێر 4 ی ئێوارە (بەکاتی عیراقی).

ADVERTISEMENT Page 1 / 1

KURDISTAN PARTNER/REPRESENTATIVE

An International Technical Training Company is looking for a Partner/ Representative in Erbil in order to expand their business in Kurdistan

Please submit a detailed cv with photograph in confidence at the earliest to:
kurd@haward.org

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (ئەستێرەی گەلاوێژ) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگاری هەولێر)

پاکتاوکار/ یاسین عبدالله قادر

ناونیشان/ هەولێر- هەولێری نوێ

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٦٥٨٥٧٨

دادگای کەتنی پشدەر
ژمارە: ٨/ك/٢٠١٩
رێکەوت:٢٠١٩/٤/٢٨
ئاگاداری
سکاڵاکار/ نازاد خدر عمر
تۆمەتبار/ هونەر رسول قادر
بۆ تۆمەتبار هونەر رسول قادر کە شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.
دادگا بڕیاری دا بە ئاگادارکردنت لە رێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی یەوە ئامادەبوونت لەم دادگایە پێش نیوەرۆی ٢٠١٩/٧/٢٨ لەکاتی دەوامی فەرمی دا بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت لەدژای ژمارە ٨/ك/٢٠١٩ بەپێی مادەی (٤٥٣) لەیاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ بەبێ ئامادەبوونت و بەئاشکرا بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ عمر ابراهیم محمود
***
دادگای بەرایی سلێمانی/٥
ژمارە: ٥٣١/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢
ئاگاداری
داواکار: سەروەر سلیمان مصطفی/ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای ازتیک بۆ بازرگانی گشتی و دابینکردنی هێزی کار و خزمەتگوزاری سنوردار/ سەرەرای کارەکەی
داوالەسەرکراو: محمد زهیر کونتراکتەر)
بۆ داوالێکراو: محمد زهیر کونتراکتەر
داواکار (بەڕێوەبەری کۆمپانیای ازتیک داوای ژمارە ٥٣١/ب/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە لە دادگای بەرایی سلێمانی/٥ کە تیایدا داوا دەکات بە پابەندکردنی داوالەسەرکراو بەقەرزی بڕی ٧٢,٥٠٠,٠٠٠ حەفتا و دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دیناری عیراقی وە خستنە ئەستۆی خەرجی داواکە و کرێی ماندووبوونی پارێزەر وەلەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی واژۆو مۆری موختاری گەرەکی سەرچنار بۆیە دادگا بڕیاریدا بەئاگادارکردنەوەت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆ بۆ ئامادەبوونت لەدادگا لە رۆژی دابینی کە دەکاتە رۆژی ٢٠١٩/٦/٢ کاتژمێر ٩:٤٠ سەر لەبەیانی وە بەپێچەوانەوە دادگا بە ناامادەیی بڕیار دەردەکات بەرامبەرت.
دادوەر/ د.ماجد رشاد محمد
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە: ٥٦١٦/ش/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/٤/٢٠
جاردان
بۆ داوالێکراو: (فاطمه محمد شاکر) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار:(یوسف مسعود سلطان) داوانی ژمارە ٥٦١٦/ش/٢٠١٨ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (نشوز) دەکات لەتۆ، وەلەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (شاری زێڕین) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندنت لە رێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە، بەمەبەستی ناامادەبوونت لەم دادگایە لەرۆژی دابینی (٢٠١٩/٧/١) بە پێچەوانەوە دابینی ئەنجام دەدرێت بەشێوەی ناشکراو پاشملە.
دادوەر/صباح حسن رشید
***
دادگای بەرایی خەبات
ژمارە: ٢٥/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٢/١٩
جاردان
بۆ داوالێکراو (خسرۆ فیض الله الماس)
ئامازە بە داوای ژمارە (٢٥/ب/٢٠١٩ کە تایبەت بە داواکار (هێرۆ خلیل خواکرم) کە جۆری داواکەی بریتییە لە (اثاث بیتی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی راپەڕین/سلێمانی). بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا لەبەرواری ٢٠١٩/٣/٢٦ بەپێی ڕاگەیاندنت بە دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونی خودی خۆت یاخود بریکارت بە مەبەستی تانە لێدانی لەماوەی یاسایی بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت بە پێی یاسا.
دادوەر/سمکۆ رۆستم سمین
***
ئاگاداری
وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە بەکرێ دانی ڕووبەری (١)دۆنم لە پارچە زەوی ژمارە (٥١/١) ك (١٢١ شرمن/ ئاکرێ، کە بەنزینخانەیەکی لەسەر دروستکراوە بۆ ماوەی (١٠) ساڵی تر بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە دهۆك بدات لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگمی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.
د. کمال طیب قادر
بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری
***
دادگەها بەرایی/زاخو
ژمارە:١١٢/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (کوڤان قاسم اڤدل) جهێ ئاکنجیبوونا تە بۆ بەرێ زاخو- مهندیك جهێ ئاکنجیبینا تە یا نوکە نەدیارە
داواکار (وەزیری ئافخو زیدەباری کاری وی/ بریکاری وی نەقیبی مافپەروەر جانکیر مصطو جانکیر) داوا ژمارە (١١٢/ب/٢٠١٩) ل سەر تە تومارکریە و تێدا داخازا (٤,٠٢٠,٠٠٠) جار ملیون و بیست هزار دینارا دکت وەك قەرەبوو ز وان زیانین ب ڕێڤەبەریا وان کەتین و ژبەر کوجهێ ئاکنجیبونا تە نەدیارە لدیف نڤیسارا بنگەهێ بولیسین سیالکا ٧٣٤ ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٣/١٢ و هەڤپێچ دگەل پەسەندا هەلبژاڕێ تاخێ شیر کو تێدا هاتیە دیارکرن (ئافێ وی د تومارا تاخی مەدا هەیە بەلێ نوکە ئەم نزانین ئاکنجی کیڤیەیە و جهی ئاکنجی بونا وی نەدیارە) و ژبەر دیار نەبوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە دادگەهێ ل روژا ٢٠١٩/٣/٢٦ بریاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداری یێ د دوو روژنامەیێن نافخوی و روژانە دا پالپشت ب مادێ ٢١ ژ یاسایا دابینیا شارستانی بو ناامەبوونا تە یان نوێنەرێ تە یێ یاسایی ل روژا دابینێ ڕێکەفتی ٢٠١٩/٦/٩ ل دەمژمێر ٩:٣٠ سپێدێ و بە روڤاژی دابینی دێ ب شێوێ پاشملە هێتە ئەنجام دان..
دادوەر/ احمد حسن خلف
***
سەروکاتیا باژێڤانییا شیخان
روپیڤان
ژمارە: ٤٦٥/٣٣٨/٣٩/٣٩
ڕێکەفت: ٢٠١٩/٥/٥
ئاگەهداری
نڤیسارا ریڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پاریزگەها دهوکێ/ بەشێ نەخشێن بنیاتی و روپیڤان/یا ژمارە (٣٥٤١) ل ٢٠١٩/٤/٢٥ ئەوا ئاماژە دایە نڤیسارا ریڤەبەریا نەخشە دانانا ئاڤەدانێ ل پاریزگەها دهوك یا ژمارە (١١٦٠) ل ٢٠١٩/٤/٢٥ سەروکاتیا باژێرڤانیا شێخان ئاگەهدار ژ بو گەهاندنا نەخشەی بۆ ماوێ یاسایی (٣٠) ڕۆژ سەبارەت بەرفرەکرنا (ویستگەها کارەبا شێخان یا کەڤن) و پێشکەفتنانێ (تطویر) ئەوا دکەفتە ل سەر پارچا ژمارە ٣/١ ك ٤٣ عین سفنی الغربیە و ژبەر هەبوونا عەردی ل دەوروبەرێن ویستگەهی وەکی محرمات کو ڕەگەزێ عەردی کەسکاتیا لدیف نەخشێ ژمارە ٣٤٨ و ئاماژە ب نڤیسارا ریڤەبەریا گشتی یا نەشخەدانانا ئاڤەدانێ یا ژمارە ٣٤٠٧ ل ٢٠١٤/٣/٣ کو تێدا دیارکریە دشیاندایا بۆ بەرژەوەندیا گشتی ڕەزامەندی بهێتە دان بگهورینا ڕەگەزێ کەسکاتی کو حکومەت جێبەجێ بکەت و ناڤێ وێستگەها کارەبێ وەك نمونە هاتیە دارشتن و ئەوێ نەرازیبوون لسەر هەبیت بهێتە سەروکاتیا باژێرڤانیا شێخان لدیف ماوەی یاسایی و ئەگەر نە دێ نەخشە هێتە پەسندکرن هیڤیدارین بهێتە ئاگەهدارکرن ل روژناما هەوەدا.
ئەندازیار/ خالد نرمو زیدو
سەروکی باژێرڤانیا شێخان
***
ئاگاداری
گۆڤاڕێکی نوێ بەناوی شیکار دەردەچێت کە خاوەنی ئیمتیازی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەبێت و سەرنوسەرەکەی مهباد قەرەداغی و بە زمانی کوردی دەردەچێت، بارەگای سەرەکی لە هەولێر/ شەقامی ئازادی نزیک پەیانگای هونەرە جوانەکان، جا هەر کەسێك تێبینی یان. لاری بوونی هەبێت با پەیوەندی بکات بە سەندیکای ڕۆژنامەنوسان ژمارە ٠٦٦٢٢٩٤٨٠٠
***
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ٦٤٨/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢/ ٢٠١٩/٥
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکری (محمد ایوب روؤف)جهێ ئاکنجیبوونا وی نەدیارە ژبەر داوا ل دژی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکارێ (خالد نعمت سلیم) ئەوا تێدا داوای دکەت ب کوژمێ پارە (٤٠٠٠٠٠٠) جار ملیون دینارا ژ ئەنجامی زیانین کەهاندینە وی وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا بنگەهین پولیسین نزارکی ژمارە (١٥٣٧) ڕێکەفتی ٢٠١٩/٣/١٩ وراپورتا هەلبژێری تاخێ ایتوت ڕێکەفتی ٢٠١٩/٣/١٨ ڤێ دادکەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریکا دوو روژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دابینیا شارستانی بۆ ناامەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩,٠٠)ی سپێدێ ژ روژا ٢٠١٩/٥/٢٧ وئەگەر ئامادەنەبی یان بریکارەکێ پێش خوڤە نە هنێری دێ ب پا شملە وئاشکرایی داوا بڕیڤە چیت ولدیڤ یاسایێ
القاضی / ریبوار محمد حسن
***
سەرۆکایەتی شارەوانی سۆران
بەشی مولکایەتی
ژمارە: ١٥١٢
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٣٠
ئاگاداری
ئاگاداری خاوەن کارتی شارەوانی سۆران بە ژمارە ((٢٢١و٢٢٢)) لە بلۆکی ((٩)) لە گەرەکی بانە دەکەین کە لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم ئاگادارییە تاکوو ماوەی ((٣٠ سی ڕۆژ)) هەر کەسێك تێبینی لەسەر ئەم پسولەیە هەیە سەردانی شارەوانیان بکات بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست.
تێبینی : تەواوی پارەی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی داواکار
ئەندازیار/ أمیر فاخر جادر
سەرۆکی شارەوانی سۆران
***
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
«دادگای باری کەسێتی پێنجوێن»
ژمارە : ١٣٢ / ش / ٢٠١٨
بەروار / ٢٩ / ٤ / ٢٠١٩
ئاگاداری
داواکار / هێرۆ حمید شریف
داوالەسەرکراو / نریهان فرج احمد
بۆ داوا لەسەرکراو (نریهان فرج احمد) داواکار داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە لەم دادگایە بە ژمارە (١٣٢ / ش / ٢٠١٨) کە تیایدا داوای (سەلماندنی هاوسەرێتی و ڕاستاندنی طەڵاقی دەرەکی نێوانیان) دەکات، وەلەبەرئەوەی کە شوێنی نیشتەجێبونت نادیارە لە ئێستادا دادگا بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆییەوە تا لە دابینی ڕۆژی (٢٠١٩/٥/٢٢) کات (٩:٣٠) ی سەرلەبەیانی ئامادەبیت لەم دادگایە خۆت یان بریکارەکەت وە بەپێچەوانەوە دادگا داواکە دەبینێت بە گوێرەی یاسا.
دادوەر /دانا محمود حمه صالح
***
وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ٨٨٤
ریکەوت : ٢٥/ ٤/ ٢٠١٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (جلال حسن رشید) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (٣٤٣٣) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەوییە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات.
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری
***
وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ٨٨٥
ریکەوت : ٢٥/ ٤/ ٢٠١٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (توفیق صبار عباس) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (٢٨٦٣) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەوییە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری
***
وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ٨٨٦
ریکەوت : ٢٥/ ٤/ ٢٠١٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (توفیق صبار عباس) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (١٠١٤٤) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەوییە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری
***
وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ٨٨٣
ریکەوت : ٢٥/ ٤/ ٢٠١٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (فاطمه عزیز محمد) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (٩٦٥٩) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەوییە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری
***
وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ٨٨٢
ریکەوت : ٢٥/ ٤/ ٢٠١٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (محمد عزیز محمد) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (٩٦٥٨) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەوییە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری
***
وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ٨٨٤
ریکەوت : ٢٥/ ٤/ ٢٠١٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (موفید عزیز محمد) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (٩٦٥٧) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەوییە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری
***
وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ٨٨٣
ریکەوت : ٢٥/ ٤/ ٢٠١٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (محمد عزیز محمد) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (٩٦٥٨) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەوییە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری
***
وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ٨٨٢
ریکەوت : ٢٥/ ٤/ ٢٠١٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (اختر عباس عبدلقادر) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (١٠١٤٤) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەوییە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری
***
وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ٨٨٣
ریکەوت : ٢٥/ ٤/ ٢٠١٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (محمد عزیز محمد) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (٩٦٥٨) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەوییە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری
***
وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ٨٨٤
ریکەوت : ٢٥/ ٤/ ٢٠١٩
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (موفید عزیز محمد) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (٩٦٥٧) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەوییە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری
***
دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە/ ٧٤٠/ ب٤/ ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٥/١
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (احمد زکری حاجی)
داواکاران (سرهنك نامق خورشید، صامد نامق خورشید، وە هاوبەشەکانی) داوای ژمارە ٧٤٠/ ب٤/ ٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بە چۆل کردنی بالەخانەی دروستکراو لەسەر مولکی ژمارە ٢٣/٧ ك ٤٦ وارش وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/ گوندی شاویس) لە ٢٠١٩/٣/٢٦ بڕیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ناامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دابینی (٢٠١٩/٥/٢٦) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دابینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..
دادوەر/ محمد بهاءالدین عبدالله
***
دادگای بەرایی هەولێر/٥
ژمارە/ ٥٥٠/ ب٥/ ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٣٠
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای جووانوو و پاراسگیفایدس)
داواکار (ابراهیم رعدی مصطفی) داوای ژمارە ٥٥٠/ ب٥/ ٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی سەربەستی ڕۆیال تاوەر و گوندی ئیتالی یەك) لە ٢٠١٩/٤/١٧ بڕیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ناامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دابینی (٢٠١٩/٥/١٩) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دابینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..
دادوەر/ کاوە صدیق حسین
***
دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە/ ٢٣٠/ ب٤/ ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٤/٢٢
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (دەرباز مجید امین)
داواکار (المدیر المفوض لشرکة الحیاة) داوای ژمارە ٢٣٠/ ب٤/ ٢٠١٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردنت بە گەراندنەوەی بری ١٤,٨٠٢,٩٦٨ دینار عیراقی لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/ گەرەکی خانزاد دۆلاراوە) لە ٢٠١٩/٢/١٠ بڕیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ناامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دابینی (٢٠١٩/٥/٢٢) کات (٩) ی بەیانی بەپێچەوانەوە دابینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت..
دادوەر/ محمد بهاءالدین عبدالله

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (E.C. NIA) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین
ژمارە: ٣٠٨٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٤/٢٥
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنووردار
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (ئەستێرەی گەلاوێژ) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٤/٢) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (یاسین عبدالله قادر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ٨٣٩٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٥/٥
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (E.C. NIA) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (E.C. NIA) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٤/٢٣) کەتۆمارە لەژێر ژمارە (١٤٠٣٦) لە ڕێکەوتی ٢٠١٢/١/٤ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای (زاکیر احمد) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (کەیوان قادر احمد) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو. ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٥/٥
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

مالی.. تەقینەوەی خوێنێکی فرەڕەنگ



عەبدولڕەحمان شەلقەم

لە ڕۆژی **23** ئاداری ڕابردوودا، لە دوو گوند لە ناوەڕاستی وڵاتی مالی، کە هۆزەکانی فولانی تێیدا نیشتەجێن، قەسابخانەیەکی ترسناک ڕووی دا، کە زیاتر لە سەد کەس بوونە قوربانی و، بە خوێناویترین ڕووداو لە مێژووی ئە وڵاتە وەسفکرا، کە هێشتا دەسەڵاتداران بەدوای تەرمەکاندا دەگەڕێن، دوای ئەو هێرشەی کە کۆمەڵێک چەکداری سەر بە هۆزەکانی دۆنز، بۆ سەر شوانکارەی گوندەکانی ئۆگساگۆ و ویلنگار، لە ناوەڕاستی وڵاتی سەر بە هۆزی فولانی ئەنجامیان دا. مللانێی چەکداریی لەنێوان هۆزە جیاوازەکان، هەر ساتێک بوەستێت، زوو دەست پێ دەکاتەوە. لە مالی، کە نەخشەکەی شێوەیەکی تێکهەڵکێشی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتیی و ئیتنی هەیە، وڵاتی خستووەتە نێو جۆرێک لە پشێوی و تەنگەبەری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی چەندین باندی تیرۆریستی چەکداری فرە بۆچوون و ئیتنی بەگژیەکداچوو، لەسەر پاوان و داواکردنی مافەکانی سیاسی، لەژێر دروشمی هەمەجۆردا. ڕێکخراوی ئەلقاعیدە، لە جوگرافیای ناوچەی کەنار و بیاباندا، زەمینێکی دۆزییەوە، کە هێز، جوولە، بەکارهێنانی لاوانی بێکاری و ئەو کەسانەی بۆ دابین دەکات، کە بەدوای هەر سەرچاوەیەکی پارەدابێت دەگەڕێن.

وڵاتی مالی، حەوت ساڵ زیاترە، بەدەست قەیرانێکی سیاسی، تەناهی و کوشتاری هۆزایەتی دەناڵێنێت. فەرەنسا بە هێزی سەربازیی، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێکخراوە چەکدارە توندڕۆکان چووە پێش، بەڵام چەندین تاکی لە پرۆسەی سەربازیی، لە ناوچەی جیاجیای وڵات لێ کوژرا، شاری گاو لە باکوور، گۆڕەپانی زۆرێک لە کردەکانی خۆکوژیی بوو، کە کەسانی مەدەنی و سەربازیی مالی و فەرەنسی بوونە قوربانی. فەرەنسا، لە چەندین ناوچەی وشکایی و ئاسمانی ئەو وڵاتەدا دەجەنگێت. مالی، کە ماوەیەکی زۆری بەدەست تووندوتیژی ئیتنی بەردەوام ناڵاندووە، نەخاسمە لە باکووریدا، ئێستا بووەتە گۆڕەپانی باندە تووندڕۆکان، کە لە هەموو لایەکەوە ڕوویان تێی کردووە. دەست پاچەیی وڵات، کە بەدەست کودەتای سەربازیی و ناسەقامگیری گشتیی ناڵاندوویەتی، وای کردووە ببێتە بازنەیەک، بۆ لەقبوونی سەقامگیری و بڵاوبوونەوەی تووندڕۆیی لە ناوچەی کەنار و بیاباندا. چەندین هێڵی تووندڕۆی لەسەر خاکەکەی بەیەک گەیشتن، وەکو بۆکۆ حەرام، ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و ئەنداماني داعش. بیابانی کراوە، کە وا دەکات جوولەکردن لە نێجیریاوە بۆ نەیجەر، چاد، مالی و بۆرکینا فاسۆ، هیچ بەربەستێکی سروشتی یان بازگەی تەناهی کارا لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا لە پێش نەبێت. تێکهەڵکیشی ئیتنی نێوان دانیشتوانی ئەو وڵاتانە، ئامێزێکی کۆمەڵایەتیی فراوان و سنووربڕی، بۆ ئەو وڵاتانەی دابین کردووە. ئەندامی ڕێکخراوە تووندڕۆکان، خەڵکی ئەو وڵاتانە و شتەکانی نێودەستیان دەناسن، بۆیە هاوسۆزی خەڵکی سادە، ئەوانەی بریسکانەوەی وتاری ئایینی کەمەندکێشیان دەکات دەقۆزنەوە. شێوازی ژیان لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا، بە خودی خۆی، جەنگێکە لەگەڵ دڵڕەقی بیابان، کە لەمێژە وشکەساڵی دایپۆشیووە. کەمی ئاو و خۆراک و نەبوونی ئاسایش، کەسایەتییەکی تووند، ڕەق و سەرکێشیان، بە بیابانشینەکان بەخشیووە. چەک، خۆر و ئامادەباشی بۆ بەگژداچوونی بەرامبەر، چ ناسراو یان نەناسراو بێت، وای کردووە ڕەوشی جەنگ، بەشێک بێت لە ڕێژەی ژیانی ڕۆژانەیاندا. بەربەکەوتنی هۆزایەتی لەسەر پاوانەکان ناوەستێت، لەوێشەوە باندەکانی تیرۆریستیی، کەلێنی گەورە بۆ چوونە نێو چینی لاوان، ئەوانەی بەدوای شتێک دەگەڕێن، کە برسیەتیان تێر بکات و ناسنامەیان پێ بدات، دەدۆزنەوە، چونکە لاوەکان دەیانەوێت خۆیان بدۆزنەوە، ئەوەش لەلای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵایەتیی و کارگێڕی فەرمی، بەبەگگەشتوو لەسەر بنەمای نیشتمانی نادۆزنەوە. بڵاو بوونەوەی نەخوێندەواری، یارمەتی سیمبولەکانی تووندڕۆیی داوە، بیروباوەڕێکی شێواو دروست بکەن، کە هیچ پەیوەندییەکی بە ئیسلامی ڕاستەقینەوە نییە. بانگەوازکەرانی تووندڕۆیی، هەڵساون بە تێکەڵاوکردنی ئایین لەگەڵ ئەفسانە و شتی پڕوپووچ، زیادەڕۆیشیان لەوە کردووە، کە ناویان ناوە شەریعەت، بە هەنجەتی پیادەکردنی شەریعەت ،جەڵدیان لەخەڵکی دا، دەست و قاچی ئەوانەشیان بڕییەوە، کە گوێڕایەڵی دەسەلاتەکەیان نابن. بەڵێنی سەرکەوتن، بەرپاکردنی دەوڵەتی ئیسلامی ڕاستەقینە و لەناوبردنی میراتی داگیرکاریی بەلاوان دەدەن. ناوچەی کەنار و بیابان، لەبەر کۆبوونەوەی باندی بزاوەکانی تیرۆریستی، هۆشداریی ئەوە دەدات، بیێتە گەورەترین کۆمەڵگەی نەوەکانی کۆن و نوێ، بۆ ئەو باندانەی کە سنور لەنێوان وڵاتان نابینێت، ڕووبەڕووی هێزەکانی سەربازی و تەناهیش نابێتەوە، کە سنورێک بۆ جوولەکانیان لەنێوان ئەو وڵاتانە دابنێت، کە لەسەر زەویدا، هیچ سنورێک نییە لەیەکیان جیا بکاتەوە، هەرچەندە هێزێکی سەربازیی لە وڵاتانی پشتیوانیکەر لە فەرەنسا و ئەزموونی سەربازی ئەمریکی پێکهێنراوە، کە بەردەوام لەدژی ئەو باندە جوولەکەرانە لە بیابانە فراوانەکان، لە جەنگی دەستەویەخە دایە. ڕووداوەکان لە ناوچەی کەنار و بیابان، تەوەرەکەی وڵاتی مالییە، کە بەهۆی نەخشە سروشتییەکەیەوە، بە هاوبەندییەکی تێکەڵاو و دڕێژکراوە، لەنێوان وڵاتان لەخۆرهەڵات، باکوور و باشوور دادەنرێت ونەخشە کۆمەڵایەتییەکەشی، لەگەڵ ئەو سروشتە گوزەر دەکات. مالی لەچەندین پێکهاتەی ئیتنی و هۆزی بەرچەڵەک ئەفریقی، لە ناوەڕاست و باشوور پێکهاتووە، تەواریقەکان لە باکوور و لەلای عەرەبیش، لەگەڵ فرەیی زمان و کولتوور، زمانی سەرەکیی وڵاتیش، فەرەنسییە، کە تەنیا کەمێک لە بژاردەکانی نیشتەجێ لە پایتەخت و هەندێ شاری گەورە بەکاری دێنن. ئەوەش بووەتە بەربەستێکی ڕاستەقینە، لە دۆزینەوەی ئامرازێک بۆ پەیوەندیکردنی نیشتمانی گشتگیر، کە لێکدانێکی نیشتمانی گشتیی، چینەکانی کۆمەڵایەتیی فرە ئیتن و زمان دروست بکات. ئەوەی وڵاتی مالی بەخۆوە دەبینێت، بە زەنگی گەورە و مەترسیدار دادەنرێت، کە هەڕەشە لەوە دەکات، خاکەکەی ببێتە گەورەترین مۆڵگەی باندە تووندڕۆکان، ئەوانەی بەبێ هیچ سنورێک لەسەر زەوی هاتوچۆ دەکەن، کە چەند پێکهاتەیەکی سنوربڕی فەرمی وڵاتان تێیدا دۆژین، ئەوەش عەمبارێکی گەورەی ئەو لاوانەیە، کە برسی و دەستکورتن، گەڕانیشیان بەدوای ناسنامە و خەونەکان، کە هیچ ڕێگەیەک بۆ بەدیهێنانیان نییە، پاڵیان پێوە دەنێت، بەرەو تراویلکەیەک بڕۆن، کە بە ڕەنگی خوێن و هێزی تووندوتیژییە. وڵاتانی کیشوەرکە، نەخاسمە ئەوانەی بایەخ بە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر دەدەن، تەنیا دانانی بەرنامەیەکی ڕاستەقینە و گشتگیری سەربازی و ئابووریی پێش وەختەیان لە پێشە، بۆ گرتنەبەری ئەو جەنگە، لەگەڵ ترسێک کە گەشەدەکات و فراوان دەبێت، لە گۆڕەپانێکدا کە لە ناوەڕاستی ئەفریقیاوە بۆ باکوور و خۆرئاوای دڕێژ دەبێتەوە، زێدەباری ناوەڕاستەکەی. یەکێتیی ئەفریقیا، چەند ساڵێکە کار لەسەر دامەزراندنی هێزی دەستوەردانی سەربازی، لە ناوچەکانی پشێوی و ململانێدا دەکات، کەچی ئەو پڕۆژەیە پاشەکشەی کرد و هیچ ئامادەییەکیش بۆ کاراکردنەوەی لەلایەن ئەو وڵاتانەوە نییە، کە دەتوانن توانای لۆجیستی، کەلوپەل و پارەی بۆ دابین بکەن، بۆ ڕاگێشکردنی هەزارەها لاوی بێکار، ئەوانەی باندەکانی تیرۆریستی، بە عەمبارێکی مرۆیی گەورەی دادەنێن، تاکو بیکەنە تەقەمەنی جوولەکەر لە هەموو ئاراستەکاندا. پرسیارە تۆقینەرەکە ئەوەیە، ئایا ناوچەی کەنار و بیابان، دەبێتە ئەو زەویەی، کە هەزارەها تیرۆریستی ڕاکردوو لە عێراق و سووریا ڕووی تێ دەکەن؟ ئەوەی مالی لە ڕۆژانی ڕابردوودا، لە قەسابخانەی خوێناوی بە خۆوە دیت، ناکرێت لە بەگژداچوونێکی هۆزایەتی، لەسەر پاشخانی کۆن و بەمیرات ماوەیی، یان ڕکابەری لەسەر پاوانەکان و تۆڵەکردنەوەی هۆزایەتی کورت بکرێتەوە. خوێن لەسەر ئەو خاکە، فرە ڕەنگ دەبێت، وەکو چۆن لەسەر زەوی وابوو، ئەوەی تیرۆریستانی خۆرهەڵاتی عەرەبی دەوڵەتی ئیسلامی ئەو ناوەیان لێنا.

و: ڕەمزی میرکانی
سەرچاوە:
www.aawsat.com

ئەنجوومەنی سەروەریی هاوبەش بۆ بەڕێوەبردنی سودان..




عەبدولقادر کەلەهڕ

لەدوا کۆبوونەوەی نێوان سەرکردەکانی سوپای سودان و سەرکردەکانی ئارەزایی میللی ، کەشوهەوایەکی ئەرێنی باڵی بەسەر سودان کێشا و لەسەر داوای هاوولاتیانی سڤیل و خۆپیشاندەران ، هەردوو ڕێکەوتن بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنی سەروەری هاوبەش ، بەڵام هێشتا ڕێک نەکەوتوون ڕێژەی کامەلایەن لەو ئەنجومەنە لە ئەوی دیکەی زێدەتر دەبێت .لەو چوارچێوەدا ئەحمەد ڕەبیع کە بەشداری کۆبوونەوەی کەی کردووە بە ئاژانسی فرانس پرێسی ڕاگەیاندووە، هەردوولا لەسەر پێکهێنانی ئەنجومەنی سەروەری هاوبەش ڕێکەوتین و گفتوگۆکانیش بەردەوامن بۆ ئەوەی ڕێژەی هەردوولایەن لە پێکهێنانی ئەنجومەنەکە دیاری بکرێت.

لە بەرانبەردا سەرکردەکانی سوپای سودان بە هیچ شێوەیەک ئامادەیان بەو ڕێکەوتنە نەکرد و چاودێرانیش پێیانوایە دیاریکردنی ڕێژەی هەر لایەنێک لە ئەنجومەنە دیالۆگ و بێنەو بەردەی زۆری دەوێت . بۆیە هەر بەتەنیا ڕاگەیاندنی گەیشتن بەو ڕێکەوتنە خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ خۆپیشاندەران و مانگرتووان کە هاوپەیمانیەتی هێزەکانی گۆرانکاری و ئازادییان لە پشتە . ئەو ڕێکەوتنەش دوای کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی نێوان هاوپەیمانیەتی هێزەکانی گۆڕانکاری و ئازادی لەگەڵ ئەنجومی سەربازی هات کە نوکە وڵات بەڕێوە دەبات و لەو بارەوەش گوتەبێژی هاوپەیمانییەتی ناوبراو گوتی کۆبوونەوەکە ئەرێنی بووە و گەیشتوونەتە ڕێکەوتنێک. هەر لەو بارەوە ئەیمەن نەمر کە لەلایەن هاوپەیمانیەتی ناوبراوەوە بەشداری کۆبوونەوەکە بووە گوتی، لەگەڵ ئەنجومی سەربازی گەیشتووینە تەرێکەوتن و لە کۆتاییدا دەگەینە چارەسەرێک هەموو لایەنێک پێی ڕازی بن و چاوەڕوانیشین بە زووترین کات ئەنجومەنی سەربازی وەلامی پێکهێنانی ئەنجومەنی سەروەری هاوبەش بدەنەوە .لە بەرانبەردا شەمسەدین کوباشی گوتەبێژی ئەنجومەنی سەربازی دەسەلاتدار گوتی، گفتوگۆی زۆر ڕوون و شەفاف لەگەڵ سەرکردەکانی هاوپەیمانیەتی هێزەکانی گۆڕانکاری و ئازادی ئەنجام داوە و بەردەوام دەبین لە دانوستان و دیالۆگ و زۆر گەشبینین بەوەی بگەینە ڕێکەوتنێک کە لە بەرژەوەندی سودانییەکاندابێت ، ئەوکاتەش بە هاوولاتیانی ڕایدەگەیەنین .جێی زانینە هەر لەو ماوە کورتەی دوای لەسەرکارلادانی عومەر حەسەن بەشیر سەرۆکی پێشووتری سودان ، ئەنجومەنی سەربازی سودان چەند سەرکردە و فەرماندەیەکی سەربازی بە بیانووی تێوەگلان لە گەندەڵی لەسەر کار لادەبرا و ژمارەیەکی دیکەشی لێبان دەسگیرکردووە و ڕێکاری جۆراوجۆریشی بۆ نەهێشتنی گەندەڵی گرتووەتە بەر و پەیمانی داوە کە دەسەلات تەسلیمی دەسەلاتی جێبەجێکردنی مەدەنی دەکات بەڵام دەسەلاتی سەروەری وڵات بەدەست خۆیەوە دەهێڵێتەوە.لە **11** نیسانەوە تاکو ئێستا ئەنجومەنی سەربازی و سەرکردەکانی هاوپەیمانی هێزەکانی گۆڕانکاری و ئازادی چەندین خولی دانوستانیان ئەنجامداوە بەڵام هیچ ئاکامێکی لێنەکەوتبووەوە، بەڵام دواجار هەردوولا ڕێکەوتن بۆ ئەوەی لیژنەیەکی هاوبەش پێکبهێنن بۆ ئەوەی سەرلەنوێ نەخشە ڕێگەیەک بۆ سودان دابڕێژنەوە .جێی بیرهێنانەوەیە لە ساڵانی پێشووتر تاکو ئێستا چەند جارێک گرتنە دەستی دەسەلات لە نێوان سەرکردە سەربازییەکان و مەدەنییەکان ئەو بەرو ئەوبەری کردووە ، دواجاریش لە ساڵی **1957** بوو بە کودەتایەکی سەربازی دوا حکومەتی دیموکراتی مەدەنی سودان لەسەر کارلادرا.

ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1875:
ژاپۆن و ڕووسیا ڕێککەوتنێکیان سەبارەت بە ئاڵوگۆڕکردنی دووڕگەکانی ساخالین و ئەرخەبیلی تیشیما مۆر کرد .



ساڵی 1914:
یەکەم کەشتی بە کەناڵی پەنەمادا تێپەڕ بوو .



ساڵی 1945:
لە جەنگی دووەمی جیهاندا هێزەکانی ئەڵمانیای نازی بەبێ مەرج خۆیان ڕادەستی هاوپەیمانان کرد .



ساڵی 1960:
لیۆنید بریجنێڤ بوو بە سەرۆکی یەکێتیی سۆڤیەت .



ساڵی 2010:
لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەریتانیا پارتی پاریزگاران بە سەرۆکایەتی دێڤد کامیرۆن سەرکەوتنێکی گەورەی وەدەست هێنا .



ساڵی 2016:
حکومەتی سعودیە کۆمەڵێک دەزگای لەیەک دا و لە شوێنی ئەواندا ژمارەیەک دەزگای دیکەی دامەزراند .

www.xebat.net
سێ شەممە 2019/5/7 ژمارە (5744)
خەبات



فەرەنسا ...

زانیمان یەلەگ زەردەکان کێن، بەڵام چی دەربارەی دەمامکدارە رەشپۆشەکان ؟

ئا : هەندرێن شێرزاد

رۆژی 1ی ئایاری جەژنی کرێکاران ، جارێکی دیکە و بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە سیاسەتەکانی کۆشکی ئەلیزێ ، هەزاران کەس لە ئەندامانی یەلەگ زەردەکان هەڵڕژانەوە سەر شەقامەکانی پاریسی پایتەختی فەرەنسا . ئەمە تا رادەیەکی زۆر لە فەرەنسا بۆتە شتێکی ئاسایی ، بەڵام ئەوەی جێی تێبینی و سەرنج بوو ، ئەو دیان کەسە بوو کە لەنێو خۆپیشاندەران بەدی کران کە خۆیان دەمامک دابوو و بە جلی رەشەوە دەرکەوتن و شووشە و بەردیان ئاراستەی هێزەکانی پۆلیس کرد.



ئەوان کێن؟

بڕیان مولەر و هۆگۆ میلشێر کە دوو میژوونووسن دەربارەی دەمامکدارە رەشپۆشەکان دەڵێن : دەکرێ بڵێین ئەوان وەک شێوازێک لە شێوازەکانی کاری بەکۆمەڵی ئەو شەڕکەرە شۆڕشگێڕانە پێناسە بکەین کە بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی جلی رەش دەپۆشن و هەڵدەڕژێنە سەر شەقام . شایەنی باسە ئەم شێوازە ناڕەزاییە بۆ یەکەم جار لە ئەڵمانیای رۆژئاوا لە هەشتاکان و بەر لە داڕمانی دیواری بەرلین بەدی کراوە ، دواتر لە ساڵی 1999 ئەم دا ئەم بزووتنەوە و رەوتە رەشپۆشانە لە جموجۆڵ و پێکهاتە ئەنارشیەکان نزیکن ، ئەوانەی پەنابردن بۆ توندوتیژی بە شێوازێک دەزانن بۆ کاری سیاسی . کەسێک بە ناوی جولیان کە یەکێکە لە ئەندامانی ئەم بزووتنەوەیە ، لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کەنالی تەلەفزیۆنی نێل سی ئەی دەڵێ : توندوتیژیی دەنگ و ناڕەزاییمان دەگەیەنێتە شوێنی مەبەست . ئەگەر 10 هەزار کەس خۆپیشاندانی ئاشتیانە ئەنجام بدەن ، ئەو کاتە میدیاکان تەنیا هەواڵێکی کورتی لەبارەوە ئامادە دەکەن ، هەروەها دەڵێ: لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە باس لە یەلەگ زەردەکان دەکرێ لەبەر ئەوەی پشت بە توندوتیژیی دەبەستن .

بۆچوونێکی دیکە

گیۆم ڤاردی، شارەزا لە بواری ئەمنی و وانەبێژ لە بواری زانستە سیاسیەکان دەڵێ : دەمامکدارە رەشپۆشەکان بزووتنەوەیەکە و چەندین دەیەیە بوونی هەیە ، بەڵام یەلەگ زەردەکان بریتیە لە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی تازە و لە مانگی نۆڤەمبەری 2018 سەری هەڵداوە. کەواتە لە بنەڕەتدا یەلەگ زەردەکان بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیە ، بەڵام دەمامکدارە رەشپۆشەکان بە گوێرەی پلانی داڕێژراو کار دەکەن و لە رێگەی پەنابردن بۆ توندوتیژییەوە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی شەقام دەدەن .

خاڵێکی گرنگی وەرچەرخان

ئەم شارەزایە تێبینی ئەوەی کردووە کە لە سەرەتای ساڵی 2019دا دروشمەکانی خۆپیشاندەرانی فەرەنسا لە داواکاریی چاوخشاندنەوە بە سیاسەتە ئابووریەکان گۆڕاون بۆ نەبوونی یەکسانی کۆمەڵایەتی و رەتکردنەوەی ئەو توندوتیژییەی پۆلیس لە دژی خۆپیشاندەران بەکاری دێنێ ، ئەمانەش دوو بابەتی سەرەکی نێو ئایدیۆلۆژیای دەمامکدارە رەشپۆشەکانن . لە راستیدا ئەمە خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگە ، بە رادەیەک ئێستا بوونی ئەو دەمامکدارانە لەنێو خۆپیشاندانەکانی یەلەگ زەردەکان زووی لە زیادبوون کردووە . ڤاردی دەشڵێت : بەم دواییانە یەلەگ زەردەکان هەوڵی لاسایکردنەوەی دەمامکدارە رەشپۆشەکان دەدەن و لە پێناوی ڕووخاندنی دەسەڵات پەنا دەبەنە بەر توندوتیژیی ، بەڵام مەرج نیە ئەم هەوڵانە لە هەموو حالەتێکدا سەرکەوتن وەدەست بێنن ، بەو پێیەی ئەم گرووپانە ناگەنە ئاستی رەوت و گرووپەکانی ڕێکخراوەکان.

لە نێوان دەمامکدارەکان و تێکدەراندا

ماوەی چەند مانگێکە هەموو رۆژانی شەممە ، هەزاران کەس لە ئەندامانی یەلەگ زەردەکان هەڵدەڕژێنە سەر شەقامەکانی فەرەنسا و ناڕەزایی بەرامبەر بە سیاسەتەکانی حکومەتی ماکرۆن دەردەبڕن ، لەو ماوەیەشدا فەرەنسا چەندین کردەوەی وێرانکاری و دزی و تێکدانی مولکی گشتی بەخۆیەوە بینیوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونەکان بەو ئاراستەیەن کە مەرج نیە ئەم وێرانکاریە لەلایەن دەمامکدارە رەشپۆشەکانەوە ئەنجام درابێ ، بەڵکو لەنێو خۆپیشاندەراندا ژمارەیەک گرووپی تێکدەر و گێرەشێوێن هەن ئەم جۆرە کارانە ئەنجام دەدەن ، پێشبینیش دەکرێ ئەوان پەیوەندیان بە پارت و گرووپە راستڕەوە توندئاژۆکانەوە هەبێ .

دەمامکدارە ئەوروپییەکان

دیمەنی نێودەوڵەتی ئەوان ، سیمایەکی دیکەی دەمامکدارە رەشپۆشەکانە . بەر لە ئەنجامدانی ناڕەزاییەکانی رۆژی کرێکاران ، دەسەڵاتدارانی فەرەنسا رایانگەیاند کە پێشبینی دەکەن نزیکەی 2000 دەمامکدار لە فەرەنسا و سەرجەم وڵاتانی دیکەی ئەورووپا ئامادەی خۆپیشاندانەکان بن ، بەڵام دواتر دەرکەوت کە ژمارەی ئەوان زۆر لەوە کەمترە . لەو رۆژەشدا هێزە ئەمنیەکانی فەرەنسا ژمارەیەک هاوڵاتی ئسپانی و ئەڵمانیان دەستگیر کرد ، لەو بارەوە شارەزایەک دەڵێ : دەستگیرکراوان هەمان ئەو کەسانەن کە بەشداریی ناڕەزاییەکانی جەنەوا (بەرێوەچوونی لوتکەی گرووپی هەشت لە ساڵی 2011) یان کرد. ئەوان راهاتوون لەسەر جەختکردنەوە لەسەر کۆنگرە نێودەوڵەتیە گەورەکان ، بەڵام ئێستا خەریکە خۆیان دەخزێننە نێو خۆپیشاندانە ئاساییەکانیش .

زانیاریی زیاتر

بە بلاک بلۆکیش ناودەبرێن و لە کاتی بەشداربوون لە خۆپیشاندانەکاندا جلی رەش دەپۆشن و دەموچاویان بە ماسک و چاویلکە و کڵاوی شوفێری ماتۆرسکیل و شتی رەشی تری لەو بابەتە دەشارنەوە.

هەمیشە هەوڵ دەدەن خۆیان وەک یەک گرووپ پیشان بدەن و بەبەردەوامی لە نزیک یەک دەبن.

لە زۆربەی حالەتەکاندا پەنا بۆ تونددوتیژیی و تێکدان و سوتاندنی گەلوپەلی گشتی دەبەن، هەندێک جاریش هەوڵی چارەسەری بریندارانی نێو خۆپیشاندەران دەدەن .

یەکەم جار لە ساڵی 1980 لە ئەڵمانیا دەرکەوتن و هەڵڕژانە سەر شەقامەکانی زۆرێک لە وڵاتانی ئەورووپا بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە چەکی ئەتۆمی و پیسبوونی ژینگە و بابەتی دیکە.

مانشێت



سکای نیوز:
چەند بەرپرسێکی ئەمەریکی داوایان لە تورکیا کرد هەوڵەکانی بۆ گەڕان بەدوای دۆزینەوەی نەوت و گاز لە نزیک کەناراوەکانی قوبرس بوەستێنێ و رایانگەیاند ئەمە هەنگاوێکی نایاساییە .



سی ئێن ئێن:
جۆن بۆلتۆنی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا رایگەیاند کە وڵاتەکەی هێزێکی زۆری ڕەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە و هەر هێرشێکی ئێران بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی ئەمەریکا وەڵامی توندی دەبێ .



ئەلجەزیرە:
ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو لەبەردەم بارەگایەکی پۆلیس لە ڕۆژهەڵاتی ئەفغانستان تەقیەوە و لە ئەنجامدا **40** کەس بریندار بوون .



رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا ، مەکدۆنیەکان رووبان کردە سندووقەکانی دەنگدان .



دۆیچە ڤیلە:
دوای تەقینەوەکانی سریلانکا ، حکومەتی ئەو وڵاتە **200** پیاوی ئاینی دوور خستەوە .



کەنالی ئارتی:
دەزگای ئێف بی ئای ئەمەریکی کەسێکی دەستگیر کرد کە چەند جارێک هەڕەشەی کوشتنی کۆشنەری زاوای ترامپی کردبوو .



چەمکی سیاسی

سەرمایەداری

سیستمێکی کۆمەڵایەتی ئابووریە و پەیوەستە بە ئازادی تاک لە کۆمەڵگەی سیاسیدا ،بۆ ئەوەی بە گوێرەی خواستی خۆی بەدوای بەرژەوەندیە ئابووری و داراییەکانیدا بگەڕێ و زۆرترین قازانجیشی پێ ببڕێت. لە زۆربەی حالەتەکانیشدا شێوازەکانی دەستەبەرکردنی ئەم قازانجە پێچەوانەی بەرژەوەندی زۆرینەی تاکەکانی نێو کۆمەڵگان. بە واتایەکی تر .. لە سایەی سیستمی سەرمایەداریدا ، تاکی نێو کۆمەڵگا خاوەنی بڕێکی زۆری ئازادیە لە هەڵبژاردنی کاری ئابووری و سەرمایەگوزاری لە پێناوی تێرکردنی خواستە کەسێتیەکانی خۆی. بۆیە ئەم چەمکە زیاتر بەوە پەیوەست کراوە کە پێی دەڵێن سیستمی ئابووری ئازاد.

درەختی ئەسپیندار



درەختی ئەسپیندار populous لە خێزانی داری چنار و بی یە. گەلاکانی زوو دەوەرێت و دارەکە بە خێراییەکی زۆر گەشە دەکات و گەورە دەبێت. گوڵەکانی درەختی ئەسپیندار تاکن واتە نێرە و مێیە لە دوو شوێنی جیاوازن لە بەشی سەرەوەی دارەکە دەردەکەون، گوڵەکان لە کۆتایی مانگی ئادار تاکو مانگی مایس بە پێی ناوچەکان پێدەگەن. درەختی ئەسپیندار سوودی ئابووری زۆری هەیە و لەتەمەنی 20-15 ساڵیدا تۆو و بەرهەمی دەبێت. ئەسپیندار لە زۆربەی وڵاتانی جیهان و دەوروبەری دەریای ناوەڕاست و عێراق و کوردستان لە بەرزاییەکانی 2000 مەتر لە سەر ڕووی دەریا دەچێنرێت. ئەو دارە لە هەموو خاکێکدا دەڕوێت و بەرگەی زەوی شۆرەکاتیش دەگرێت، قەدی زۆری هەیە و دارەکەی سووکە و بڕینی ئاسانە بۆ کاری دارتاشی دەستدەدات. ئەسپیندار چەند جۆرێکی هەیە وەک (ئەسپیندارى ڕەش و ئەسپیندارى سپى و ئەسپیندارى لێکدراو). دارى ئەسپیندار ئاوى زۆرى پێویستە بۆیە دەبێت لە نزیک سەرچاوەکانى ئاو بچێندرێت وەک ناوچەى بارانى مسۆگەر و ئاوى ژێر زەوى بەرز و ئاوى کانى و ڕووبارەکان و پڕۆژەکانى ئاودێرى. درەختى ئەسپیندار زۆر جار وەک باگیرەوە بەدەورى ڕەز و باخەکاندا دەچێندرێت.

باشترین ڕێگا بۆ چاندنی ئەسپیندار قەڵەمە (قاشو) کە درێژی قەڵەمەکە لە نێوان 25-20سم بێت و ئەستووریەکەشی 2-1 سانتیمەتر بێت لە لقێک وەردەگیرێت کەتەمەنی لە 1 ساڵ کەمتر نەبێت، قەڵەمەکە لەسەر خەت و دێراوەکاندا دەچێنرێت (دوچەقێنرێت)بەدووری 50سم لەیەکتر و دەبێت دووری نێوان خەتەکان نزیکەیی 1 مەتر بێت، لەسەرەتای چاندندا زەویەکە دەکێڵدرێت بەقووڵایی 20-30 سم بۆ ئەوەی زەویەکە پاک بکرێتەوە لە گژوگیا زیانبەخشەکان.

بۆ ئەوەی لە ڕۆژانی ڕەمەزان هەست بە تێنوێتی نەکرێت



هەستکردن بە تێنوێتی لە مانگی ڕەمەزاندا زیاد دەکات بە تایبەت لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و درێژبوونەوەی کاتژمێرەکانی بەرۆژوو بوون، لەو بارەیەوە شارەزایانی خۆراک و تەندروستیی ژمارەیەک لە ئامۆژگاری و ڕێنمایی پێشکەشدەکەن بۆ کەمکردنەوەی هەستکردن بە تێنوێتی لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا، یەکێ لەو ڕێنمایانە خواردنی میوە و سەوزەیە لە کاتی پاشیودا بەو پێیەی ئەو خۆراکانە بڕێکی گرنگ لە ڕیشاڵ و ئاویان تێدایە کە ماوەیەکی زیاتر لە ریخۆڵەکاندا دەمێنەوە.

ئەوەو پێویستە دوورکەوینەوە لەو خۆراکانەی ڕێژەیەکی بەرزیان لە بەهارات و کاری تێدایە بەتایبەتی لە پاشیواندا چونکە پێویستی جەستە بۆ ئاو زیاد دەکات. لە هەمانکاتدا ئامۆژگاری بەرۆژووبووان دەکەن کە دوورکەونەوە لە چالاکییە وەرزشییە قورسەکان، هەروەها ئاوی زۆر بخورێتەوە، تا بکرێت ژەمی پاشیو دوابخرێت باشترە.

خۆراکی تەندروست لە مانگی ڕەمەزاندا

بۆ ئەوەی بە ڕێگایەکی ئموونەیی سوودی تەندروستیی لە ڕۆژوو گرتن وەربگرین پێویستە بزانین باشترین شێوەی خۆراک خواردن ئەوەیە کە پاڵەپەستۆ ناخاتە سەر گەدە و بە ماوەیەکی درێژدا خۆراکەکە بخورێت تا گەیشتن بە ڕادەی تێربوون. بۆیە لە بەربانگدا باشتر وایە بە خورما یان بە کەمێک ئاو بە مەرجێک بەفراو نەبێت دەست پێبکرێت، پاشان شۆربایەکی گەرم بخورێتەوە بۆ چالاککردنی خانەکان و قەرەبووکردنەوەی ئاوی بەکارهاتوو. باشتر وایە کەسی بەرۆژوو نوێژەکەی بکات پێش خواردنی ژەمی سەرەکی، ئەو چەند خولەکە دەرفەتێکی باشە بۆ ئاگادارکردنەوەی گەدە و ڕێگادان بە هەڵمژینی ئاو و شکرەکان.

پێویستە ژەمی بەربانگ سەرجەم ماددە خۆراکییەکانی وەک کاربۆهێدرێت و پرۆتین و ڤیتامین و خوێی کانزایی تێدابێت.

ئەگەر ژەمەکە لە گۆشت (ئاژەڵی و باڵندە و ماسی) پێکهاتبوو باشترە بە شێوەی کوڵاو ئامادەکرا بێت، چونکە سوورکردنەوە لەنێو ڕۆندا کرداری هەرسکردن لە گەدەیەکی بەتاڵ ئاڵۆز دەکات، هەروەها نابێ خۆراکەکە بەهارات یان چەوری زۆر بێ بۆ ڕێگاگرتن لە قەڵەوی و ڕەقبوونی خوێنەبەرەکان. لە هەمانکاتدا پێویستە زەلاتە یەکێ لە پێکهاتەی ئەو ژەمە بێت چونکە ڤیتامین و خوێی کانزایی تێدایە هەروەها ئازاری گەدە نادات.

زێدە ڕۆیی لە خواردنەوەی ئاو لە کاتی نانخواردندا باش نییە، تەنها خواردنەوەی یەک پەرداخ ئاو تەندروستە، بەڵام دوای 2 -3 کاتژمێر دەکرێت بە پێی ئارەزوو ئاو بخورێتەوە بە بڕی ویستراو بە مەرجێک ئاوەکە زۆر سارد نەبێت چونکە ئاوی زۆر سارد دەبێتە هۆی کرژبوونی ملولەکانی خوێن و لە ئەنجامدا کرداری هەرسکردن دوا دەکەوێت.



پێڤیستی ڕەز و باخ بۆ ئاو



ڕەز وباخی تازە دروستکراو لە ساڵی یەکەمدا پێویستە ئاودانی کەمی بۆ بکرێت و ماوەی نێوان ئاودانەکان زیاد بکرێت بۆ ئەوەی دەرفەت بدرێت بە دروستبوونی ڕەگی تازە و باڵاوبوونەوەی لەنێو خاکدا کە ئەمەش دەبێتە هۆی جێگیربوون و توند وتۆڵبوونی نەمامەکە لە نێو خاکدا، بەڵام لە ڕەز و باخە کۆنەکاندا نابێت زیاد لە پێویست ئاو بدرێت لە کاتی گوڵ کردندا واتە لە کۆتایی ئادار و نیساندا. لەماوەی گۆپکەکردنی یەکەم تەنیا لەکاتی پێویست باخەکە ئاودەدرێت و ماوەی نێوان ئاودانەکان زۆر دەبێت تا ئەو کاتەی گۆپکەکردن تەواو دەبێت و بەری میوەکەش گەورە دەبێت، چونکە ئاودانی زۆر دەبێتە هۆی کەوتنی گوڵ و بەری دارەکە لە ئەنجامدا بەرهەم کەمدەبێت بۆیە پێویست لە چواردەوری درەختەکە حەوزێک دروستبکرێت بۆ ئاودان و هەرگیز نابێت ئاوەکە ڕاستەوخۆ بەر قەدی ژێرەوەی دارەکە بکەوێت بەتایبەتی لە داری قەیسی و خۆخ ئەوەش بۆ دووڕکەوتنەوە لە نەخۆشی کەتیرە دەرکردن (التصمغ) لەوەرزی هاوین و گەرمادا بڕی ئاوی بەکارهاتوو بۆ ئاودان زیاد دەکرێت و ماوەی نێوان ئاودانەکان کەمدەکرێتەوە، باشتر وایە ئەو کردارە بەیانیان زوو یان ئێوارانە ئەنجامبدرێت بێ ئەوەی زیادەڕەوی لە بەکارهێنانی ئاو بکەین.

سوودێکی دیکەی گوێز

تاکو 60 ساڵ بوو لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەشداربوون، بارودۆخی تەندروستییان کەوتە ژێر چاودێری بۆ ماوەی یەک مانگ دوای ئەوەی دەستیان بە خواردنی گوێز کرد بە شێوەیەکی ڕێکوپێک. ئەنجامەکان ئاماژەیان بە دابەزینی هەستپێکراوی پاڵەپەستۆی خوێن دەکرد لە لایان ڕێژەیەکی زۆری بەشداربووان.

(کریس) ئامۆژگاری دەکات کە خواردنی گۆشتی سووری چەور و بەرهەمەکانی شیرەمەنی چەوری بەرز کەمبکرێتەوە و داوادەکات ڕێژەی گوێز زیاد بکرێت لە سیستەمی خۆراکیدا بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشییەکانی دڵ و پاڵەپەستۆی خوێن.

لێکۆڵینەوەیەک کە لە ژمارەی مانگی ئایاری گۆڤاری کۆمەڵەی دڵی ئەمەریکی بڵاوکراوەتەوە، دەریدەخات ئەو کەسانەی گوێز یەکێ لە پێکهاتەکانی سیستەمی خۆراکییانە کەمتر تووشیی نەخۆشییەکانی دڵ و پاڵەپەستۆی خوێن دەبن.

(بینی کریس ئیستۆن) شارەزای بواری خۆراک لە زانکۆی (بین ستێت) دەڵێ: لێکۆڵینەوەیەکمان لەسەر ژمارەیەک کەس ئەنجامدا ئەوانەی گوێزیان لە سیستەمی خۆراکیدا دەخوارد، بۆمان دەرکەوت تەندروستیی دڵیان زۆر باشترە لەوەی چاوەڕوان دەکرا.

بە گوێرەی قسەکانی (کریس) ڕۆنی ئۆمیگا 3ی ڕووەکی کە



پیاز بۆ دابەزاندنی کێش

پیاز یەکێ لەو خۆراکانەیە کە دەوڵەمەندە بە ڤیتامین C کە هاوکارە لە باشکردنی بەرگری جەستە و لە هەمانکاتدا پیاز توخمی (کرۆم) ی تێدایە کە شەکرەی خوێن ڕێکدەخات، هەروەها پیاز بۆ کەمکردنەوەی هەوکردن و چارەسەری بەکار دێت.

پیاز هەندێک ماددەی تێدایە خوێنبەرەکان لە ڕەق بوون دەپارێزێت و سووڕی خوێن بە تایبەتی لە خوێنبەری تاجی کە هۆکارە بۆ جەڵتەی دڵ چالاکدەکات. ئەوەش

6 سوودی پیازە:

یەکەم: پیاز بە سوودە بۆ بەرهەڵستیکرد نی قەڵەوی و کەمکردنەوەی کێش، چونکە خوێ لە خوێن و شانەکان دەردەکات و بارستەی ماسولکەکان زیاد دەکات.

دووەم: ڕۆڵێکی باڵا دەبینێت لە باشکردنی کۆئەندامی هەرس و کردارەکانی گۆڕینی خۆراک و مژینی و لە هەمانکاتدا کاردەکات بۆ دەردانی ئەو ژەهرانەی لە جەستەدا کۆبۆتەوە بۆ دەرەوە.

سێیەم: ڕێژەیەکی بەرزی لە ئاو تێدایە.


چوارەم: پیاز هاندەرە بۆ دەردانی ئاوێتەی گۆگردی سیسیتین کە دژە قەڵەوییە.

پێنجەم: باشترین پێکهاتەی تفتە کە هانی میزکردن دەدات.

شەشەم: بەسوودە بۆ هەستکردن بە تێری و کەمکردنەوە لە قەبارە و ژمارەی ژەمەکان، چونکە دەوڵەمەندە بە ریشاڵ و ئاستی چەوری سێیانە و کۆلیسترۆڵی زیابەخش کەم دەکاتەوە.

ئەمشەو ئەنفیڵد هەڕەشە لە خەونەکانی بەرشلۆنە دەکات

لیڤەرپوول بەرابەرایەتی کلۆپ دەیەوێ ریمۆنتادایەکی تر لەسەر یاریگاکەیان تۆماربکەن



هاوار مورتکەیی


کاتژمێر 10ی ئەمشەو بەکاتی هەولێر و لەیاری گەڕانەوەی پێش کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، یانەی لیڤەرپوول لەسەر یاریگای ئەنفیڵد میواندارای یانەی بەرشلۆنە دەکات، کە لەیاری چووندا بەرشلۆنە بە ئەنجامی 0-3 گۆڵ لێی بردبۆوە و هەنگاوێک لە یاری کۆتایی نزیک بۆوە.

دەگێڕنەوە دەڵێن ئەوکاتەی بیل شانکلی سکۆتلەندی راهێنەری پێشووی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی بوو، زۆر بڕوای بە یاریگای ئەنفیڵدی تایبەت بە یانەکەیان هەبوو، باس لەوە دەکرێت کە چەندین یاریی یەکلاکەرەوەی لەسەر ئەو یاریگایە و بە درێسی سوور لەبەرژەوەندی حۆیان وەرگێڕاوەتەوە، هەمیشە یاریگای لیڤەرپوول جیاواز بووە لە یاریگاکانی تر و یانەکان حسابێکی تایبەتی بۆ ئەو یاریگایە دەکەن، چونکە مێژووی ئەنفیڵد شایەدی رووداوەکان دەدەن.

بۆیە جێی حۆیەتی یۆرگن کلۆپی ئەڵمانی و راهێنەری لیڤەرپوول لەیاریی گەڕانەوەی ئەمشەویاندا بەرامبەر بەرشلۆنەدا بتوانن ریمۆنتادا تۆماربکەن و ئەنجامەکە لەبەرژەوەندی لیڤەرپوول کۆتایی پی بهێنن، هەموان ئەو ریمۆنتادایەیان لەبیرە کەبەرامبەر بروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی ئەنجامیاندا، کاتێک بروسیا دۆرتمۆند بە 3 گۆڵ لەناو یاریگای خۆی لێی بردبۆوە، بەڵام لەیاری گەڕانەوەی چارەگی پێش کۆتای جامی یەکێتی ئەوروپا، لیڤەرپوول توانی ریمۆنتادا لەسەر یاریگای ئەنفیڵد تۆماربکات کاتێک بە 4 گۆڵ یارییەکەی بردەوە، بۆ زانیاریش 3 گۆڵی دوایی لە ماوەی نێوان 66و 91ی یارییەکە تۆمارکران.

لەوەرزی رابردوو هەمووان ئەو یارییەمان لەبیرە کە لیڤەرپوول لەناو یاریگای ئەنفیڵد چ دەردێکی کوشندەی دایە یانەی سپارتاک مۆسکۆ لە پاڵەوانێتی خولی یانەپاڵەوانەکانی ئەوروپا، کاتیک لیڤەر بە 7 گۆڵ لێی بردەوە، کە گۆڵەکانیش کۆتینهۆ و سادو مانی و محەمەد سەلاح تۆماریان کرد، لیڤەرپوول مێژوویەکی دیاری لەسەر یاریگای خۆی هەیە، لەوانە بەرامبەر یانەکانی مانچستەر سیتی و ڕۆما و ماربێڕی سلۆڤینی.

ئەو ژمارانە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە یانەی لیڤەرپوول لەیاریەکەی ئەمشەویاندا لە توانیاندا هەیە مەحال دروست بکەن و ریمۆنتادادا بەسەر بەرشلۆنەدا تۆماربکەن و بیسەلێنن کە ئەنفیڵد ئەو یاریگایەیە کە هەمیشە ئینگلیزەکان بروایان پێی هەبووە، بۆیە میدیاکانی ئینگلیزی ئەو چەند ڕۆژە ئاماژە بە ریمۆنتادایەک دەکەن لەویاریەی کە بەرشلۆنە دەیێتە میوانی.



ئایا مەحەمەد سەلاح ئەمشەو یاری دەکات؟

مقۆ مقۆیەکی زۆر هەیە کە مەحەمەد سەلاح لە یاریەکەی ئەمشەویان بەرامبەر بەرشلۆنە یاری نەکات، چونکە پزیشکان لە ئینگلتەرا داوایان لە مەحەمەد سەلاح کردووە کە پێویستە 6 ڕۆژ پشوو وەرگرێت، لەلایەکی دیکەوە میدیاکان لە ئیسپانیا پێچەوانەی ئەو هەواڵەوە ئاماژە بۆ بەشداریکردنی سەلاح دەدەن لەو یاریەدا.

ڕۆژنامەی ئاسی ئیسپانیا لە ژمارەی دوێنێیدا لە لاپەڕەی یەکەم بە مانشێتیکی گەورە نوسیویەتی : ئەگەری زۆر هەیە سەلاح ئەمشەو یاری بکات.

دۆستەکەی ریال مەدرید یاریەکەی لیڤەرپوول و بەرشلۆنە بەڕێوەدەبات



یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی بۆ بەڕێوەبردنی یاریبەکەی ئەمشەوی نێوان لیڤەرپوول و بەرشلۆنە دەستنیشان کردووە، کە لەیاری گەڕانەوەی پێش کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بەیەک دەگەن. بەگوێرەی ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتالۆنی، کە ئەو ناوبژیوانە تەمەن 42 ساڵەی بە دۆستی یانەی ریال مەدرید وەسف کردووە، ڕۆژنامەکە ئەوەشی درکاندووە کە ئەو ناوبژیوانە مێژوویەکی تاڵی لەگەڵ بەرشلۆنەدا هەیە.

مەزن محەمەد: خوازیارم یەکێتی تۆپی پێی کوردستان ڕێگەچارەیەک بۆ ئەو یانانە بدۆزێتەوە کە ئامادەی یاریی نابن



دیمانە: سەرهەنگ نەجمەدین

ساڵانە یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان خولی فوتساڵ بۆ یانەکانی کوردستان ئەنجام دەدات، ئەمساڵیش ئەم یەکێتییە بەخۆشحاڵییەوە دەستی بەئەنجامدانی چالاکییەکانی خۆی کرد بەپێچەوانەوەی هەموو یەکێتییە وەرزشییەکان کە توانای بەرێوەبردنی خولێکی بچکووکیان نەبوو جا بەهۆکاری قەیرانی دارایی و یاخود نەبوونی بوودجەی پێویست بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانیان، سەبارەت بەبەرێوەچوونی خولی فوتساڵی کچانی کوردستان و تیشک خستنە سەر چۆنییەتی بەرێوەچوونی خولەکە، مەزن محەمەد ڕاهێنەری تیپی فوتساڵی چۆمان بۆ خەبات ڕایگەیاند: دەستخۆشی لەئەندامانی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان دەکەم کەساڵانە سەرجەم خولەکانی کوردستان لەسەر هەموو ئاستەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ئەنجام دەدات، بەتایبەتی خولی فوتساڵ کەخولێکی زۆر سەرکەوتووە کەهەموو ساڵێک بۆ تیپەکانی کچانی کوردستان ئەنجام دەدرێت، لێرەدا کێشەیەکی هونەری هەیە لەبەرێوەبردنی خولەکە، بێگومان خولەکە بەسەر دوو کۆمەڵە دابەشکراون ، تائەم کاتە هەشت گەڕ لەیاریەکان بەرێوەچووە، 3یانەی سەرووی کۆمەڵەکەی یەکەم هەر هەموان بەخاڵ لەیەکدی نزیکن، بەتایبەتی کاتێک کەخاڵەکان هاوسەنگ دەبن ئەوکات زۆر گۆڵا تۆمار کردن دەبێتە فاکتەری پێشخستنی تیپەکە بەسەر تیپەکانی دیکە، بەڵام ئەوەی ئێمەی نیگەران کردووە هەندێک یانە ئامادەی یاریبەکان نابن جابەهەر هۆکارو بیانوەک بێت، ئەوکات تیپی بەرامبەر بەئەنجامی 0 - 5بەبراوە بۆی هەژمار دەکرێت، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە یانە هەیە نزیکەی 15 گۆڵ لەیاریبەک تۆمار دەکات، بەڵام کاتێک ئەو یانەیە کە بەرامبەر تیپەکەی دەکەوێت بۆ یاری کردن، ئەوا ڕاستەوخۆ ئامادە نابێت و تەنها بردنەوەو 5 گۆڵەکە بۆمان هەژماردەکرێت، ئەمەشیان بەزەردەی تیپەکەی ئێمە دەشکێتەوە، ئەگەر ئەو یانەیە ئامادەی یاریبەکە بێت بەئەنجامی زیاتر لە 10 گۆڵ یاریبەکە ببەمەوە، ئەوا گۆڵەکان بۆ ئێمە دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ هەژمار کردنی خاڵ و گۆڵەکان لەکاتی هاوسەنگ بوونی ئەنجام و خاڵی یاریبەکان، بۆیە ئامادەنەبوونی هەندێک لەیانەکان لەقازانجی یانەیەک دەبێت و بەزەردەی یانەیەکی دیکە دەشکێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە هیوادارم ئەو گرفتە لەلایەن یەکێتی ناوەندی کوردستان بەزووترین کات چارەسەر بکرێت.

هەر لەبارەی ئامادەنەبوونی هەندێک تیپ لەکاتی یاریبەکان بۆ ئەم مەبەستە ڕاهێنەر مەزن محەمەد گوتی: هەندێک تیپ هەیە توانای سەفەرکردنیان بۆ شارێکی دیکە نییە، ناچاردەبن بیر لەوە دەکەنەوە کە یاریبەکە ئەنجام نەدەن و تەنها بڕی 300 هەزار دینار وەک بژاردن بدەنە یەکێتی ناوەندی کوردستان لەبەرامبەر یاری نەکردنیان ، ڕوون وئاشکرایە یانەکان لەکاتی گەشت کردنیان سێ هێندە و بەڵکو زیاتر خەرجی و مەسروفاتیان تێدەچێت ، بۆیە یانەکان بیریان لەوە کردۆتەوە بژاردنی بڕی 300 هەزار دیناڕەکە باشترین چارەسەرە بۆ خۆ دزینەوە لەیاری و خەرجی ومەسروفاتی یاریبەکە، خوازیارم لەیەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان ئەم گرفتە زوو چارەسەر بکات و چیتر قبوڵی ئەوە نەکات یانەکان بەئارەزووی خۆیان و بەئەنقەست یاریبەک ئەنجام بدەن و یاریبەکەک ئەنجام نەدەن.

پاڵەوانێتییەکی کلاسیکی هێزی لەش بۆ لاوان لە کەرکوک بەرێوەچوو



خەبات: ئارام شێرکۆ

چالاکییە وەرزشییەکان لە شاری کەرکووک بەردەوامن هەرچەند بەهۆی قەیرانی دارای و ڕووداوەکانی پاش 16ئۆکتۆبەر کاریگەری زۆر هەبوو لە سەر هەموو تاکیکی شاری کەرکووک، بەڵام وەرزشوانان کۆڵیان نەداو بەردەوام بوون چالاکی وەرزشی جۆراو جۆریش کراوە لە شارەکە، هەر لە چوارچێوەی ئەو چالاکییە وەرزشیانەی یەکێتییە وەرزشییەکانی کەرکوک و بە هاوکاری نوێنەرایەتی کەرکوکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان ، پێرێ کۆتایی هات بە پاڵەوانێتی کلاسیکی هێزی لەشی هۆڵە وەرزشییەکانی کەرکوک بۆ لاوان .

یەکێتی هێزی لەشی کەرکوک و بە بەشداری 44 یاریزانی (9) هۆڵی وەرزشی و لە هۆڵی (ئەبتالێ عێراق) ئەنجامی دابوو ، ئەنجامی پاڵەوانیتیەکە بەم شێوەی لای خوارەوە بوون :

کێشی 53کگم / سەیف بورهان لە هۆڵی کوردستان پلەی یەکەم

کێشی 59کگم / ئەرکان سەرتیپ لە هۆڵی سەرتیپ پلەی یەکەم

کێشی 66کگم / عەلی مەتەر لە هۆڵی (عالمی) پلەی یەکەم

کێشی 74کگم / کاروان فاخر لە هۆڵی (عالمی) پلەی یەکەم

کێشی 83کگم / محەمەد فەلاح لە هۆڵی (عالمی) پلەی یەکەم

کێشی 93کگم / یاسر عەبد لە هۆڵی (عالمی) پلەی یەکەم

کێشی 105کگم / مەحمود محەمەد لە هۆڵی (ئەبتالێ عێراق) پلەی یەکەم

کێشی +120کگم / ئەحمەد شێرزاد لە هۆڵی (ئەبتالێ عێراق) پلەی یەکەم

ئەنجامەکان لە سەر ئاستی تیپ :

هۆڵی (عالەمی) پلەی یەکەم 55 خاڵ

هۆڵی (ئەبتالێ عێراق) پلەی دووەم 49 خاڵ

جەنگیز ڕشید سەرۆکی یەکێتی هێزی لەشی کەرکوک سەبارەت بە پاڵەوانیتیەکە گوتی: پاڵەوانێتییەکە بۆ لە دایکبووانی 1996 بەرەو سەرەوە بوو و تایبەت بوو بە یاریزانانی هۆڵە وەرزشییەکانی کەرکوک کە یاری لەش دەکەن ، ئەمە یەکەمین جارە پاڵەوانێتی هێز لەش لە سەر ئاستی هۆڵە وەرزشییەکانی کەرکووک ئەنجام دەدرێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە دەرفەت بڕەخسێنین بۆ ئەو یاریزانانەی لە ریزی یانەکان یاری ناکەن"

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیلی:
reklam@xebat.net
بەشی تاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
The, 7. Apr. 2019 No: (5744)
ناوبنیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

یەکەم فیستڤاڵی شانۆی کەرکوک، خولی (جیهاد دڵپاک) کۆتایی هات


دیمەنی یەکێک لە شانۆکانی فستیڤاڵ



د.کەیفی ئەحمەد

نەتەوەی کورد وەکو هەر نەتەوەیەکی دیکەی خاوەن پێشینە و میژوو چەندین بۆنە و ڕێورەسم و فیستڤاڵی لە بواره جیاجیاکاندا هەبووە و ئێستاش بەردەوامیان هەیە، بواری شانۆش وەکو بواریکی زیندوو و حیساب بۆکراو خاوەنی چەند فیستڤاڵێکە، وەکو شانۆی مۆنۆدراما و شەقام و هۆڵ، دیاره شارەکانی هەرێمی کوردستان کەم تا زۆر ئەو چالاکیانەیان هەیە، کەرکوکیش پێشتر یەکێک لەو فیستڤاڵانەی پێکهێناوە و چەند ساڵێکە خزمەتی بواری شانۆیی پێدەکات، ئەویش شانۆی شەقامە، بەڵام بۆ شانۆی هۆڵ هیچ فیستڤاڵێکی نەبوو، بۆیە هونەرمەندە دڵسۆز و لێهاتووەکانی ئەو شاره هەستیان بە پێویستیی و گرنگی ئەو جۆرەی فیستڤاڵ بۆ شانۆ کردووە و لەو پێناوەدا کەوتوونەتە پلان و بەرنامە دانان و ڕاوێژکردن لەگەڵ یەکتری و دەزگاکانی دیکە تا لە کۆتاییدا گەیشتن بە بڕیاری خۆیان و لە کۆتایی ساڵی 2018 لەدایکبوونی فیستڤاڵی شانۆی کەرکوکیان ڕاگەیاند و کاتی سازدانی یەکەم فیستڤاڵیان ڕاگەیاند کە 1 بۆ 4/5/ 2019 بوو هەروەها ئەنجومەنی باڵای فیستڤاڵ و سەرۆکی فیستڤاڵیان بەم شێوەیە هەڵبژارد. بەڕێز (شکۆ عومەر کاکە ڕەش) سەرۆکی فیستڤاڵ، بەڕێزان (سیروان بێلانە، مەریوان زەنگەنە، تارق ناسح، محەمەد خدر) ئەندامانی ئەنجومەنی باڵا. بۆ ئەو مەبەستەش کەوتنە ئامادەکاریی لەگشت ئاستەکاندا و لەکات و شوێنی دیاری کراودا فیستڤاڵەکە ئەنجامدرا. لەو فیستڤاڵەدا (8) نمایشی شانۆیی پێشکەشکران، لەگەڵ سازدانی کۆڕی ڕەخنەیی و هەڵسەنگاندن و قسەکردن لەسەر نمایشەکان، هەروەها سازدانی چەند سیمیناریک لەسەر شانۆ، شایانی باسە بەرنامەیەکی چڕ و پڕ و زانستی و بۆ ڕۆژانی فیستڤاڵەکە دانرابوو و بەشێوەیەکی ڕێکوپێک وەکو خۆشی ئەو بەرنامەیە جێبەجێکرا، کاره شانۆییەکانی فیستڤاڵی یەکەمی کەرکو بریتیبوون لە: شانۆیی (دونیا) نووسینی (عەلی زەیدی)، دەرهێنانی ئالان هیوا، بەرهەمی گروپی کاتی هونەری کەرکوک. شانۆیی (سەراب)، نووسینی (دڵشاد مستەفا) دەرهێنانی ڕێبین قادر، بەرهەمی تیپی شانۆی سێکانی کەرکوک. شانۆیی (سکواد)، دەرهێنانی یونس عوسمان، بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی هونەری شانۆی هەولێر. شانۆیی (دینۆ)،، نووسین و دەرهێنانی (مەسعود عارف)، بەرهەمی بەڕێوەبەرایەتی شانۆی دهۆک. شانۆیی (بەرەو ئەستێرەیەکی تر)، ئامادەکردن (یاسین قادر بەرزنجی)، دەرهێنانی ئەژین حەمە نوری، بەرهەمی گروپی ستۆدیۆی ئەکتەر سلێمانی. شانۆیی (لەدایکبوونی زیندان)، نووسین و دەرهێنانی ڕافیار نەوزاد، بەرهەمی گروپی پانتایی والا ژهەڵەبجە. شانۆیی (نحویر)، نووسینی (عەلی زەیدی)، دەرهێنانی عەلی سوبەیح، بەرهەمی گروپی مونتەدای شانۆ- بەغدا. شانۆیی (افتراظ ما حدث فعلا)، نووسینی (عەلی زەیدی)، دەرهێنانی حوسام کریم، بەرهەمی گروپی زانکۆ- بەسرە. دوای هەڵسەنگاندن و تاوتووکردنی نمایشەکان لەلایەن لیژنەی دادوەری فیستڤاڵ ، کە پێکهاتبوون لە (خاتوو گەزیزە) سەرۆکی لیژنە، ئەندامانی لیژنە (مەهدی حەسەن، ڕێباز محەمەد جەزا، عادل حەسەن و کاردۆ محەمەد) خەڵاتەکان بەم شێوەیە دابەشکران، خەڵاتی باشترین ئەکتەری کوردِ بۆ (ئەژین حەمە نوری) سلێمانی، خەڵاتی باشترین ئەکتەری کچ بۆ (شنیا هۆشیار) هەڵەبجەی، خەڵاتی باشترین بەرهەم بۆ شانۆیی (دینۆ) دهۆک. خەڵاتەکانی باشترین سینۆگرافیا و دەرهێنان بۆ شانۆیی (دونیا) کەرکوک و (دینۆ) دهۆک بەهاوبەشی وەرگیرا.



لۆگۆی فیستیڤاڵی شانۆی کەرکوک

تابلۆکانی گوڵ مستەفا هونەردۆستانی خانەقین سەرسام دەکات




خەبات: سەربەست برزۆ

مستەفا فەهمی ئاغا مواراد لەدایکبووی 1999یە و قوتابی قۆناغی چوارەمی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی خانەقینە و چەند ساڵێکە دەستی کردۆتە کاری هونەری و دەیان تابلۆی کێشاوە کە هونەر دۆستانی شارەکەی سەرسام کردووە ، وەک خۆی تایبەت بۆ خەبات وتی چەند ساڵێکە دەستم کردوەتە کاری هونەری و دەیان تابلۆم کێشاوە کە زیاتریان پۆرتریت و وێنەی کەسایەتی کوردن و ، لە چەندین پیشانگای هاوبەشدا بەشداریم کردوە لە ساڵانی رابردوو و ئێستادا ، وێنەکانم بە زەیت و فەحم و ڕەساس و باستیل دەکێشم و ئومێد دەکەم کە هاوکاری بکرێم ئەوەی پیشانگایەکی تایبەتی بکەمەوە. هەروەها گوتی: دەیان تابلۆم هەیە کە هونەردۆستانی سەرسام کردووە و ئێستا لە ئامادەکاریدام بۆ پیشانگایەکی تر.

تایبەتمەندییەکانی پرینتەری داڤێنچی سەرسامت دەکات

هەردەوان:پرینتەری سێ ڕەهەندی واتە 3Dئەگەر گشتگیر بن خزمەتگوزارییەکی گەورە پێشکەش مرۆڤایەتی دەکەن، بەڵام هەتا ئێستاش هەم قەبارەیان گەورەیە و هەم گرانبایین.. کۆمپانیایەکی ناسراوی جیهانی جۆرێک کۆمپیوتەری سێ ڕەهەندی بەرهەم هێناوە کە بە (davinci mini 3d printer) واتە داڤێنچی بچووک ناسراوە. پرینتەری ناوبراو ئاسان ڕادەگوازرێ و کێش و قەبارەی کەمە..پرینتەری ناوبراو پێویستی بە کۆمپیوتەری تایبەت نییە بەڵکو لەسەر ویندۆز10ش دەکرێ ئەرکەکان ئەنجام بدرێن. گەر پرینتەرەکە گشتگیر بێت ئیدی بۆ کەلوپەلەکانی ماڵەوە پێویست بە زۆر شوێن ناکات، بۆ نموونە پێویست ناکات یاری مندالانە لە بازارِ دابین بکەی، بەڵکو لە ماڵەوە دەتوانی بۆیان دروست بکەی.. یان هەندێک کەلوپەلی پێویستی ماڵەوە.. وەک پێداویستیەکانی چێشتخانە و ئیکسسواراتی ماڵەوە.



دیمەنێک لەسروشتی سۆلاف

ڕەشانگ




دڵشاد مستەفا وەسانی
یەکشەمە و چوارشەمە دەینووسێت

یەک هەناسە



ئیسماعیل بەرزنجی
هەمور دووشەمەیەک دەینووسێت



دەریاچەی (گاکا).. بەهەشتێکی شاردراوەی نێو سرووشت لە شاری ئۆردۆی تورکی